# " دەنگ" لە شیعری " کەریم دەشتی" دا

## فازیل شەوڕۆ

*" نالەنالی (نالی) یە وا خەڵقی خستە زەلزەلە،*

*یانەخۆ حەشرە، گونەهکارە وەها هاوارییە؟!* (١)

(نالی)

**پێشەکی:**

**ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:**

"دەنگ" لە شیعری " کەریم دەشتی" دا، شیکردنەوەو لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنێکی ئەدەبی هاوچەرخە، بە پشت بەستن بە ڕێبازەکانی ڕەخنەی ئەدەبی تازەو و میتۆدی سەردەمیانە، بە مەبەستی تاووتوێ کردنی بابەتێکی تەمومژاوی و ئەفسوناوی پڕ لە نهێنی وەک "دەنگ" کە ڕەهاییەکی بێسنووری لە ئەدەب و ژیاندا هەیە، کرۆکی ئەم بابەتەیە.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:**

- هەژاری و دابڕانی ڕەخنەی شیعری تازەی کوردی ، لە شیکردنەوەو قوول بوونەوە بە ناو زاراوەیەکی وەک " دەنگ"، هاندەرو ڕێخۆشکەر بوو، بۆ شکاندنی سەهۆڵبەندانی ئەم ڕێچکەیەو کردنەوەی دەروازە داخراوەکانی بەردەم ئەم جۆرە بابەتە.
- ناساندنی پەیامگر ( خوێنەر، بیسەر، ڕەخنەگر) بە روخسارە جوانییەکەی ( ڕەخنەی ئەدەبی)، بە کاڵکردنەوەو ئاریشت کردنی ڕووە راستەقینەکەی جوانی شیعر، لە ڕێگەی داتەکاندنی تەپ و تۆزی گومان و بژارکردنی زۆڵەگیای هزرو ڕێکخستنەوەی تاجینە گوڵی رۆح و پشکەشکردنی بە چاوی ڕوون و ڕۆشنی پەیامگر.
- ئاشناکردنی خوێنەر بە تازەترین ڕێباز و میتۆدی لێکۆڵێنەوەی ئەدبی سەردەم و دەوڵەمەندکردنی ڕەخنەی شیعری کوردی بە ئەزمونێکی کراوەی بە بڕشتی مەبەست ئامێز، وەک هەوڵێک بۆ چاک کردنەوەی نەوەی دابڕاو لە شیعرو جوانی شیعر ، لەگەڵ روخسارە بەهەشتییەکەی شیعرو تێهەڵچوونەوەی خۆشەویستی لە گەڵ رۆحی شیعری زیندوو دا.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:**

" شۆرشی زانستی زماننناسی تازە ، شۆرشێ شیکردنەوەو کۆمێنت و ڕێبازی تازەیە ، وەک زاراوەو وەک ئامراز." (٢) بۆ پێناسەکردن و والآکردنی دەروازەی " دەنگ" وەک

زاراوە، (ڕێبازی وەسفکردن(Descriptive Method )) بەکارهاتووە. بۆ شیکرنەوەی بابەتە ڕەخنەیەکانی ئەم باسە، ڕیبازی زمانەوانی دەق (Text Linguistics) , وە ڕیبازی زمانەوانی رەخنەی (Critical Linguistics) بەکارهاتووە، لە شوێنی پێویستیشدا ڕەخنەی رۆشنبیری (Cultural Criticism) فەرامۆش نەکراوە."ڕەخنەی رۆشنبیری پێی وایە دەقی ئەدەبی بەشێکە لە چوارچیوەیەکی مێژووی لە گەڵ ڕەگەزە پێکهێنەرە ڕۆشنبیرییەکانی دیکە لە کارلێکردندا دەبێت." (٣)

**پرۆگرامی لێکۆڵینەوەکە:**

هەوڵ و هەنگاوەکان بۆ پڕاکتیزەکردنی ئەو میتۆدە رەخنەیە تازانەی لە سەرەو ئاماژەیان پێکراوە، لەسەر بابەتی "دەنگ" لە شیعری "کەریم دەشتی" دا، لێکۆڵینەوەکەیان بەسەر پێنج تەوەر دابەشکردوە:

<u>تەوەری یەکەم:</u>

شتێ دەربارەی دەنگ (Sound Phenomenon ) ، بڕگەکان بریتین لە:

- دەنگ چیە؟
- کام دەنگ؟
- دەنگ لە زماندا.
- دەنگ لە ئەدەب و هونەردا.

*<u>تەوەری دووەم:</u>*

دەنگەکان لە شیعری "کەریم دەشتی" دا

(Sounds in Kareem Dashti's poems)، بڕگەکانی:

- دەنگی گەرووی شاعیر.
- دەنگی زماندارەکان.
- دەنگی بێزمانەکان.
- دەنگە نەبیستراوەکان.

- دەنگە خەفەکراوەکان.
- دەنگی خودا.
- دەنگی پرس.
- دەنگدانەوەی دەنگەکان.
- دەنگەکان لە بێدەنگی دا.

***تەوەری سێیەم:***

ڕەهایی دەنگەکان (Sound Dimensions ) ، بڕگەکانی:

- ڕەهەندی فەزای دەنگەکان.
- ڕەهەندی تەمەنی دەنگەکان.
- ڕەهەندی یادی دەنگەکان.

تەوەری چوارەم:

بونیاد و ئیستاتیکای دەنگەکان (The Structure & Aesthetics of the Sounds)

بڕگەکانی:

بونیادی دەنگەکان ، ئیستاتیکای دەنگەکان.

***تەوەری پێنجەم:***

سایکۆلۆژیای دەنگەکان (Psychology of Sounds )، بڕگەکان:

- مرۆڤایەتی لە دەنگەکاندا.
- خۆشەویستی لە دەنگەکاندا.
- نائومێدی لە دەنگەکاندا.

***پاشکۆ:***

پەراوێزەکان / سەرچاوەکان / ملخص البحث / Abstract

## تەوەری یەکەم:

## شتێ دەربارەی دەنگ (Sound Phenomenon )

**دەنگ چیە؟**

" دەنگ : Sound / Voice " پتر لە پێناسەیەک هەڵدەگرێ، بگرە هەر بابەتێکی ئەدەبی و زانستی لە چوارچێوەی چەمکە مەعریفییەکەی خۆیەوە پێناسەیەک یان چەند پێناسەیەکی بۆ داڕێشتووە. بۆیە پێناسەی " دەنگ" لە زانستی زامانناسی (Linguistics) دا جیایە لە گەڵ ئەو فۆڕمەی لە زانستی فیزیکدا (Physics) بەرچاومان دەکەوێ . ئەوانیش یەک ناگرنەوە لە گەڵ پێناسەکانی زانستی فەلسەفە بۆ " دەنگ"، کە ئەویش چەند فرسەخێک دوورە لە لێکدانەوەکانی سایکۆلۆژیا بۆ هەمان زاراوە. بۆیە ، بۆ بەرچاو ڕوونی خوێنەر، لە دەروازەی پێناسەیەکی فیزیکەوە دەچینە ناو بابەتەکەوە، کە دەڵێ :" دەنگ بریتییە لە لەرینەوەکان لە ماددەکاندا ، کە شێواندنی شێوە شەپۆل پەیدا دەکەن و بەناو تەنە ڕەق و شل و گازیەکاندا بە هەموو ئاراستەکاندا بڵاودەبێتەوە." (٤) هەر ئەم زانستە ئەوەی سەلماندوە کە " لەرەلەر، ژمارەی لەرینەوەکانە لە یەکەی کاتدا، ئەو شەپۆلە دەنگیانەی کە هەر گوێی ئاسایی مرۆڤ دەتوانی بیان بیسێت پێیان دەوترێت (شەپۆلە بیستراوەکان) کە لەرەلەرەکانیان دەکەوێتە نێوان

( 20 HZ – 20000 HZ ) ، (HZ = هێرتز؛ یەک لەرەلەرە لە یەک چرکەدا) " (٥) کەواتە ئەوەی دەبێتە هۆی گۆڕینی دەنگەکان و دروست بوونی هەزارەها چەشنە دەنگ ، "گۆڕین و پلەی لەرەلەرەکانی ماددەکانە کە سەرچاوەی دەنگەکانن". (٦)

دەبێ ئەوەش لەبەر چاو بگرین کە دەنگ خۆی لە خۆیدا " وزەیە" چونکە ئەو شەپۆلە دەنگیانە لە هەوادا بڵاودەبنەوە درێژن ، کاتێک ئەو شەپۆلانە لەسەر چاوەکانیان دوور دەکەونەوە وزە لە گەردێکی هەواوە بۆ گەردێکی تر دەگوازرێتەوە. بە تێکڕای کاتی تێپەڕبوونی ئەو وزەیە لە یەکەی رووبەری شەپۆلی تەختدا دەوترێت : توندی شەپۆل (Wave Intensity) . " (٧)

'دەنگ" وەک وشە، لە ( فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە) دا وا ڕاڤەکراوە: دەنگ: نووزە لە قوڕگەوە/ ١. هەرچیەک گوێ دەیبیستی، ٢. خەبەر ، باس." (٨)

زاراوەی "دەنگ" ، قامتە وشەیەکی لێ دەکەوێتەوە، وەک ( دەنگانە / دەنگ بڕ / دەنگدار / دەنگدان / دەنگ زار / دەنگۆ / دەنگە / دەنگەشە / دەنگەوەرە / دەنگین / دەنگەدەنگ )

ئەو ئۆرگانە هەستەوەرەی " دەنگ " وەردەگرێ " گوێچکە"یە، کە ئامێری بیستنە. هەستی بیستنیش ، یەکێکە لە پێنج هەستەکانی مرۆڤ: بیستن و بینین و بۆنکردن و تامکردن و دەست لێدان.

بایەلۆژیستەکان(Biologists) تا ئیمرۆ کۆک نین لەسەر ئەوەی کە گوێچکە ، کۆئەندامێکی سەربەخۆیە یان تەنیا بەشێکە لە پێکهاتەی سەرو دەموچاو . بەڵام هەموویان لەسەر ئەوە ڕێکن کە زانستی توێکاری (Physiology) دەڵێ :"گوێچکە یەکەمین ئەندامە کە لە جەستەی کۆرپەلەدا خەلق دەبێ. هەر لە حەفتەی دووەمی تەمەنی (جنين) لە زێدانی دایکدا، کۆئەندامی بیستن دروست دەبێ و دەست دەکا بە نەش ونما. کۆرپەلەی تەمەن چوارمانگان لە ناو سکی دایکیەوە توانای بیستنی هەیە، بەڵام ئەو هەر هەست بە دەنگەکان دەکات وناتوانێ تێیان بگات. لە بیست و چوارەمین هەفتەدا هەر سی بەشەکەی گوێچکە :–دەرەوە و ناوەند وناوەوە –کامیل دەبن و پەیوەندی نێوان کۆرپەلەو جیهانی دەرەوەی سکی دایک دەست پێدەکا." (٩) سەیر لەوەشدایە کە " لە کاتی مردندا، دوا ئۆرگانی جەستەی مرۆڤ، کە لە کار دەکەوێ، گوێچکەیە." (١٠)

کەواتە گوێچکە یەکێکە لە هەرە هەستیارە بەهادارەکانی جەستەی مرۆڤ، کە کۆمەڵێک تایبەتمەندی خۆی هەیە:

- ئەوە گوێچکەیە کە شەپۆلی دەنگەکان وەردەگرێ و دەیانکاتە دەستەیەک لە هێماو ڕەمز ی دەماری (عصبی) و دەیانداتە مێشک ، کە ئەویش هەڵدەستێ بە وەرگێڕان و شیکردنەوەی ئەو هێماو رەمزانە.
- لە ڕیگای بیستنەوەو زمان فێردەبین و دەزانین مامەڵەی پێبکەین . ئەو ئامرازی فێربوونی زانست و ڕشتە مەعریفیەکانە.
- بیستن، چێژی دەنگە خۆشەکانی مۆزیک و سروشت ، دەنگی تەیروتوارو دارودرەخت و باووباران.....هتد. بە مرۆڤ دەبەخشێ.
- بیستن پارێزگاری لە ژیانی بوونەوەرەکاندا دەکات، بە ئاگادارکردنەوەیان، لە کاتی نزیک بوونەوەی مەترسییەکان، تەنانەت لە کاتی نووستنیش دا کۆئەندامی بیستن بەخەبەرەو دەتوانێ لە وەڕینی سەگ و تەقەی تفەنگ و شووتی ئاگرکوژێنەوە ئاگادارت کاتەوە.
- پاراستن و هاوسەنگی لەشی زۆربەی بوونەوەرەکان، لە بەلاداچوون و کەوتنەخوارەوەو قیت ڕاوەستان و باڵا ڕاگرتن ، بە هۆی بەشێکی ناوەوەی گوێچکەیە.

- هێندی بوونەوەر ، وەک دۆلفین و شەمشەمەکوێرە، لە ڕێگەی بیستنەوە خواردن پەیدادەکەن و خۆیان لە دوژمنەکانیان دەپارێزن.

سەرەڕای ئەو خاڵانەی سەرەوە، تاقمێ لە پسپۆڕان، هەستی (دەنگ) یان ، لە سەرووی هەستی( بینین)ەوە ، داناوە:

- بینین بە بێ ڕوناکی نابێ، بیستن لە هەموو کات و شوێنێکا ڕۆڵی خۆی دەگێڕێ.
- بینین هەستێکی شعورییە، لە ژێر ئیرادەو کاریگرەی خاوەنەکەیەتی، دەتوانێ چاوی بنووقێنێ یان هەڵیهێنێ. گوێچکە بسیت و چوار سعات کاردەکا ناتوانی نەبیستی کەی.
- چاو دەخەوێ، گوێچکە خەوی نییە.

زانستی فسیۆلۆژی بیستنی بۆ سێ جۆر پۆلین کردوە:

١. هەست کردن بە دەنگ ، بەبێ ئەوەی تێیبگەی ، وەک ئەو دەنگەی کۆرپەلە لە سکی دایکیەوە دەیبیستێ، یان دەنگی ئەو ئاژەڵانەی ئێمە تێیان ناگەین.

٢. هەست کردن بە دەنگ و تێگەیشتن لە هێماکانی، وەک ئەوەی کە دەڵێن ( مانگ) دەزانین هێمایە بۆ چی.

٣. ئەو دەنگانەی تێیاندەگەین وپەیڕەویان دەکەین و ملکەچیان دەبین یان ڕەفزیان دەکەینەوە.

نابێ ئەوەشمان لە بیرچێ، کە" دەنگ ئامرازێکی کوشندەیە. گوتمان دەنگ وزەیە، کاتێ ڕادەی شەپۆلەکانی پتر بوو لەوەی کە گوێچکەی مرۆڤ دەتوانێ بە ئاسانی بیبیستێ ، ئەوا وزەویەکی یەکجار زۆر کاردەکاتە سەر مێشک وهەناو و کۆئەندامی هەناسەدان و دڵ و سووری خوێن و فشاری خوێن. دەنگی زۆر زۆر بە هێز، تەقینەوە لە ناو جەستەی مرۆڤ دروستدەکات و پلەی گەرمایی لەش دەگەێنتە (٤٠٠) پلەی سەدی و پلەی پاڵەپەستۆی هەوا بەرزدەکاتەوەو سییەکانی مرۆڤ شەق دەکاو توشی خوێن بەربوونی دەکاو دەیکوژێ."(١١) ئیمرۆ بۆمبی دەنگی لە جەنگەکاندا بەکار دێ. خودا لە سورەتی (یس ٢٩) دەفەرموێ: **"*إن كانَت إلا صيْحَةً وَحِدَةً فَإِذَا هُمْ خَامِدُونَ.*"** (١٢) خودا بە زاراوەی ( الصاخة) ئاماژەی بەو دەنگە دەكات و دەفەرموێ: ***"فَإِذَا جَاءَتِ الصَّاخَّةُ (33) يَوْمَ يَفِرُّ الْمَرْءُ مِنْ أَخِيهِ (34) وَأُمِّهِ وَأَبِيهِ (٣٥) وَصَاحِبَتِهِ وَبَنِيهِ (٣٦) لِكُلِّ امْرِئٍ مِنْهُمْ يَوْمَئِذٍ شَأْنٌ يُغْنِيهِ (٣٧) وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ مُسْفِرَةٌ."(١٣)*** و بە ڕۆژی قیامەتیش دەوترێ ڕۆژی ( الصاخة) واتا ڕۆژی دەنگی گوێچکە کەڕکەر.

دوای ئەم پوختەیە، دەکرێ بپرسین کام جۆرە دەنگ کرۆکی ئەم لێکۆڵینەوەیە؟

**کـام دەنگ؟**

زانایانی بواری ڕەنگ ، ژمارەی تۆنی ڕەنگەکان بە نزیکەی سی و یەک ملیۆن جۆرە ڕەنگ مەزەندە دەکەن. بەڵام دەربارەی ژمارەی دەنگە جیایەکان، لەم هەسارەیەدا، سنوورەکەی کراوەیەو نەتواندراوە بە ژمارەیێکی ماقوول بخەملێندرێت.

ئێمەی مرۆڤ بۆ وەرگرتنی دەنگ بە شێوەیەکی ئاسایی چوار دەستەواژە یان زاراوە بەکاردەهێنین کە هەموویان لە ڕێگای کۆئەندامی گوێچکەوە مەبەست دەپێکن:

- بیستن ،( بە مەبەست و بە بێمەبەست)
- گوێ گرتن، ( بەمەبەستی سوود وەگرتن)
- گوێ لێگرتن ( چڕکردنەوەو ئاوێتەبوونی دڵ و هەستەکان لە گەڵ گوێگرتندا)
- گوێ هەڵخستن( خۆ کپ و بێدەنگ کردن بە مەبەستی باشترین بیستن)

زانست سەلماندویەتی کە جگە لە" کۆئەندامی گوێچکە، هەستەوەرەکانی تریش وەک بینین و بۆن کردن و تام کردن و دەست لێدان، بە جۆرێ لە جۆرەکان، دەنگ لە ژینگەی دەوروبەرەوە دەگوێزنەوە بۆ ناو دڵ و ناخی مرۆڤ،" (١٤) بۆیە ئەو دەنگانەی کەرستە و زەخیرەی ئەم لێکۆڵینەوەن، دەچنە خانەی یەکێ لەم پۆلینسازیەی خوارەوە:

١. دەنگی مرۆڤ، ئەمەش سێ هۆبە دەگرێتەوە:

- ئاخاوتنە ماناندارەکان (Linguistic speech ) .
- دەنگە تەعبیرییەکان (Expressive Sounds) کە ڕەمزو هێماو ئیشارەتەکانیش دەگرێتەوە.
- دیاردە نازمانیەکان (Para Linguistics ) کە چالاکی جەستەیین، وشەو رستە نین، هەرچەندە هەڵگری واتای خۆیانن وەک گریان و پێکەنین. (٢١)

٢. دەنگی سروشت، ئەویش دەکرێ بە دوو هۆبەوە:

- دەنگی بوونەوەرەزمانداەرکان، وەک بولبول و کەوە ئەسپ و رێوی و چەقەڵ.
- دەنگی بێ زمانەکان، وەک باو و باران و شەپۆل و دارستان و هەورو بوومەلەرزە.

٣. دەنگە بێدەنگەکان (Soundless sounds ) زورن ئەو دیاردەو دیمەن و وێنەو ڕووداوانەی ، کە جۆرە نەشئەیێکی پڕ دەنگ دروست دەکەن، ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ هەست و نەستی مرۆڤ دەوروژێنن، وەک تریفەی و خەرمانەی مانگ، فڕینی پۆلی مەلان لە تۆقەڵەی ئاسماندا و رەنگی زەردەپەڕ...هتد.

٤. دەنگە مەجازییەکان (Metaphorical Sounds) کە لە ڕێگای هەستەوەرەکانی ترەوە، بەدەر لە گوێچکە هەستی پێدەکەین. بۆ نمونە هەر جۆرە رەنگێک کە شەپۆلێکی دیاریکراوی خۆی هەیە، لە ناوخویدا جۆرێک دەنگ هەڵدەگرێ، کە کاریگەری لەسەر مێشک و دڵ و دەروونی مرۆڤدا هەیە. وەک دەنگی ڕەنگی سوور کە جیاوازە لە گەڵ دەنگی ڕەنگی پەمەیی یان وەنەوشەیی.

کەواتە نەخشەی پۆلین کردنی دەنگەکان ، لەم لێکۆڵینەوەیەدا، وەک بازنەیەکی کراوە، زۆربەی هەرە زۆری دەنگەکانی ئەم هەسارەیە لە ناو خویدا کۆدەکاتەوە و دەکەونە بەر شەن و کەوی خامەی ڕەخنەگرتنم لە شیکردنەوەی شیعرەکانی "کەریم دەشتی" دا.
ئەوەندی من زەفەرم پێ بردبن و هزرو هۆشم بۆیان چووبێ قەرەم لە قەرەیان داوەو هەوڵمداوە یاقووت و عەقیقە شاراوەکانی ناو ئەو شیعرانە بدۆزمەوەو پێشکەش بە دیدو هەستی پەیامگری ئازیزی بکەم.

**دەنگ لە زماندا:**

زاراوەی زمان (Language ) وەک سیستمێکی ڕەمزئامێزی فرە پێکهاتەی هەمە چەشن لە فۆنەتێک (Phonetics) و ڕێزمان و (Syntax) مانادا (Semantics)، یەکێکە لە دیاردە مرۆڤیە هەرە تەمومژاوی و ئاڵۆزەکان، کە بە درێژای مێژوو، بەداوچوون و لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوەو وەڵامێکی یەقینمان وەدەست نەکەوتووە کە ( چۆن و لە بەرچی و لە کوێ و کەی ) یەکەم زمان سەری هەڵداوەو پەیدا بووە. زمان گۆڵەکە ئەستورەکەی بوونی نەتەوەشە، بۆیە تاریق جامباز دەبێژێ" گەر کوردستان جەستەبێ ، ئەوا زمان گیانەکەیەتی."(١٥)

ڕەنگ بێ ، وەک (Herodotus ) باسی لێوە دەکات هەوڵەکەی فیرعەونی میسری دێرین، کۆنترین پشکنین بێ، دەربارەی چۆنیەتی پەیدا بوونی زمان ئەنجام درابێ. کە دوو منداڵی ساوا لە لای دایەنێکی کەڕو لاڵ پەروەردە دەکرێن، بەو هیوایەی شتێ لەو لوغزە تێبگەن.

لەهەنگینێوە تا ئیمرۆ بێ حەد لێکۆڵینەوەو تۆژینەوە لەسەر ئەسلی زمان کراوە، بەڵام جگە لە خەرمانێ تیۆرو گریمانی گوماناوی شتێکی وامان بۆ هەڵنەکڕاوەو وەدەست نەکەوتووە کە هەموو گومانەکان بڕەوێنێتەوە.

لەسەدی نۆزدەو بیستمدا جارێکی تر، بە گەرم و گوڕی و حەماسەتێکی بێ ئەنەندازە، پسپۆرانی زمانناسی و شوێنەوارناسی و زانایانی سایکۆلۆژی و ئەنترۆپۆلۆژی قۆڵی خۆیان لێهەڵماڵی و دەیان تیۆری سەیرو سەمەرەیان دەربارەی دیاردەی ( زمان) هەڵبەست –کە لێرە جێگایان نابێتەوە –تەنانەت" بە هاوکاری تەکنەلۆژیای سەردەم،

پشکنین بۆپاشماوەی ئێسک و پروسکە بەردینەکانی مرۆڤە کۆنەکان ( Human Fossils) کراوە، بەمەبەستی پەیداکردنی بەڵگەیەکی پێکهاتەی فیزیکی لە بەکار هێنانی زمان ، بۆ نمونە کە لە (D N A) ئێسک و پروسکی مرۆڤی کۆندا، بوونی نیشانە جینیەکان ) (Genes وەک (FOXP2 ) وەدەست بێ ، ئەوا دەتواندێ جۆرە پەیوەندێک لە گەڵ زمانی ئێستاماندا لێکدانەوەی بۆ بکرێ." (١٦)

ئەوەتا لە ساڵی (٢٠٠٤) دا زماناس (W. Tecumseh Fitch ) تیۆری "زمانی زکماکی" داهێنا ، ئەویش بە پشت بەستن بە چەمکێ کە (داروێن) ئامازەی پێکردووە بە ناوی "هەڵبژاردەی خزمێنە Kin Selection" کە پەیوەندیە جینایەتیەکانی نێوان کەسە خزمەکانە. (Fitch) دەڵێ ئەسلی زمان لە دایکەوە سەرچاوە دەگرێ بە دروست بوونی گفتووگۆ و دایەلۆگ لە نێوان کۆرپەڵەی تازە لە دایک بوو لە گەڵ دایکدا. لێرە حەزی ئاخاوتن و گوێگرتن دەست پێدەکا. ئەوەێ پەیوەندی بە بابەتەکەمانەوە هەیە ئەوەیە، هێندێ لە زانایانی زمان سنوورێک لە نێوان زمان ( Language) وە ئاخاوتن (speech) دادەنێن و لێکیان جیا دەکەنەوە. زمان بەبێ ئاخاوتن بوونی هەیە، کاتێ ئامازەو ئیشارەت و ڕەمزەکانی تر بۆ مەبەستی لێک تێگەتشتن و دەڕ بڕین بەکار دێن، ئاخاوتن پێش دروست بوونی زمان وجودی نەبووە. " زمان ڕێگەیەکە بۆ ئاڵوگۆکردنی بیروڕا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ. بە چەند ڕێگەیەک ئەو بیرەی هەیەتی لە مێشکی مرۆڤی تردا دووبارەی بکاتەوە. مرۆڤ بیرەکەی دەخاتە سەر دەنگ." (١٧) ئەوەی لێرەدا دەمەوێ بیڵێم : ئەوان هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی کە " دەنگ" کۆڵەگەیەکی سەرەکی ئەم دیاردەیە. کە سەیری ناونیشانی زۆر لە تیۆریەکانی زمان دەکەین دەبینین شێوەی چونیەتی دەنگدانەوەی دەنگکان لە گوێچکەدا، کراونەتە سەرەباس وەک: (١٨)

The mama Theory.

The ta – ta Theory.

The bow – bow Theory.

The Pooh – Pooh Theory .

The Dig – Dig Theory.

The Sing – Song Theory.

چەندین تیۆری تریش هەیە کە پەیوەندیان لە گەڵ شێوەی و ئاواز و مۆزیک و نەغمەوی دەنگەکان هەیە وەک گڤەی باو و خوڕەی ئاو وشنەی شەماڵ و چرپەی لێو و مرچەی ماچ و تەپەی پێ و لای لایەی دایکان و چریکەی ژنان.....هتد. مامۆستا عەلائەدینی سەجادی دەڵێ:" ئادەمیزادە سەروپێ رووتەکان پێش تاریخ ، کە بەدارەکانا هەڵئەزنان و لەم لق

بازیان ئەدایە ئەو لق هاواریان دەکرد ڕا ڕا بو بو بو . تا ئەم دەنگای ئەوان بو بە بناغەی ئەو ئەدەبەی کە ئێستە ئێمە پێیدەڵێین شیعر." (١٩) ئا لێرەدا بایەخی دەنگ لە زماندا دەست نیشاندەکرێت و. " مەسەلەی زمانیش لە مەسەلەی خاک کەمتر نییە." (٢٠)

**دەنگ لە ئەدەب و هونەردا:**

نووسین کە تۆمارگەی ڕەمزەکانی دەنگە، هەزاران ساڵ دوای داهێنانی زمان هاتۆتە کایەوە، کەواتە کەرستەی بە بڕشتی هەرچی ئەدەب و فۆلکلۆرو کەلتووری سەردەمی پێش مێژووی داهێنانی نووسین هەیە، لە ڕێگەی هات و هاوار و بانگە بانگ و بگرەو بەردەی دەنگەوە هاتۆتە ئاراوەو پشتاو پشت لە دەمی باپیرانمانەوە بۆمان ماوەتەوە. هیچ کون و کەلێنێکی بەرهەمی مرۆڤایەتی نییە، تێیدا " دەنگ " سەرقافڵەچی نەبێ. مێژووی دەنگەکان زۆر کۆنترە لە مێژووی زمان و ئاخاوتن، هەر لە ئەدەبی ئەفسانەو لاهوت و فۆلکلۆر ، بە هەموو لقەکانیەوە، بیگرە، تا دەگەیتە سەر سەکۆی شانۆ و ڕۆمان و چیرۆک و وتارو پەخشان، لە هونەریشەوە ، هەر لە بابەتە کولتوورەمیللی یەکانەوە بیگرە ، لە گۆرانی و سەماو هەڵپەرکێ تا هونەری تازەی مۆزیک و سینەماو تەلەفزیۆن و رادیۆوکۆمپیوتەر... کەواتە " دەنگ " دەنگدانەوەی خۆی ، لە ناو ئەشکەوت و پەرستگاو دیوەخان و مەجلیس و پۆل و هۆڵی دانیشتگا و کۆنفرانسەکان دا هەبووە." زمان مادەی ئەدەبە، ئەوە ناگەیەنێت کە ئەدەب زمانە." (٢٢)

خۆ خەرمانێک شاکاری ئەدەبی جیهانی وەک

(Homer, John Milton, Helen Keller) ) وە ( ابو العلاء المعری، طە حسین ، کامی بصیر) لە ڕێگەی دەنگەوە هەوێنی بەرهەمەکانیان وەگیرکەوتوە. تێکەڵ بوونی تەکنەلۆژیا دەنگییە هەمە چەشنەکانی ئەم سەردەمە ، بە کۆی هونەرو ئەدەبی تازەوە، چەندین ڕەهای تازەگەری داهێناوەو ئاسۆیەک جوانکاری نەدیتەی خستە بەر گوێچکەو دیدەی پەیامگر. لە سەرتای داهێنانی هونەری سینەما ، کە هێشتا وا پێش نەکەوت بوو "دەنگ"ی تێدا بێ. لەسەر شانۆ بە مۆزیک و دەنگە کاریگەرەکان (Sound Effects)، گرتە گرتە لە گەڵ ڕووداوی فلیمەکان دەرۆیشتن. خۆشبەختانە، زانستی دەنگ لە هونەری تازەگەری ئەم سەردەمەدا، هێندە بایەخدارو فرە داهێنانە، کە شان بە شان لەگەڵ ئامێرە دگیتەڵ و کۆمپیەتەرەکاندا بەهەرەمەندانە ، جیهانێکی ئەوتویان خولقاندوە، دەتوانم بڵێم دەچیتە خانەی فەنتازایاو ئەفسانەوەو، بەڵام بە بەرگی سەدەی بیست و یەک. ئیمرۆ بەدەگمەن ژانرێکی ئەدەبی یان هونەری بەرچاو دەکەوێ کە یەکەی " دەنگ"ی پێ پەراوێز یان فەرامۆش بکرێت. تەنانەت هونەری پەیکەر تاشی

و نیگارکێشان ئاوێتەی "دەنگ" کراون و وەستایانە لە ژێر ئەم ناونیشانانە شاکاری جوان داهێنراون:

دەنگی هونەر (Sound of Arts)

دەنگی نیگارکێشان (Sound of Painting)

دەنگی پەیکەرتاشین (Sound of Sculpture)

لێرەدا شیعریش وەک براگەورەی ژانەری ئەدەب و هونەر ،دوای هونەری شانۆ، بە درێژای مێژووی خۆی" دەنگ"ی کردۆتە ناوەرۆک و شێوازی پڕ گەوهەری خۆی. ئەمەیش بەگوێرەی کارزانی و بەهرەو تواناوی خولقێنەری شاعیر، رەنگی لە بەرهەمە شیعریەکاندا داوەتەوە. دکتۆر فوئاد رەشید دەڵێ : دەکرێ مرۆڤ لە ڕێگای زمانی ئاخاوتنیشەوە ، زمانێکی شیعری بەرجەستە بکات." (٢٣)

## تەوەری دووەم:

## "دەنگەکان" لە شیعری " کەریم دەشتی" دا

## (Sounds in Kareem Dashti's Poems)

" ڕەخنەگر کەسێکی گومانئامێزە." (٢٤) بەواتای گەڕان بەدوای ئەو دنکە مرواریییە جوانانەی کە هێشتا کەس بناوی بۆ لێنەداون و چەنگیان پێ ڕانەگەیشتوە. ئەم گومانە ، گومانێکی پیرۆزە . بەڵام هەمان گومان، مانایێکی سادەو تەسک و تەڵخ دەبەخشێ و دەبێتە چەتەو ڕیگری داهێنانی هونەرو ئەدەب، کاتێ خاوەنەکەی بە کەشکۆڵێکی بەتاڵ وحەتاڵەوە، بە بیروهزرێکی سەلەفی چەقبەستووی مایە پووچەوە، بە شڕە دەفتەری نەقدی رۆحکوژ ی شیعرەوە ، قەسابخانەی ڕەخنەکاری بۆ کارمامزو کۆترو قازو قوڵینگی ئەواندا دادەنێ و چاوانی تۆزقاڵێک جوانییەکانی ئەوان بەدی ناکات . زۆر جار ، ناحەقی شاعیران ناگرم، کە دوای خوێندنەوەی بابەتێکی رەخنەی دەرحەق بە بەرهەمێکی ئەوان، هەمیشە پرتەو بۆڵەیان دێ و جارجارەش کفران دەکەن! ڕەنگ بێ یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو نا بەدڵ بوونەی شاعیران لەوەو سەرچاوە بگرێ ، وەک (بەختار عەلی) ئاماژەی پێداوە ، بوونی جۆرە دابڕانێک، لە نێوان بەشداربووانی پرۆسەی ئەدەبی بەتایبەتی خوێنەر و دەقنووس، لە نێو کارە رەخنەییەکاندا، کاتێ دەڵێ : " دروستکردنی نیشانەیەکی پرسیار، کە پەیوەندی نێوان نووسەر و رەخنەگر بپچڕینێت ئەوەیە، ستراتیژی (رەخنەی) کوردی ونە."(٢٥) هەڵبەت ئەو مەبەستی لەم ستراتیژیە، نەخشە ڕیگایەکی دوورودرێژی پڕ هەورازو نشێوی مەبەست و ئامانج ئامێزە.

دەکرێ ئەم ستراتیژە لە پێناوی رەخنەی جوغزی دیوانە شیعرێکیش دابڕێژرێت، بۆیە دەبێ وەڵامێکمان هەبێ بۆ ئەم پرسیارە: رەخنە لە پێناو چی؟

شیعر، هەمیشە بەلای منەوە، دانە هەنارێکی ڕەزەکانی هیراون و نازەنینە، کە دەیڕنم و دەیخەمە سەردەستم، لە پێشا، تێر تێر چاوەکانم بە ڕەنگ و روخساری ئەم مەمکە خرپنەو کۆی مەمکەکەی سەرمەست دەکەم. قەدەرێ بە بۆن و بەرامە خۆشەکەی خۆم سەرخۆش دەکەم. تا پەنجەم شل دەبێ روومەتی لووسی دەکوشم و هەزارو یەک خەیاڵ دەکەم ، کە دەبێ چ تام و چێژ و خوناوێ زارم پڕ بکات کاتێ دەیخەمە بەر چەقۆی ددانەکانم. دوای ئەو دانە هەنارە، بە هێمنی دەشکێنم و دەیکەم بە چەند کەڵەشێرێک. لە دیمەن و سوورەتی یەکە یەکەیان  تێدەفکرم، پێش ئەوەی دەنکە سوورە پڕ خوێنەکانی داتەکێنمە ناو لەپم، تەواو سەرنج لە جوانی ئەو کەڵەشیرانە دەدەم، ئەوجا بە هێواشی دەنک دەنک دەیانخەمە سەر لەپی دەستم و دیقەت لە دیوارە بریقەدارەکانیان دەدەم و داوە دەزوولە باریکەکانیان دەخوێنمەوەو لە کاری خودا تێدەفکرم، ئێستا پەردە زەردە تەنکاکانی نێوان کەڵەشێرەکان بە ئەسپای هەڵدەدەمەوەو دوای خۆشترین چێژ لە کرمەکرمی دەنکەکان، هەردوو دیوی پەلکە هەنارەکە توێکاردەکەم ولە شوێنی قۆزاخەی دەنکەکاندا،  بەدوای نهێنییەکانی ئەم کەونەدا دەگەرێم، وا هەست دەکەم ئەم هەنارەی ، هەسارە گەورەکەیە ، هاتۆتە ناو لەپی دەستم و رێگای گەلەئەستێرەو گەردونم نیشان دەدا!

کەواتە کەسێ، قەڵەمی رەخنە بگرێتە دەست ، واجبە بە سانایی پەت لە هەودای شیعر جودا کاتەوە و خۆی نەکاتە قەشمەرجاری وشەو رستەسازی و رستەبازی  بی مانا.
ئەمەیش بێ خوێندنەوەی وردو بە دیقەت ناکرێ، چون" خوێندنەوە پرۆسەیەکی مەعریفی گەورەیە، بریتییە لە وەگرتن و گەمەی واتاکان و پەیبردن بە هەزم کردنی چەمکەکان و ئاشکراکردن." (٢٦) لێرەدا، بە ئەرکی خۆمی دەزانم کە بۆ پەیامگری ئازیز ، ساغی کەمەوە کە چەندە ( کەریم دەشتی) ڕاستگۆیە لە هونەری شیعرداو رمی ئەو چەند بڕەکا یان بڕی کردووە، کاتێ ئەو بە زمانی خۆی دەڵێ :" ئەوەندەی من بەداو چوونی خۆم هەبێ ئاگاداری خۆم کردۆتەوە کە جیاوازی لە میانی رستەسازی و نووسینی شیعر بکەم. رستەسازی بەو مانایە کە زۆربەی ئەوانەی با ناوی شیعرەوە دەنووسرێن داڕشتنی ڕستەن، نەک خولقاندنی چەمکێکی شیعری کە هزری ئەوەی هەبێت خوێنەر بخاتە ناو بورکانی ناوەوی شاعیر." (٢٧)

ئەمرۆ، شاعیری  بەخەبەری دونیای عەولەمەو کۆمپیوتەرو دیگیتاڵ و فێیسبووک، کە بە چاوتروکانێک، لە نێو کوختە قامیشەڵانەکانی ( داڕفووری سودان) ەوە دەتگەنە پیرێژنە دەستلەرزۆکەکانی سەر شۆستەی( کابول و هایتی و غەزە)، هێندە چاوکراوەو بەسەوادو هۆشیارن ، کە دەتوانن بە سانای دێرو نێوان دێری فەلسەفەکانی ئەم کەونە زەبەلاحە

بخوێنەوە. لێرەدا، دەتوانم بڵێم ، کە ڕەخنەگری بە ئەزموون و بیرتیژ، دەتوانێ زۆر کون و کەلەبەری ئەشکەوتە نەدۆزراوەکانی ناو سینە و دڵی ئەو شاعیرانە بپشکنێتەوەو غەنیمەتی دانسقەی چەنگ کەوێ، بەبێ ئەوەی پەیامگر توشی سەرئێشەو گوماریی بکات. ئەمەش ، ئەو کاتە دێتەدی کە ڕەخنەگر بتوانێ قەناعەت بە پەیامگر بێنێ، کە ئەو پنتەی ئەو تیشکی خستۆتە سەر، خەون و خەیاڵی خۆی نییە، بەلکو " بوونیکی حاشا هەڵنەگرە لە دەقەکەدا". خۆ یەکێک لە ئەرکەکانی ڕەخنەش ، ئاشناکردنی پەیامگرە بە نهێنییە شاراوەکانی نێو دەقەکان. وەک د. عەبدوڵا ئاگرین دەڵێ:" ڕەخنەش داهێنانە." (٢٨) فەرموون با بەیەکەوە دەروازەی بەهەشت و دۆزەخی " دەنگەکان"ی کەریم دەشتی بکەینەوەو بچینە ژوورەو گەشتێ بە ناو ڕەز و باخ و پاوان و زەمەند و دڕکەزی و پێدەشتەکانی دا بکەین و دەقە شیعرییەکانی هەڵوەشێنینەوە " هەڵوەشێنەرانی دەقیش چەندین خوێندنەوەی جیاجیایان بۆ یەک دەق هەیەو ئەمەیش هاندەری ڕەخنەگرە تا دەقەکان زۆرتر بخوێنێتەوە." (٢٩) بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ پەڕ پەڕ ئەم بەرهەمانەی ئەو هەڵبدەینەوە: ( پیانۆی ڕۆژهەلآت و ئەوانی تر) ، ( تۆ لە هەموو شوێنێکی تۆ) ، ( کتێبی پیرۆزی عاشقان) ، ( کتێبی نەی ) ، ( کتێبی ئاو) ، ( درەختی خامۆش) ، ( درەختی درەوشانەوە) .

## ١. دەنگی گەرووی شاعیر( The Poet's Sound )

ڕەنگ بێ بپرسن: بۆ هەموو دەنگەکان زادەی گەرووی شاعیر نین؟

نەخێر. دەنگی زوڵالی گەرووی شاعیر دەنگدانەوەی ڕۆح و تەقاندنەوەی نهێنییە خەفەکراوەکانی سینەو چرپە تەنیاییەکانی غوربەت و ئاهو هەناسە ساردەکانی غەیب بوونی عەقڵ و درەوشانەوەی ئەستێرەی خەیاڵ و کۆکردنەوەی کەونە گومانئامێزەکەی مرۆڤە، کە بەسەر تێکڕای دەنگەکانی ئەم هەسارەیەدا زاڵەو تەنیا شاعیریشە کە دەزانێ هونەرمەندانە ئەو ئاوازە پڕ ئازارو ژانە بچڕێ و تا ئەبەدیش لێی بێزار نەبێ و زۆر جارانیش هەر بە سفت و سۆی ئازاری ئەو دەنگەوە سەربنێتەوەوە کەسیش پێنەزانێ! " دوو (من) لە ناو شاعیردا هەیە، یەکێکی منێکی بابەتییە، ئەویدیکەش منی ناخە، منی تاکە ، منی جیاوازە، منی بێگەردە : ئەوەی دێتە زمان، ئەوەی خاوەن خەلقی شیعرییە." (٣٠)

دە گوێبگرە، چۆن کەریم دەشتی لە ( درەختی درەوشانەوە) لە ژێر ناونیشانی ( ئاوازی گریان ) دەنووزێتەوە:

**بینیوتە شمشاڵ چۆن دەگری**

**گریان ئاوازی فیراقە ( ٣١)**

*هەرچەندە لەم کۆپلە حەوت وشەیەدا، گوێ بیستی* ئاخاوتنی سێ زمانی جیاوازین: زمانی شاعیر، زمانی شمشاڵ، زمانی فیراق، بەڵام دەنگە پڕ جۆش و میحنەتیەکە، دەنگی ڕاستەقینەی گەرووی شاعیرە، کە شەم ئاسا، تەواو لە فیراقدا تواوەتەوە،. وەک دەنگی شمشاڵ، تا ڕۆژی مەحشەر، فیراقەکەی ئەو سەرمەدیەو ئەزەلییە. خۆ کەم شاعیر هەیە لە فیراقا نەگریا بێ، وەلێ گریان و فیراقی کەریم دەشتی جیاوازە! بڕوانە چۆن (مەحوی) دەناڵێنێ:

**دڵم وەک غونچە پڕ خوونی (فیراقی) سەبزپۆشێکە**

**وەکو سونبول حەواسم تەفرەقەی کاکۆڵ بە دۆشێکە**


**کە شایەد بێتەوە بۆ سەیری شینی ئەم سیابەختە**

**بەمەرگی (مەحوی) ئەی نەی ناڵەیێ، وەی دەف خرۆشێ کە! (٣٢)**

ناڵەناڵەکەی (مەحوی ) شیتانەیە." جیاوازی لە ئاخاوتن بۆ خەڵک و ئاخاوتن لە گەڵ خۆتدا ، ئەوەیە ، هێندێ جار خۆ ئاخاوتن دەچێتە خانەی شێتییەوە." (٣٣)


ناونیشای کۆپلەکە ( ئاوازی گریان) کە دوو وشەی دژبەیەکن (Contrast ) بەڵام پێکچوونیشیان تێدا بەدێ دەکرێ (Similarity):

ئاواز، هەم لە خۆشی و سەماو شادومانی و هەم لە پرسەو ماتەمەمینی و خەمناکی دا – وەک لە کڵێسەکاندا – وجودی هەیە، گریانیش بەهەمان شێوە، لە تەنگانەو پەژارەو نسکۆدا لە خۆشی و فەرەحنایەتیش – وەک گریانی دایک کە کچە نۆ بووکەکەی بەرەو ماڵی نۆ ئۆغردەکات – بەر قەرار دەبێ. شاعیر بە دارشتنێکی تۆکمەو خەیاڵئامێز و پاراو، فۆڕمە کلاسیکیەکە دەشکێنێ و لە بڕی دەستەواژەی ( هاوار، فیغان ، ناڵە، زریکە، زیڕە، چریکە، شین وشەپۆڕ) ئەو ( ئاوازی) خستۆتە پاڵ (گریان) و لەگەڵ رۆحی دەقەکەشدا تێک هەڵکێشانێکی وەستایانەی کردوە:





کە شاعیر، کەسی دووەم دەدوێنێ و ژان و عەزابی فیراقی بە هۆی ( ئاوازەوە) پێدەناسێنێ، دەرک بەوەدەکات کە دڵ و دەروونی مرۆڤ چەندە حەوجەی ئاوازو مۆزیکە ، بەتایبەتی گەر ئاوێتە کرابێ لەگەڵ ( گریان)، کام گریان؟ گریانی شمشاڵ، کە زادەی لێو و قامکی هونەرمەندانەی شمشاڵ ژەنە، هەرچی نۆتەی غەریب و ئازار بەخش و ئازارکوژ هەیە ، لە نێو کونەکانی ئەودا وەک غونچە دەکرێنەوەو دەمار دەمار بە ناخی جەرگی

ئەهلی فیراقا دەچنەخوارەوە. کەواتە، کۆلکەی هاوبەشی نێوان شمشاڵ و فیراق یەک وشەیە ، ئەویش (گریان) ە: سەرنج لە ئاوێتە بوونی ئەم دوو جەمسەرە بدە:




یەکەم: لە ناو لوولەی شمشاڵەو ئاوازێک دەردەچێ کە شەپۆلەکانی بەرە بەرە فراوانتر دەبن، تا دوورتر بکەونەوە بازنەکان بەرینترو گەورەتر دەبن. فیراقیش، شمشاڵ ئاسا، تا پتر بەناخی رۆژگارا شۆڕبێتەوە، سۆی ئازارو بریبنانی قوولترو سەختر دەبێ. هەردوو شەپۆلەکان هەمیشە لە گەورە بووندان:

ئاوازی شمشاڵ



ئاوازی فیراق

دووەم: گەڕانەوەی ئاوازی شمشال بۆ سەرچاوەکەوی جارێکی تر کارێکی مەحاڵەو نا بێتەوە بە فووی شمشاڵژەن، مەحاڵە فیراقیش جارێکی تر بگەرێتەوە خاڵی سفری (سەرەتا) و رۆحەکان تازە ئاوێتەی یەکتر ببنەوە.

سییەم: نابێ هێزی واتای ( بینیوتە) فەرامۆش بکەین کە زۆر کاریگەرترە لە واتای ( بیستووتە). کرداری بیستن هەر چێژوەگرتن و خۆ مەستکردنە بە ئاوازەکان، وەلێ (بینین) توانەوەی خۆدی کەسەکەیە لە ناو ئاگری فیراقدا. نەک بیستنی هاواری شمشاڵە کە. خودا لە سورەتی ( القصص) دا، بە حیکمەتەوە، لەم ئایەتەدا، یاری بە واتای ( بینین و بیستن ) کردوە: دەفەرموێ: **" قل ارایتم ان جعل علیکم الیل سرمدا الی یوم القیامة من اله غیر الله یاتیکم بضیاء افلا تسمعون." (٣٤)**

ئەم کۆپلە هەشت بڕگەیە، وا دابەشکراوە:

***بینیوتە / شمشاڵ چۆن دەگری ( ٣ + ٥ = ٨ )***

***گریان ئاوازی / فیراقە*** ( ٥ + ٣ = ٨ )

هارمۆنی مۆزیکی کۆپلەکە زۆر پڕ ڕەزم و نەغمە نییە

(Rythm and Intonation) بۆ! ؟ ئاوازەکە تەعبیر لە پڕمەو هەنیسک و گریانێکی نەشاز دەکا، نەک مۆزیکێکی ئاوازداری نۆتەداری سەماکەر، ئاخر ئەوە (گریانی فیراقە)، لە یادیشمان نەچێ، (فیراق) لیرەدا (نەکیرەیە)، واتا هەر شاعیر دەزانێ بۆ کام فیراق دەگری: فیراقی یار، فیراقی رۆح، فیراقی یەقین، فیراقی شیعر، فیراقی خودا، فیراقی دایک ،فیراقی سروش یان فیراقی ساقی؟

لەم کۆپلە شیعرەدا زرینگانەوەی ئەم "دەنگانە" دێنە گوێ:

(ئاواز) دوو کەڕەت ⟵ دەنگ بە شێوەی مۆزیک

(گریان) سێ کەڕەت ⟵ دەنگ لە نا - زمانەکاندا

(شمشاڵ) ⟵ دەنگ لە ئامێری شمشاڵەوە

(فیراق) ⟵ دەنگ لە گریانێکی خەفەکراودا

(بینین) ⟵ دەنگ لە روخسای شمشاڵ و تارمای فیراق

(شاعیر) ⟵ دەنگ لە گوتنەوەی کۆپلەکەدا

(پەیامگر) ⟵ دەنگدانەوەی دەنگەکان لە گوێیدا (لە هەستیدا)

دەکرێ، لە بەر نەبوونی خاڵبەندی –کە شاعیر بەئەنقەست داینەناوە – دوو خوێندنەوە بۆ ئەم کۆپلەیە بکرێ:

یەکەم: وەک پرسێکی گومان ئامێز لە کەسێ بکرێ کە ئەزموونی فیراقی نەبێ، ئەو ئەزموونەکەی بۆ ڕاڤەدەکا.

دووەم: بانگ هێشت کردنی دولبەرەکەی، تا خۆی بێت و بە گوێی خۆی ئاوازی پڕ سۆزی فیراق بنۆشێ کە (لە گەرووی شمشاڵەوە دەرژێتە ناو سینەو ئەندیشەی مرۆڤەوە).

* * *

" پۆل ڤالێری دەڵێ: شیعر زمانە لە ناو زماندا." (٣٥) پڕاکتیزەکردنی ئەم واتایە لە ئەزموونێکی تر لە دەنگی گەرووی شاعیر، کەریم دەشتی لە(کتێبی پیرۆزی عاشقان)، لە کۆپلەیێکی (گوڵفرۆشەکان) دا ڕاڤەدەکەین کە دەبێژێ:

**من تەنیا یەک تاقە گۆرانی دەزانم**

**من تەنیا یەک تاقە دێر شیعرم لە لایە**

**من تەنیا یەک دڵۆپ فرمێسکم پێ ماوە**


**ئەوانیش بۆ تۆ بن گوڵفرۆش**

**کە ئەم کەونە کەسی لە مرۆڤ نەماوە (٣٦)**

لە زەمانێکا - وەک سەردەمی ئیمرۆ – کە سیلەی رەحم پوکاوەتەوەو خۆشەویستی لە نووسینیشا ڕەزاگران بووەو ماهیەتی مرۆڤەکان لە ژێر سفر داخزاون. لە کەونێ کە چەندەها هەسارەو گەلەئەستێرە لە خۆ دەگرێ، شاعیر کەسێ شک نابا، هاواری خۆی لەبن گوێیدا بچرێنێ ، غەیری گوڵفرۆش نەبێ ، کە ئەویش لە گوڵ بەولاوە کەسی تر ناناسێ! سەیرەکە لەوەدایە، کە شاعیر بە شووشەی گوڵاو و جانتا دۆلارو سندووقە ئاڵتونەوە بەرەو گوڵفرۆش ناچێ، ئەو لە دونیای مەتریالدا خودی خۆی وجودێکی نییە. چەند گوناحە! مرۆڤێ سەروریشی ماش و برنج بوو بێ و جگە لە تاقە گۆرانییەک شتێک نەزانێ. مرۆڤێ، لەسەر پشتی تەمەن غلۆردەببێتەوەو یەک دێرە شیعری پێنەماوە، مرۆڤێ ، چاوەکانی وەک قوڕی وشکبووی قەڵش قەڵش، جگە لە قەترە ئاوێک جیتر شک نابات. ئاخر ئەو عومرێکی درێژە خەریکی گریانەو چاوانی کوێربوونەتەوە. وا شاعیر لەم کەونە بێ مروەتەدا، ئۆغر دەکاو میراتی بە گوڵفرۆش دەبەخشێ. گوڵفرۆش موحتاجی گۆرانییە، بۆ غونچەو لالەزارەوکان، ئەو بە تاسەی دێرە شیعرێکە، لە گەڵ چەپکە گوڵێ بیدا بەدڵدارێک، ئەو پێویستی بەو دلۆپە ئەشکەیە هەم بۆ گوڵەکانی و هەم بۆ ئەو ساتەی گوڵەکان دەستەکان و زەنبیلەکەی بەجێدێلن. شاعیر ، لەم کەونەی کە خاڵی بۆتەوە لە مرۆڤەکان، لەسەر ڕۆیشتنە، خلودی خۆی بە گوڵفرۆش دەسپێرێ. چۆن؟

( **ئەم کەونە کەسی لە مرۆڤ نەماوە**) تەنیا گوڵفرۆش نەبێ، کە شاعیر میرات و ئەمانەتەکەی خۆی پێدەبەخشێ. ئەوەی باقی دەمێنێ گوڵفرۆشە! ئەوا هەر ئەوە کە –گۆرانی –و – دێرە شیعر –و دلۆپە فرمێسک –ی شاعیر دەپارێزێ لە فۆتان:

شاعیر – (گۆرانی، دێرەشیعر، فرمێسک) / گوڵفرۆش+ (گۆرانی، دێرەشیعر، فرمێسک )




گوێچکەکانی گوڵفرۆش بە ( دەنگەکانی ) ئەم کۆپلەیە کاس بووە:

گۆرانی ⟵ دەنگ ( دەق + ئاواز + چڕین)

شیعر ⟵ دەنگ ( کێش + مۆزیک )


فرمێسک ⟵ دەنگ ( لە پرۆسەی دروست بوون دا)

گوڵفرۆش ⟵ دەنگ ( سەدای بانگەشەکەدن)

کەون ⟵ دەنگ ( دەنگی بێدەنگی هەموو گەردوون)

سێ کەرەت گوتنەوەی دەستەواژەی ( **من تەنیا یەک**) پەرۆشی شاعیر نیشاندەدا، کە حەزی دەکرد ئەویش چەند سیدیەک گۆرانی و چەند دیوانێک شیعرو چەند سوراحیەک ئەسرینی شادی پێشکەش بە گوڵفرۆش بکردابوایە، بەڵام ئەوی قەلەندەر وشکبۆتەوە، هزرو هۆشی نەماوە، هەر هێندەی پێماوە کە ئەم سێ دەستەواژە دوبارە بکاتەوەو بەو پەڕی سەخاوەتەوە بیبەخشی بە گوڵفرۆشەکەی.

کەریم دەشتی وا هەست دەکات ئەوانەی نە خاوەن گۆرانییەک و نە خاوەن دوو دێرە شیعرو دڵۆپە فرمێسکێکن لە جنسی مرۆڤ نین ،کەون بێ بەریە لەوان. شاعیر بەم شێوەیەی خوارەوە( کەون) دەبینێ:




* * *

حەزرەتی نالی دەڵێ:

**عەشق سوڵطانێکە هەرگا روو لە وێرانێ بکات**

**ئاهی سەردو ، ئەشکی گەرم و قەلبی بوریانی دەوێ. (٣٧)**

تۆ بڵێی عەشق و خۆشەویستیی کەریم دەشتی هەر بە ئاهو ئەشک و قەلبی بوریانەوە دابمرکێتەوەو دەست لە مل بکەوتە ماچکردن و سۆزباراندن و تووانەوەی ئەبەدی لە باوەش یاردا؟

نیازێکی بەتاڵە ئەم خەونە، بۆیە کەریم دەشتی بە دەنگێکی پاراو بەڵام پڕ لە نائومیدی و حەسرەتەوە، موناجاتی رۆحی خۆی دەکاو شتێ هەیە دەیەوێ تێیبگات،" Robert

(Frost) دەڵێ، شیعر بیرۆکەیەکە، ئەو کاتە شاعیر دەیەوێ بیگرێ کە درک دەکا شتێ هەیە دەیەوێ تێی بگات." (٣٨)

.لە دوا کۆپلەی ( لە عەقیق درەنگتر) لە ( درەختی عاشقان) دا دەڵێ:

**چۆنت بگرمەوە ئەی رۆحم**

**کە رۆحمت ویران کردووە**

**هەرچی بیناو جەستە هەیە**

**لە منت داگیر کردووە. (٣٩)**

شاعیر، سەربازێکی پیکراوی شەلال خوێنی پەککەوتووە و لە هەر چوارلاوە ( خۆشەویست – دوژمنەکەی) هێرشی بۆ هێناوە، تەخت و بەختی رۆحی وێران کردووە و ئاڵای سووری سەرکەوتنی خۆی لەسەر پۆپەو لوتکە داروخاوەکانی جەستەی ئەودا بەرزکردۆتەوەو لە نەشئەی بردنەوەی جەنگێکدا تەپلی خۆشی لێدەدا. شاعیر، کۆشکی رۆح و مەملەکەتی جەستەی داگیر کراوە! ئەو لە فیکرو خەیاڵی خۆ تەیارکردنەوی زەین وهۆش و هەست و نەستی دایە، تا لە پەرچە هێرشێکی ناوەخت، دەستی خۆی بوەشێنێ و ( مەملەکەتی رۆحی) جارێکی تر وەرگرێتەوە. وەلێ ، تروسکەی مۆمی سەرکەتن ، زەرەیەک لە دڵی شاعیر دا بەدی ناکرێ، ئاخر لەشکرکێشی داگیرکەر نە رۆمەو نە عەجەم، نە بەعسەو نە ئەتاتورک، بەلکو خودی (رۆح) ی شاعیر خۆیەتی، دۆست - دوژمن یەک رۆحن لە یەک جەستەدا:

(رۆح) م ــــ یار ـــــــ رۆحی شاعیر

ویرانکەر

(رۆح) ت ــــ خۆم ـــــــ رۆحی شاعیر

تووانەوەی دوو چلورە بەفر، لە یەک پیاڵەدا، یەکسانە بە بەفراوی ئاوێتە بووی ناو پیاڵەکە، ئەوە رۆحی شاعیرە کە رۆحی شاعیری وێرانکردوە، ئێستاکە وەک خەنجەری چەقیوەتە پەراسووی بریینداری ئەو، حەکیمان دەڵێن دەرهێنانی خەنجەرەکە نەزیفی جەستە دەپژێنێ و رێ لە مەرگ گرتن مەحاڵە. با خەنجەر هەر لەناو پەراسوودا بخەوێ!

ئەفسانەێکی کۆنی ئینگلیزەکان، جەستە تەشبیە دەکا بە خاک و خۆڵ و رۆح دەداتە پاڵ خودا، رۆح نەمرە، منداڵە تازە خولقاوەکان دەبنە خاوەن ئەو رۆحە. بەم شێوەیە رۆح لە بازنەێکی داخراودا لە نێوان زەوی و ئاسمان دا لە سووڕانەوەدایە. .کەریم دەشتی غەزەبێکی ئیلاهی لە (عیشقەوە) بەسەردا باریوە، ئەو چاک هەستی بەو کردوە بۆیە ناونیشانی قەسیدەکەی بۆتە ( لە عەقیق درەنگتر)، زۆر درەنگتر لە سات و وادەی خۆی

بە خۆکەوتۆتەوە و هیچ ڕێگاچارەیەک شک نابا، ئەو ئێستا خاوەن رۆحیکی یەخسیر کراوەو بۆتە نیشانەی کۆتای کۆتایەکان! وێرانکردنی رۆحی شاعیر یەکسانە بە فەناکردنی شاعیر. شاعیر پێگەی خۆی لە نێوان ئاسمان و زەوی ونکردوە. شاعیر رۆحێکی هەڵواسراوە لە نێوان ئاسمان و زەویدا ( بەهەشت و دۆزەخ).

لە یەکەم دێری کۆپلەکەدا شلەژاوی و دڵەڕاوکێ و پەشێوی بەسەر شاعیرەوە دیارە. تەواو هاوسەنگی لەدەست داوەو شلکەدەکا، هەر بۆیە بیرۆکەکەی بە کێشی هەشت برگەی (تێکشکاو) دەربریوە:

چۆنت بگرمەوە ئەی رۆحم ( ٢ + ٤ + ٣ ) = ٩ بڕگە

کە رۆحمت ویران کردووە ( ٣ + ٥ ) = ٨ بڕگە

هەرچی بیناو جەستە هەیە ( ٤ + ٤ ) = ٨ برگە

لە منت داگیر کردووە. (٣ + ٥ ) = ٨ بڕگە

بڕوانە وەستاکاری بەکارهێنانی پاشگری (ت – م ) لەم کۆپلەیەدا:

چۆنت ← تۆ

رۆحم ← خۆم

رۆحمت ← خۆم + تۆ

منت ← من + تۆ

جگە لە تێکشاندنی زمانی ئاسای ، کەریم دەشتی سوڵطانە وێرانکەرەکەی (نالی) لە وێنەیەکی هونەری بەرزدا قوزتووەتەوەو بەرگی تازەگەری بۆ بڕیوە.

لەم کۆپلەیەدا ئەو تاکە دەنگەی دێتە گوێ ، دەنگی گەرووی شاعیرە، کە تەنیا لەگەڵ خۆی دانیشتووەو موناجاتی رۆحی خۆیمان بۆ دەکا، ئیمەیش وەک پەیامگر، دەنگە شەپۆلدارەکەی دەبیستین و لە دڵەوەبەشداری خەم و ئەحزانئ ئەو دەبین.

## ٢. دەنگی زماندارەکان (Sounds of Tongued Creatures)

ئاشنایەتی مرۆڤ بە بوونەوەرەکان کۆنە بە قەت کۆنی بوونی مرۆڤ، گەر لە سەرەتادا ، مرۆڤە کێویەکانی نێو داراستان و ئەشکەوتەکان، عەودالّی گۆشت وهێلکەو پێستەو پەرەمووچ و ئێسقانەکانی ئەوان بوو بن، ئەوا لەگەڵ گەشەسەندنی مێشکی مرۆڤ، شێوازی ئاشنایەتییەکە بەچەند باردا گۆڕا، تا بوون بە هاودەمی یەکترو، بەرە بەرە جێ پەنجەی ئەو بەستەزمانانە تەواو شوێنی خۆی لە مێژووی مرۆڤەیەتیدا گرت. نەقش و

نیگاری سەر دیواری ئەشکەوت و پەرستگا و دیوەخانەکانی میسری کۆن و وڵاتی بابل و ئاشورو سۆمەر، بەڵگەنەویستە کە گیاندارو تەیروتوارەکان لە تاڵی و شیرنی دا هاوڕێی ئێمە بووین و ڕەنگدانەوەیان لە ناو ئەفسانەو سیحرو کولتوورو تقوسی رۆژانەی خواپەرستیدا دەدرەوشێتەوە. تەنانەت لە هەر سێ کتێبە ئاسمانییەکاندا ئاماژەیان بۆ کراوە. خودای مەزن لە سورەتی ( النمل ٢٣) دا لەسەر زمانی پەپوسلێمانە دەفەرموێ:

**" و جیتک من سباء بنباء یقین." (٤٠)**

(حەمدی) یش دەڵێ:

**بولبولی خۆش نەوا بووم بۆ نەوای دەوری گوڵت**

**کێ وەکو هودهود حیکایەتی سەبای بۆ گێرایەوە. (٤١)**

کەریم دەشتیش دەڵێ:

**هودهودم تێگەیاندووە**

**هەواڵم بدا باران**

**بۆنی ئاقیقی شەفەق و**

**لەبی ئەوم بۆ بهێنی. (٤٢)**

زمان، بە زەحمەترین و ئاڵۆزترین داهێنانی مرۆڤ دادەنرێت. کەهیشە مرۆڤ دەستکورت و هەژارە بەرانبەر ئەو بیرو ئەندیشەو لێکدانانەوەی ، لە ناو مەنجەڵی سەریدا قوڵپ دەداو توانای دەربڕینی نییە، بە ناچار ی جارێ خۆی دەخیلی بولبول و کۆتر دەکاو جارێ خۆی دەکا بە پلینگ و هەڵۆ و ئەسپە شێ. زۆرن ئەو گیاندارانەی بوون بە ئەستێرەی ئەدەبە شاکارەکانی دونیا. شاکارە مەزنەکەی (Percy B. Shelly ) کە ناسراوە بە (To Skylark) لە دەنوکی سۆفیلکەیەکەوە دەردەچێ. بەرهەمە بە پێزەکەی

(Gerard Manley Hopkin) زادەی تەیرێکی گچکەیە

(Sea and Skylark). دەنگ و سەدای (Bird Songs ) بوو کە ئەندیشەی (Jerry Garcin) ی تەقاندەوە.

ئاوازی دەنگی گیاندارەکان ئیمرۆ وەک زانستی (Zoomuisology ) دەخوێندرێت ، ئەو بەشەی تایبەتیشە بە دەنگی تەیروتوار پێیدەگوترێت : (Ornithology) کە شیکردنەوەی سەیرو سەمەرەی دەربارەی خوێندنی تەیروتواران ئاشکراکردوە (Bird Vocalization ) ئەوان هەم دەنگیان هەیەو هەم ئاواز: دەنگ بۆ دەربڕینی ترس و برسییەتی و کۆچکردن؛ ئاواز بۆ جووت بوون و خۆشەویستی و شادمانی. هەر ئاوازێک نەغمەو رەزم و رتمی خۆی هەیە، بۆ نمونە بە شێوازی ئاوازی گەرووی

ماکەوەکە، نێرەکەو دەزانێ ، کە ئەو ماکەوەو نەخۆشە، بۆیە لەگەڵی جووت نابێ و وەچەیەکی ناساغ و سەقەت و شێواو وەبەرناهێنێ، ئەمەیش جۆری باڵندەکە دەپارێزێ و ژینگەش نۆ دەکاتەوە. ئیمرۆ ، تەکنەلۆژیای دیگیتەڵ بە ئامێری

(Sound Spectrograph) توانراوە نزیکەی سێ هەزار جۆرە دەنگی تەیروتوار تۆمار بکرێت، دەبێ ئەوەش بزانین ، کە گوێچکەی مرۆڤ توانای بیستنی ئەو دەنگانەی نییە کە لە ژێر لەرەلەری (20 MH). واتا زۆر ئاوازی تەیروتوار هەیە کە ئیمە نایانبیستین.

زانایانی مۆزیک (Musicologists ) دەڵێن ئاوازی باڵندەکان بە سێ شێوە پەڕیوەتە ناو مۆزیکەوە:

یەکەم: ڕاستەو خۆ یان ناراستەوخۆ بوونەتە ئیلهامی داهێنانێ زۆر شاکاری بەرز.

دووەم: دەنگ و ئاوازی ئەوان بەچەندین شێواز بە ئامێرەکانی مۆزیک لاساکراوەتەوە و گوتراوەتەوە.

سییەم: لە هێندێ پارچە مۆزیکدا دەنگی راستەقینەی تەیروتوار تێکەڵ بە ئاوازی ئامیرەکان کراون و بوونەتە بەرهەمی سۆزدار.

" د. پەخشان سابیر دەڵێ: باڵندە نەک هەر بەشێکی گرینگە لە سروشتدا بەلکو بەشێکی چالاک و زیندووی زوێنەری سروشتە، کە سەرباری شێوەو ، دەنگ و ئاواز ڕۆڵیان لە ژیانی مرۆڤدا هەیە." (٤٣)

لە کۆ بەرهەمی شیعری کەریم دەشتی دا، تۆمارگەیەکی ڕەنگین، لە دەنگ و ئاوازی ئەو بوونەوەرانە، رەفەکانی لیسی شیعری ئەیان دەوڵەمەند کردوەو سەراسوی دوورو درێژ و ماندو نەبووی ، بە دەووری ئەوانەوە ،میراتگەریەکی جوانی پێبەخشیوە. ئەوەتانێ لە (کتێبی نەی) دا ، لە دوا کۆپلەی یەکەمین قەسیدەی کە بە ناوی (باز) تۆمارکراوە دەڵێ:

**٢٨- وەسیەتەکانی باز**

**پیری هات، ئیتر باز پەڕپەڕی باڵانی**

**بەدەستی زریانێ خستەوە کاڵانێ**

**بە باران دوا وەسیەت**

**دوا قسەی بۆ تەوار ناردەوە**

**ئەوە بوو:**

**مەنیشن، لە نیشتن لوتکە ڕێزتان ناگرێ**

چون ژیان هەر بە فڕینەوە جوانە. (٤٤)

بیرۆکەی (The Theme ) ئەم کۆپلەیە ئەویە:" ژیان بە فڕینەوە جوانە." هۆنەرمەندی مەزن ( ئەحمەد سالار) لە شاکاری " شەهێن لە سەختەن لانە دەکا" پۆپە عاسێ و هەزار بە هەزارەکانی قولەی قاف ، بە لانەی بازو شەهێن ڕەوا دەبینێ. ئەوان لە جنسی باڵندەی ئاگرو گڕکانن لە دامێن و شەواڵەکان هێلانە چی ناکەن . وەلێ کەریم دەشتی تەماشای لە تۆقەڵەی ئاسمان دەگرێ و یەک بستە زەوی شک نابات بیکاتە نەزرگەی ( باز)ەکانی، بۆیە بازەکانی ئەو بە حەواوە گیان دەدەن و وەسیەتیان بۆ ( تەوار) ان دەنێرنەوە. [ تەوار: ١. مێچگەی باز ، بازی مێینە، ٢ منالی خرۆ خۆڵ و هەراش.] (٤٥)

دەبێ بۆ شاعیر خۆی بە پەڕوباڵی باز شۆڕبکاتەوە؟ لە هەگبەی مەعریفەتی ئەو ڕادەبینم ، کاتێ باز دەکاتە سەخمەی قەسیدەکەی، تەواو چۆتە ناو عالەمی پەنهانی ئەو باڵندە موقەدەسە. سەڕاڤێکی دەزانێ باز خوداوەندی ئاسمانەو سوڵتانی سەر زەمینەکانی ژێر باڵیەتی.

چاوانی چراو، دەنووکی زێری خۆرەتاو، دوو باڵی زیوینی چیاو سیرەی ناڵەی نەوای نەی و، هێلانەی سەر هەورانی و سەفەری بەهار پۆشە، ئەو دەروازەی شیعرێکی بازئاسای لێدەکاتەوە. لە زۆر تەلەسمی بازیشدا، وێنەی خودی خۆی بەدی دەکا: لە پیری، لە باڵ وەرین ، لە بەرز فڕین، لە ئاسمان پەرستی، لە نەکەوتن و نیشتنەوەدا. " بیروڕای زۆر لە نەتەوە سەرەتاییەکان وابووە ، کە باڵندە گیانی مردووەکان بۆ جیهانی مردووان دەگوێزنەوە." (٤٦) کەواتە لێرەدا:

| | | |
|---|---|---|
| باز | ⟷ | شاعیر |
| زریان و باران | ⟵ | قەسیدەی زیندوو |
| وەسیەت | ⟵ | پەیامی شاعیر |
| نەنیشتنەوە | ⟵ | نەمری |

روخساری جوانکاری ئەم وێنە هونەریە لەوەدایە، کە باز وەک باڵندەیەکی خاوەن باوڕو عەقیدەیەکی پیرۆز، پابەندی وەسیەت نامەکەیەتی" مەنیشنەوە" هەر بۆیە پەڕ پەڕ باڵەکانی دەداتە زریان و بە ( بارانی) پەیامبەر وەسیەتەکەی دەنێرێتە خوارەوە، ئەو لە سێبەری زەویشا نزیک نابێتەوە، نەکو لوتکە ریزی لێنەگرێ و هەور نەفرەتی لێ بکات، ئێستا جیهانی جەستەو رۆحی ( باز – شاعیر) ئاسمانە فەلسەفیەکەشی ( فڕینە) تا ئەبەد. لێرەدا دوو پنت شەوق دەدەنەوە :

١. ئاسمان بێ سنوورەو کەنارو ساپیتەی نییە. ٢. فڕین چالاکییەکی مەبەستئامێزەو ڕەها دیارو دانسقەیە، ئەوانەی دەتوانن بگەنە مەرتەبەی باز ، پلەو پایەی پێغەمبەرو

فریشتەکانیان هەیە. کەواتە پەیامگر بە سانایی تێدەگا ، کە شاعیر لێرەدا چەند خولیای خلودو نەمرییە، کە مافێکی ڕەوای خۆیەتی گەر بتوانێ داهێنەرانە عەودالی بێ!

سێرە : دەنگی باز، لێرەدا راستەوخۆ تەوارو پەیامگر دەئاخێوێ و ، وەک خەتیبێکی باوەڕدار، بە کرداری داخوازی " مەنیشنەوە" ( هۆ و ئاکامی) فەلسەفەکەی خۆی پەخشدەکا.

ئاوازی کۆپلەکە ، کە دەنگدانەوەی کێشی سێ بڕگەییە مۆزیک و نەغمەیەکی نۆتەدار لە گەوێچکەدا دەزرینگێنێتەوە، هەڵبژاردنی کێشی سێ بڕگەش -کە هەر شاعیری ئەزموونداری خۆی لێدەدا- لە گەڵ شان و شکۆ و ویقاری ( باز) لێوان لێو یەک دەگرنەوە.

* * *

لە کۆ دەنگی ئەو گیاندارانەی خۆیان خزاندۆتە ناو شیعرەکانی کەریم دەشتی تێدەگەین کە ئەو هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدا پەڕوباڵی تەیروتواران لە شان و باڵی خۆی ببەستێ و لە زەوی دوور بکەوێتەوە:

" *ماڵی خۆم دەبەمەوە ئاسمان*." (٤٧) هەر بەو خەونەوە خۆی هەڵداوەتە سەر پشتی (بۆراق)یش. تەیروتوارێکی زۆر لەسەر درەختی شیعرەکانی ئەو هێلانەیان چێکردوە، لە بازو تەوارو قوڵینگ و پۆڕو کەو و کوکوختی و هەڵۆ و باشوکەو تاوس و قەل و داڵ. قەسیدەکەی ( باز) ی کە (١٧٥) دێرەو ( ئێوارەی کۆترێ لە نووسینەوی فڕین دا ) (٧١) دێرو ، جگە لە چەندین قەسیدەی تر کە دەروونی ئەو دەخەنە سەرپشت و ئاشتیخوازی ئەو و دڵپاکی بێسنووری وشەکانی و دیدەنی روونی بەندەکانیمان لە سروشت پەرستیدا پێدەگەێنن!

دەنگی گیاندارەکانی سەرزەمینیش لە فیل و ئەسپ و ماین و کێوی و پلێنگ و ئاسک ...هتد. دەنگدانەوەی ئەڤینی خولقێنەرو هەماهەنگی پێکەوە ژیانی سەرفیرازی بوونەوەرەکان نیشاندەدا بە مرۆڤیشەوە. نە پلنگێ دەبینی چەنگ بە خوێن بێ و نە مامزێ زامی بەسەر پشتەوە بێ. ژینگەکەی ئەو جگە لە دەستلەملانیی شیعر شتێکی تری تێدا بەدی ناکرێ.

لە " ئیوارەی کۆتر" لە " پیانۆی رۆژهەڵات و ئەوانی تر." دا دەڵێ:

**پۆڕەکانیش بۆ دواجار ماڵاواییان دەکردو**

**نامەیێکییشیان بۆ من نووسی**

**تۆ حەکیمی سەر لیسی دڵی ئێمە بووی بۆ هێندە زوو**

**بە جێتهێشتین**

هێلینمان بۆ لە تیشکی مانگ چێ کردبووی

پووسمان لە جیا هێنا بوو

ئاوودانیش لە سەمەرقەند

مینش تەنیا

ئیرم لەو ئاسمانانە دەکردەوە کە منی سپیان لە ناو

شینی زیوینیاندا دەشووشتەوە. (٤٨)

پۆڕەکان ، باز نین بەرز بفڕن، شاعیر چاوانی بڕیوەتە هێلانەی ئاسمانە شینەکان، دەنا ئەو بەستەزمانانە ناسکترین هێلانەیان بۆ ئەو چێکرد بوو کە هەر شایستەی مەعشوقەکان بووە. ئەو بەجێیان دەهێلی ، بەڵام قاچێکی لەسەر زەوی و قاچەکەی تری لە ڕێی ئاسمانانە. شاعیر تەمەنای فڕین دەکات بەڵام لێرەدا پێناچێ فیراقەکەی ئەبەدی بێ.

لەم لێکۆڵینەوەم، هیچ دەقێکی لاساکەرەوەی دەنگی گیاندارانم بەرچاو نەکەوت. (Onomatopoeia): بەو کۆمەڵە دەنگە دەگوترێ کە لە شێوەی دەنگی تەیروتوارو گیاندارەکانە. واتا کە باسی خوێندنی بولبول دەکا ، ئەو دەنگ و حەرفانە بەکاردێن کە ئاوازێ سازدەکەن ، وەک چەهچەهەی بولبول وایە.

## ٣. دەنگی بێزمانەکان (Sound of Tongue less Creatures )

" شاعیری میتافۆری سروشت" دەکەمە دەستەواژەیێک و بە بەروکی "کەریم دەشتی" یەو دەکەم. ئەو یەکێکە لە شاعیرە کوردەکانی کۆتای سەدەی ڕابردوو و سەرتای ئەم سەدەیە ، کە بە عیشق و ئەندیشەو زمانێکی پاراوەوە، سروشتی بە هەموو ڕەنگەکانییەوە لە باوەش گرتووەو لە نێو خۆشەویستییەکی خوداوەندی دا تەقدیسی کردووە ، بەو هیوایەی مرۆڤەکان لێکترنزیک بکاتەوەو رموزی نهێنییەکانی شیعرو ئیستاتیکا و جوانیان بۆ بکاتەوە. ئەو هونەرمەندانە سروشتی کردۆتە سیمینارێکی ناسک و لە دەیان وێنەی شیعری و هونەری ناسکدا تەوزیفی کردوە. لە زەڕرە خۆڵی بیابانەوە بیگرە تا قوللەی کێوەکانی قاف و ئۆقیانووس و هەسارە دوورە دەستەکان. هەمووی کردۆتە هەوێن و کەرستەو سروشی بە پێزی قەڵەمی خۆی و بە زمانێکی تازە دەیانهێنێتە گۆ. جا ڕەنگ بێ بڵێیت ، کوا دارو بەردو کانی و گەڵا و بەفرو شەماڵ و مانگ و جیلوەو باران و زیمار و پایز و سووتان و سپیدەو پشکۆ و بادەو و شەونم و زەنۆێر و ئاسمان دەنگ و زمانیان هەیە؟

مامۆستا (هێمن) لە – نالەی جودایی - دا دەڵێ:

**چۆن نەناڵێ ئەو دڵە ئەنگاوتەیە ؟!**

**بەرد لە بەردی بێتەوە دەنگی هەیە. (٤٩)**

تا لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، خۆم ڕێم نەکەوتە چیای قەندیل، باش لە مانای دێری دووەمی ئەم توحفەیەی (هێمن) حاڵی نەدەبووم. قەت نەمدەزانی " بەرد" خاوەن ئەو زمانە پڕ ڕازو ئەفسانەیە. لەم تاوێرە شاخانەوە گوێت لە قرچەی بەر دەبێ کە لێکدەبنەوەو لێکدەترازێن و غلۆردەبنەوە – بە هۆکاری سەقاو کەش و هەواو سروشتەوە- هەر دەڵێی وا دە جوتیار بە گاو هەوجاڕەوە خەریکی کێلانی ئەو شاخ و هەردەن!

کە دەچیتە ناو شیعرەکانی "دەشتی" یەو زوو درک بەوە دەکەیت ، کە ئەوەندەی ئەو بە زمانی دارو بەردە قسە دەکا هێندە بە زمانەکەی خۆمان نادوێ. گەڤرو کانی و شەو و تریفەی هێناوەتە قسە. لە کۆپلەی ( ٢٥) ی قەسیدەی ( باز) دا لە (کتێبی نەی) لە بە کەسکردنی (Personification) - باز - وێنەیێکی هونەریێ دەکێشی و دەڵێ:

**باز بە باڵ گۆرانی خۆی دەچڕی کە دەفڕێ**

**بالورەی بازەکان بۆ خۆرو تەمتومانی سپی هەورانە**

**بۆ تەواری چەم و بارانە**

**ئەو لە کاتی چڕینا باڵدەگرێ**


**تا دەگاتە خۆرو ئاگری ئەزەلی خۆی دەگرێ.**


بە کەسکردن " پێدانی خاسیەت و هەست و سۆزو جموجۆڵی مرۆڤ بە پێکهاتەکانی سروشت." (٥١) کە لێرە بەخشینی بەهرەی چڕینی گۆرانی و باڵۆرەیە بە بازەکان ( بالۆرە: گۆرانی هەڵدانی کچ و کوڕە لە چیا کە هەوایەکی تایبەتی خۆی هەیە.) (٥٢) زۆرن ئەو شاعیرانەی وەسفی گۆرانی و ئاوازی باڵندەکان دەکەن. وەلێ، وەستاکارییەکەی کەریم دەشتی لە گۆرانییەکەو مانا مەجازییەکەیەتی کە لە ناوەرۆکی دێڕەکاندا شاردراوەتەوە. ئەویش پراکتیزەکردنی تێکشاندنی ڕستە ئاساییەکان و داڕشتنەوەی وشەکانە لە چوارچێوەی زمانی شیعری سەردەمدا.

لە گەڵ یەکەم شەقەی باڵیان ، بازەکان سەفەریێکی نادیار دەست پێدەکەن. کە دوا قۆناغ و کاروانسەرایان ترۆپکی بورکانە تەقیوەکانی خۆرە. لەوێدا ئاگری ئەبەدی دەگرن. وەک بڵێ ئەو بازانە لە توخمی قەقنەس و هوما بن و بازی ئاسایی نەبن. ئەگینا چۆن دەگەنە ناو چاوی خۆرو ئۆقرەشی تێدا دەگرن؟ سەفەرەکەیان ئەزەلییەو گەڕانەوەیان بۆ سەر زەوی مەحاڵە. " **خوا لە ئاسمان / شەیتان لە زەوی**" (٥٣) وردەکارییە پڕ

نەقاشییەکەی ( کەریم دەشتی) ئەوەیە: دەنگ و ئاوازی چرینی گۆرانیەکانی لە زمانی (باز) ساندۆتەوە داویەتی بە (باڵەکانی باز). ڕەنگ بێ باز لە یەکەم چرکەی جیا بونەوی لە زەوی تا دەگاتە سەر پشتی خۆر نەتوانێ هەر گۆرانی بچڕێ، دەنووکی بچوک و گەرووی تەنگی ئەو بەهرەیی پێنەداوە، بۆیە لیرانە دوو باڵە گەورەو بە هێزەکانی ، شاپەڕ شاپەڕ ، دەکاتە گەرووی گۆرانیبێژو ، بالۆرەی پێدەچڕێ. ئەو باڵانە نە ماندوو بوون دەزان و نە لە شەقە دەکەون. کەواتە گۆرانیەکانی باز گۆرانی ئەزەلین و کپ بوونەویان بۆ نییە تا ئاگری ئەزەلی نەگرن. ناوەرۆکی گۆرانیەکانیش : بالورەی کوڕو کچانی کویستان و شاخ نشینەکانە، کە بۆ خۆرو تەمتومانی سپی هەوران و تەواری چەم و بارانانن، دیارە ئەوانیش لە زمانی باز تێدەگەن و چێژی لێوەردەگرن و خۆیانی پێ سەرمەست دەکەن.

لەم کۆپلە شیعرەدا تێدەگەین کە:




دەستەواژەی ": ئاگری ئەزەل" ئیحای ئەوەمان دەداتێ کە بازیش دەبێتە پشکۆی ئەو ئاگرە ئەزەلییە، بەڵام نازانین کە لە چڕینی گۆرانی دەکەوێ یان نا، شەقەی باڵیان هەر دەنگی دێ یان نا. لێرەدا کۆتاییەکی کراوە

(Open - ended) لە بیرۆکەکەدا (The Theme) هەیە، کە ڕاڤەی جیا جیا هەڵدەگرێ و حونەریی جێ پەنجەی شاعیریشی پێوە دیارە.

بەشدار بووانی ئەم کۆنسێرتە، تەنیا پەیامگر( خوێنەر، بیسەر، ڕەخنەگر) نییە، بەلکو خەڵکانی تریش گوێبیستی ئەون، وەک: باز، باڵەکانی باز، خۆر ، تەمتومانی سپی هەوران ، تەوار ، چەم ، باران ، ئاگری ئەزەلی. شاعیر ئەو پەیامەی پێیە کە ، باز

بەبی فڕێن و چڕین بالندەیەکی بێ دەسەڵاتە، لە گەڵ چڕینا ئەو باڵدەگرێ و هێزی ئەو لە چڕینیدایە، ( لێرە باز – شاعیرە).

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا : قەسیدەی باز، کێشی سی برگەیی ئاوازداری هەیە. شاعیر بەوەش نەوەستاوە، کۆمەڵێ دەنگ و ئاوازی لە یەکچووی ئاخنیوەتە ناو ڕۆحی قەسیدەکە:

باز ؛ باڵ ؛ بالۆرە / دەچڕێ ؛ دەفڕێ / هەورانە ؛ بارانە / باڵدەگرێ ؛ خۆ دەگرێ / بۆ ؛ خۆ ؛ خۆر ، ئەمانەش جۆرە سەروایەکی ناوەکی دروست دەکەن Initial Rhyme or (Alliteration).

## ٤. دەنگە نەبستراوەکان (Inaudible Sounds )

گوتمان مرۆڤ توانای بیستنی ئەو دەنگانەی نییە کە لەرەلەرەکانیان لەژێر (20 HZ) یان لەسەروی (20 000 HZ) بێت، بەڵام هێندی گیاندار گوێچکەیان لە هی مرۆڤ هەستیارترە و دەنگەکانی دەرەوەی بازنەی گوێچکەی ئیمە دەبیستن کە پێیان دەگوترێ (Ultra Sonic Sound)

ئەم دەنگە نەبیستراوانەی لەم برگەیەدا ئاماژەیان پێئەدەین، دابەش دەکرێن بەسەر دوو هۆبەوە :

یەکەم ؛ ئەو دەنگانەی بە هەستەوەرێ ، غەیری هەستەوەری " بیستن" هەستی پێدەکەین. وەک هەستی " بینین". ئەم دیاردەیە پێیدەگوترێ

(Synaesthesia). واتا ئۆرگانی دەمارەکان بەبێ ئاگایی، ڕۆڵی هەستەوەرەکان ئاڵوگۆڕ دەکەن، ئەمەش بەچەند شێوازێک پێناسە دەکرێ؛ وەک هەستگۆڕکێی" دەنگ بۆ ڕەنگ "(Graphic – Colour Synaesthesia).

یان هەستگۆڕکێی" ڕەنگ بۆ دەنگ " (Colour - Graphic Synaesthesia).

کاتێ ئیسحاق نیوتن (Isaac Newton ) – زانای فیزیکی ناسراو – ڕایگەیاند ، تونەکانی دەنگ و تۆنەکانی ڕەنگ لەرەلەری شەپۆلیان هەیە، وەک تیۆرێک دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە جیهانی فیزیکدا بوو. نزیکەی سێ سەد ساڵە ئەم چەمکە لێکۆڵینەوەو تاقیکردنەوەی لەسەر دەکرێ و چەندین تیۆری جیا جیای بە دوای خۆیدا هێناوە ، وەک تیۆری ڕەنگدانەوە(theory of Colour) Goethe ), وە ) کە لە ئەدەب و هونەر ئێمرۆ کاریان پێدەکرێ و لە هونەری دەنگ و ڕەنگ (Audiovisual Art ) وە لە مۆزیکی بینراو ) (Visual Music وە لە ڕەنگی مۆزیک ( Colour – Music ) ڕۆڵیان هەیە.

دووەم؛ ئەو دەنگانەی کە دەچنە خانەی ئەو دیاردەو مەتیریالانەی کە هیچ دەنگیان نییە ، بەڵام ئیحای جۆرە دەنگێ بە مرۆڤ دەبەخشن. ' بۆ پرۆسەی خوێندنەوەی شیعر پێویستمان بە کۆدان و کۆد هەڵوەشاندنەوە هەیە ئەمەش کرداری خودییە ، بەڵام سنووری خۆی هەیە. (٥٤) کاتێ (Neal David Benezra ) لێکۆڵینەوەێکی شیکاری لەسەر کاری ئەدەبی (Juan Munoz ) (٥٥) ئەنجام دا، ئەو دەڵێ : هەموو ژوور و دیوارو شەقام و ڕێگاو بان و بەردو دارێ دەنگی تایبەتی خۆیان هەیە. ئیمرو زانستەکان ئەوەیان سەلماندوە کە مێشکی مرۆڤ هەمان بەرنامەی کۆمپوتەری" خستنە ڕووی کۆی شتەکانی هەیە" کە پێی دەگوترێ بەرنامەی (Built – in - Google) لێرە پێناسەیەکی تازەیان بۆ گۆرانی داناوە، لە گۆرانیدا وا باسی (دەنگ) دەکرێ کە : هەسارە بریتیە لە لەرینەوە، کە ئەویش دەنگ و وزەیە. ئەو دەلێ ئاسمان دەنگە، خۆشەویستی دەنگە، سووتان دەنگە، پێکگەیشتن و لێکدابڕان دەنگە، هەرچی تۆ دەیبینی و نایبینی دەنگی هەیە.

لە ( کتێبی نەی) دا ( کەریم دەشتی) لە قەسیدەی ( پەرستگای سروت) لە کۆپلەی (٢٢) لە ژێر ناوی (سروتی دڵان) دەڵێ:

**ئاسمانێک لە هەور و کەنارێک لە گیا**

**شاباڵێ لە فڕین ، هێندی خەم و هێندی سەما**

**دڵێکە هەر هێندەی کاسەیێ**

**کاسەیێ بە قەدەر گشت دونیا .(٥٦)**

دەنگێکی زۆر لە ناو ئەم دێرانەدا خۆیان حەشار داوەو نابسترێن ، بەڵام هەستی بینین دەنگەکانمان لە بن گوێدا بۆ دەزرینگێنێ. چۆن؟

کە چاو سەیری هەور دەکا" تریشق وهۆڕی برسکەو چەخماخە لە مێشکماندا دەنگدەداتەوە. (کەناریک لە گیا) پڕە لە شنەشن وجریوەجریوی تەیروتواران. ( شاباڵی فڕین) فڕەو شەقەی باڵەکانمان بۆ دێنێ، (خەم و سەما) کپی و ماتەمینی و بەزم و ڕەزم و داوەتمان بۆ دێنێ، (کاسە)یش زرینگانەوەو چۆڕەچۆڕی بادەمان نیشان دەدا. ئەو هەموو دەنگە شاراوە لە ناو (دڵی) شاعیردا وجودیان هەیە." نائاگایی ئەو لایەنە دەروونی و کەسایەتییەیە کە ناتوانێ حاڵەتی ئاگایی پڕ بکاتەوە ، بە شرۆڤەی دەروونی نەبێت." (٥٧) دڵیش خۆی سەرچاوەی هەموو دەنگەکانە:

ئاسمان / هەور ← چەخماخە وتریشقە

کەنارێک لە گیا ← شنەو خشپەو جریوە

شاباڵی فڕین ← شەقەی باڵ و فڕە فڕ

دڵ — خەم ← کپی و نووزانەوەو ناڵاندن

سەما ← مۆزیک و چەپڵەو تەپڵ و گۆرانی

کاسە ← زرینگانەوەو چۆڕەچۆڕ

کاسە ← دڵ ← هەموو دونیا ← هەموو دەنگەکانی دونیا.

حەزرەتی نالی لە قەسیدەی ) ساقیی! وەرە، مەیخانە بێ دڵ کۆنە ڕەحیقی) دا دەڵێ:

*"یەک ڕەنگم و بێ ڕەنگم و ڕەنگین بە هەموو ڕەنگ*

*بەم ڕەنگە دەبێ ڕەنگ ڕێژیی عیشقی حەقیقی.* "( دیوانی نالی .ل: ٦٥٥)

مامۆستا مەلا عبدالکریمی مدرس بەم شێوەیە بەشێکی بەیتەکەی لێکداوەتەوە:" خۆشەویستی راستەقینەش ئەبێ بەم جۆرە ڕەنگی بۆ بڕێژێ کە من بۆم ڕشتووە. – یاخود خوا کە ڕەنگڕێژی عەشقی ڕاستەقینەیە، ئەبێ بەم جۆرە بکا-"( ل: ٦٥٥-٦٥٦)، ئەدی دەبێ کەریم دەشتی بە چ ڕەنگێ خۆێ ڕەنگرێژ بکات تا خۆشەویستیی حەقیقی خۆیمان بۆ ئاشکراکات؟

لە کۆپلەی (٢٩) ی قەسیدەی ( ئاو ئاوترین ئاو)، کەریم دەشتی چەند وێنەیێکی هونەری دەنگە نەبیستراوەکانمان لە بەرچاودا نمایش دەکا.

**تۆ ئاوێکی حەوت ڕەنگی**

**ڕەنگێکت دەچیتەوە سەر ئاگر**

**بەو ڕەنگە دەمسووتێنی**

**ڕەنگێکت دەچیتەوە سەر با**

**بەو ڕەنگە بە دونیادا دەمگێری**

**ڕەنگێکت دەچێتەوە سەر خۆڵ**

**بەو ڕەنگە لە گۆڕم دەنێی.(٥٨)**

که تۆنی ڕەنگ، وەک تۆنی دەنگ بریتی بێ لە لەرەلەری شەپۆلی ماددەکان، ئەوا بە سانایی لە ڕێگەی هەستی ( بینینەوە) دەناسرێتەوە، ' هەر شتێ بەهۆی هەستەوەرێکەوە درکی پێبکرێت پێیدەوترێت ( درککراوی هەستی) کە کاریگەری خۆی هەیە لە بەرهەمی ئەدەبیدا."(٥٩) جا لێرەدا بەم شێوەیە گوێبیستی دەنگە نەبیستراوەکانی ڕەنگەکان دەبین:

ئاوی حەوت ڕەنگ ←—— حەوت جۆرە ئاوازی ئاو

ڕەنگی ئاگر ←—— زوردو سوورو شین ←—— قرچە قرچ و هەڵقرچان و نێڵەنێڵ

ڕەنگی با ←—— بێ ڕەنگ و شین و تەماوی ←—— هێمنی و کپی و وژە وژ.

ڕەنگی خۆڵ ←—— خۆڵەمێشی ←—— گریان و شین و شەپۆڕو ماتەمینی.

زەحمەتە پەیامگر ، لە کاتی خوێندنەوەی ئەو کۆپلە شیعرە،بتوانێ لۆکە بئاخێوتە کونی گوێی و لە دەنگی ڕەنگی نمایشکراوی ( ئاو و ئاگر و خۆڵ و با ) خۆی کەڕ بکات. بەبی وجودی سەدای دەنگەکان ئەم کۆپلە شیعرە خرەبەردێکی بێ زمان و بێ گیانە. مەحاڵە هەستەکانی ئینسان

( سووتان و گێڕان و لە گۆڕنان) بە کش و ماتی، بێ چرپەو هەناسە ، قبوڵ بکات و هەر چوار دەوری وێنە هونەریەکەی ئەم کۆپلەیە ببینێ وبە وێنەیێکی (تەواوی) دابنێ. خۆ گەرشیعرەکە لە دەنگەکان ڕووت کەیتەوە، دیمەنەکە دەبێتە هێلکارییەکی سادەی وشەسازی بێ رۆح ، دوور لەو هونەرە(شیعرناسی) یەی( کەریم دەشتی )عەودالیەتی و باوەڕی پێیە. (نالیش، بە شێوەیەکی تر دەڵێ، بێ ڕەنگم و لە دڵداریدا فەوتاوم و فەوتاویش ڕەنگی نییە.) ل. ٦٥٥

وای بەباش دەزانم، لێرەدا، جیاوازی لە نێوان " دەنگە نەبیستراوەکان" لە گەڵ شێوازی " هەستگۆڕکێ" روون بکەمەوە . مامۆستا (هاوژین سلێوە) بەم شێوەیە پێناسەی شێوازی " هەستگۆڕکێ (Correspondence) دەکات :" بریتیە لە گۆرینەوەی ڕۆڵ و ئەرکی هەستێک بە هەستێکی تر، بۆ نمونە ، گۆڕینەوەی هەستی بینین بە بیستن، وەک ( شێرکۆ بێکەس) کە دەڵێت:

**قامیش بۆ خۆی**

**ڕەنگی باڵای هەر یەک ڕەنگە، زەردێکی کاڵ**

**کەچی وەختێ عەشق ئەژەنێ**

**لە کونەکانی برین و لە زاریەوەو لە چاویەوە**

**بە سەدان بەژنی ڕەنگاو ڕەنگ**

ئەبن بە کۆڵکەزێرینەو

دێنە دەرێ. (٦٠)

لەم وێنە شیعریەدا (شێرکۆ بێکەس) بە چاوی خۆی ڕەنگی کۆڵکە زێرینەکە دەبینی، وەستایانە ڕۆڵ و ئەرکی چاو گوێچکەی گۆڕیوەتەوە، هەرچی " دەنگە نەبیستراوەکان"ە لە تونی ڕەنگەکان دەنگ و ئاوازێ هەڵدەستێ و ئیحای دەنگەکان لە ڕەنگەکانەوە هەڵدەقوڵێن، چاو هەر کاری بینینەو گوێچکەش هەر بیستن. وەک ئەو نموونەی لە شیعری دەستی دا ئاماژەم پێدا.

## ٥. دەنگە خەفەکراوەکان (Strangled Sounds)

" شیعر دەنگی مرۆڤە."(٦١) دەنگی ناخیش ئەوکاتە دەگاتە بەر گوێ ، کە مرۆڤ جیهان دەئاخێوی و بوونی خۆشی لەم ئاخاوتنەدا دەدۆزنەوە، ئەم جیهانە کە لە ناو دڵ و دەروون ومێشکی مرۆڤدا هەیە هەزارەها شێوەو ڕەنگ و ڕواڵەتی هەیە، مەحاڵە شێوەی ئاخاوتنی تۆ لە گەڵ جیهانی ناوەوی خۆتدا هەمان شێوەبێ کە برادەرو دۆست و ئازیزانی پێدەدوێنی. ئەوا شاعیرە ، کە بە ئیلهام و بیرو هۆش و خەیاڵەوە دەنگەکانی (ناخ ) و دەنگەکانی ( دەرەوەی ناخ) لە ناو یەکدا تێکەڵدەکاو ئاوازێکی تازەی لێدەخولقێنێ کە زۆر لە مرۆڤەکان خۆیانی تێدا دەبیننەوە، ئا لێرە دا بەهرەو سەلیقەو توانای شاعیر بەدیار دەکەوێ. هەرچەند مێشکی مرۆڤ پتر لە سەد بلیۆن خانەی مێشکی (Neurons) هەیە، هەر یەک (Neurons) توانای نووسین و خوێندنەوەی داتایەکی هەیە بە بڕێ (0.122 Kilobytes ) (٦٢) بەڵام ئێستاش زۆر بیرو خەیاڵ و لێکدانەوە هەیە کە لە ناو دەروونمان پەنگدەخواتەوەو ناتوانین دەریانببڕین و تەعبیریان لێوە بکەین. کەواتە هەمیشە دەنگە خەفەکراوەکان لە ناو سینەی مرۆڤدا بوونی هەیە. شاعیریش ، وەک مرۆڤێکی هەست ناسک و خاوەن خەون وخەیاڵ دەکەوێتە ژێر باری ئەو دەنگە خەفەکراوانە، بۆیە (گۆران ) هاوار دەکاو دەڵێ:

هەرچەند دەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم

بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم. (٦٣)

دەنگی خەفەکراوی شاعیر لە دوو ڕەهەندەوە خۆیان دەنوێنن: ڕەهەندێکی ڕاستەوخۆ، شاعیر هەست دەکا دەنگێ لە گەروویدا عاسێ بووەو وەک کابوس بۆی وەگیر ناکەوێ. ڕەهەندی دووەم، ناڕاستەوخۆیە: شاعیر بە هەموو هێزیەوە دەنگی خۆی هەڵدەبڕی و بە وشەو وێنەو خەیاڵ و سنعەتی شیعرەوە ناخی خۆی دەردەبڕێ ، بەڵام ئەو بێئاگایە ، کە لە جیهانی (نەستەوە - Unconsciousness ) هێشتا هێندێ دەنگی خەفەبووی لێ بەجێ ماوەو دەستی پێینان ڕانەگەیشتووە تا پەلکێشی ناو قەسیدەکانی بکات.

لە چەندان نموونەی شیعری ناسک ناسکدا ، (کەریم دەشتی) وەک برینداریکی چەقۆ لە پەراسوودا چەقیو، بە ئازارو سۆی ئەو دەنگە خەفەکراوانەوە دەسووتێ و دەناڵێنێ:

لە کتێبی " تۆ لە هەموو شوێنێکی تۆ" ، لە قەسیدەی " مانگی شکاو" دا دەڵێ:


**بەدیار قامیشەڵانەوە وەستاوم**

**هەموو دەنگەکان هەر تۆ بووی**

**هەموویان بکەم بە شمشاڵ**

**هێشتا ئاوازی فیراقی تۆ ناژەنن. (٦٤)**

بەڕاستی ئەم کۆپلەیە، لێوان لێو، دەنگی لێدەچۆڕێتەوە. سەدان ، هەزاران لوولە قامیش لە مەملەکەتی قامیشەڵان ، ئاوازو وژەوژو هاواری خۆیان هەیە. شمشاڵەکان، سازو نۆتەو چریکەی خۆیان دەچڕن. هاواری فیراقی شاعیر، پڕ لە ناڵەو لاوانەوەو ناڵاندنە. ئەوا جگە لە قامتە وشەیەک کە هەڵگری " دەنگ و ئاوازن": دەنگەکان / شمشاڵ / ئاواز / ژەنین" بەڵام ئەو هەموو دەنگ و ئاوازە ، دەستەوەستانن ، لە کردنەوەی دەنگی خەفەکراوی سینەی شاعیر




تۆ سەیر کە چۆن شاعیر کەوتۆتە ژێر کاریگەری (نەستەوە)، کە دەڵێ:

**" بە دیار قامیشەڵانەوە وەستاوم "**

(وەستان بەدیار شتێ )، لە کوردەواریدا ئاماژەیە بۆ بێدەسەڵاتی و تێڕامانی بێئاکام و خۆبەدەستەوەدان. شاعیر، سەربازێکی یەخسیرکراوە، بەدەستی لەشکری فیراق، هەموو هێز دەداتە بەرخۆی و دەیەوێ ماسولکەکانی گەرووی گرژترکاتەوە بەلکو بتوانێ دەنگە خەفەکراوەکانی نێو سینەی دەربڕێ. سەیرکە هانای بردووە بۆ ئەم واتایانە ( هەموو / هەر / هەمووان / هێشتا / ناژەنن) بەو ئومێدەی شتێ بە شتێ بکاو لە ئێسقانەکەی ناو گەرووی گیری خواردوە رزگاری بێ. ئەمە نموونەیێکی ڕەهەندە راستەوخۆکانی دەنگە خەفەکراوەکانە، کە دەمێکە شاعیر پێی دەتلێتەوەو دەڵێ:

**وێنەکانت مەجازی خودایە**

**دەرگای گوزارشت لە زمانم دادەخەن. (٦٥)**

ئەمە بیانگەیە، شاعیر دەیەوێ بە دەستەواژەی ( ***مەجازی خود / زمانم دادەخەن)*** قەناعەتمان پێبێنێ، کە تەعبیر کردن لەم وێنانە لە توانای مرۆڤ دانیەو موستەحیلە بە مەمانان بکرێ. ڕەخنەگر و پەیامگری وردبین تێدەگەن کە دەنگێکی خەفەکراو لە پشت یان لە ناو ئەم وشانەدا خۆیان مەڵاس داوە.

لە کۆپلەی (٤٥) ی قەسیدەی " وردە گەڵا" لە دیوانی "پیانۆی ڕۆژهەڵات و ئەوانی تر" دا شاعیر دەڵێ:

**ئەو دڵەی من دەڵێی درەختێکە تەنها**

**تێکەڵ بەتەمی شاخ بووە**

**دەڵێی نالییە بە تەنها سواری بۆراقی ئاخ بووە (٦٦)**

لە وێنەیێکی هونەری ، لەسەر بنەمای - وێنەی لێکچوون - جارێ دڵی خۆی دەکا بە درەخت و جارێ بە حەزرەتی نالی ئەو درەختە بێکەس و تەنیایە، یان تەنیا بە تەم و تەمتومانی کەژوشاخ تێکەڵە، دەنگێکی خەفەکراو، لەو دیوی ئەم کۆپلەیە دەیەوی حاڵی ئەو دڵەمان بۆ بەیان بکات. دەبێ بۆ لەم شاخە چۆل وهۆلەدا ، ئەو دڵە بوبێتە درەختێکی سەر بەتەم؟ چ هاوارێکی لە سینەدایە؟ چ قیژەیەکی لە گەرووددا عاسێ بووە؟ دوای کە هەمان دڵ دەبێ بە نالی ، هەموو دیوانە توحفەکەی نالی دێتە حزورمان و قەسیدە دوای قەسیدە، غەزەل دوای غەزەل، وەک بارانی بوهارێ، بەسەرماندا دەبارێنێ، ئەوا جگە لە زرینگ وهۆڕی بۆراقەکەی سەر پشتی ئاخ. وەک مانگە شەو دیارە، شاعیر خەون بە پلەو مەقامی نالی دەباو چاویشی بڕیوەتە بۆراقی شیعری ئەو، بەڵام دەنگە خەفەکراوەکەی پێنەشاردراوەتەوە. بڕوانە:

دڵ ← درەختی ناو تەم ← دەنگی عەشق و وڵات و جوانی

دڵ ← نالی و بۆراقی ئاخ ← دەنگی شیعری نەمرو، خلودی شاعیر

## ٦. دەنگی خودا( The God's Sound )

(Heraclites ٥٧٦- ٤٨٠ پ.ز.) فەیلەسوفی یونانی دەڵێ ، " زمان وەحیەکی خوداییە و هاتۆتەخوارەو خەڵکی فیرە قسەکردن و ناوی شتان کردوە." (٦٧) **نە ڕێبازەکانی لێکۆڵینەوەکەم ، نە بواری رەخنەگری ڕێم پێدەدا ( باوەڕداری) یان (باوەڕنەداری) کەریم** دەشتی ساغکەمەوە و دێرانی پێ ڕەشکەمەوە. بەڵام بناو لێدان و پەلکوتان بە دوای

مرواری و مەرجانەکانی قوڵایی دەریای شیعرو شکاندن قۆزاخەکان و نیشاندانی تەلەسمی مرواریییەکان و روخساری جوانی ئیستاتیکای شاراوەی رۆحی شاعیر بە حەقی خۆم دەزانم.لە سەفەر بەناو شیعرەکانی کەریم دەشتی دا، تێدەگەی ڕەنگدانەوەو کاریگەری ( خودا و خوداکان) لە بونیادی شیعرو هزری شاعیر دا هێندە زەق و گەشاوەیە ، بۆ هەر لایەک گوزەر دەکەی زاراوەو واتای خوداوەندی ڕێت پێدەگرن و زوو درک بەوە دەکەی کە ئەو رووبەرە فەلسەفی و مەعریفییەی لە پشت ( خوا، خودا، خواکان، خوداوەند، خوداوەندی، یەزدان ، باوەڕ، بەهەشت ، دۆزەخ...هتد) هەیە پتر لەوە هەڵدەگرێ کە لە پێناوی وشەزسازیدا تەوزیف کرابن. لێرەدا، قەرەی خۆم لە فەلسەفەی ئاین و ئاینی فەلسەفە نادەم وەلێ وەزیفەمە بەدوای ( خودا) یان (خوداکانی) شاعیردا بگەرێم ولە سروشتی بوونیان شارەزای پەیدا کەم و چۆنیەتی مامەڵەکردنی شاعیر لەگەڵ ئەواندا شیبکەمەوە.

لە بگرەوبەردەی ئەو لێکۆڵینەوە، وای بۆ دەچم کە بۆچوون و تێڕوانینی (کەریم دەشتی) دەربارەی (خودا) زۆر نزیکە لە تەفسیرە میتافیزییەکەی (ئەرستۆ) کە ناسراوە بە (Aristotle's Metaphysics ) : تێیدا (هۆکارەکان) یارمەتیدەرو داهێنەری – هێزە زەبەلاحە دەسەڵاتدارەکەیە – کە گەردوون بەرێوەدەبات و خوی خۆشی بەدەرە لە بینین. ئەو هێزە سنوورشکێنەش بە زاراوی ( خودا) ئاماژەی بۆ کراوە.

میتافیزیکستەکان عەیامێکە خەریکی شەنوکەو کردنی بوونی (Existence) ئەو (هێزەن) و چەندین چەمکی تەمومژاویان داهێناوە وەک – هێزی بەدەر لەسروشت- ) (Supernatural Forces، رووداوەکان (Events)، پەیوەندی نێوان ئاسمان بوونەورەکان و باوەڕ بوون بەو (هێزانە)، ماهیەتی رۆحی شاعیر دەخەنە حاڵەتێکی پڕ ڕامانی جوانی ومۆڕالیەوە ( Epistemological aesthetic ) بە جۆری کە ناخی دەهەژێنێ و ڕەنگدانەوەی لەسەر کاری هونەری و ئەدەبی دا دەبێت. لێرەدا تێڕوانینی جیا لە نێوان عالەمی رۆحی ناخی شاعیرو عالەمی سادەی خەڵک سەرهەڵدەدا. بۆیە ئاساییە کە لە ناو رۆحی شاعیر پتر لە (خودایەک) وجودی هەبێ. واتا مەرج نییە شاعیر لە گروپی یەک خواکان بێ (Monotheism)، هێندێ جار فرەخواکان (Polytheism)تینوویەتی رۆحی ئەو دەشکێنن. ئەوان لەو باوەڕەدان کە خودا تاک و تەنیایەو هەموو کەون و کائینات بە مەشیئەتی ئەو هەڵدەسووڕن و خۆشی بەشێکە لەم بوونە. بەڵام بۆی هەیە شاعیر ئەو سنوورە ببەزێنێ و بپەڕێتەوە بۆ (Pantheism )، کە باوەڕی وایە، (خودا) زۆر لە گەردوون و کائیناتەکان گەورەترەو هیچ هاوتایێکی نییەو پێناسەیەکی تەواو و تەکمیلی مەحاڵە! لێرەدا ، لە نێو دونیای شیعرو شاعیریەت (کەریم دەشتی) دەبێ بە ( عەبدە) بێ قودرەتەکەی سەر زەوی، کە بۆ وەدەست هێنانی دونیایێکی باڵاترو خلودێکی ئەبەدی هانا بۆ ئەو (خودا / خودایانە) دەبات. دەبێ ئەوش ئاشکراکەم کە (خودا / خوداکانی) ئەو بەدەرن لە شتە ناشیرینەکان:( زوڵم / ناحەقی / تاوان / گوناە /

دەستدرێژی......هتد). کەواتە ئاسایە کە شاعیر باوڕێ بە بوونی خودا هەبێ لەدەرەوەی (ئاین) دا . (Alvin Plantinga) ی فەیلەسوف لەو باوڕەدایە کە هەرکەسێ باوەڕی بە خودا هەبێ بەڵگەی مەنتیقی خۆی پێیە (Rational Proofs) بۆیە (Dr. Z. Phillips) دەڵێ:' باوڕ بوون بەخودا ، مەسەلەیەک نییە لە ماهیەتی هیچەوە سەرچاوەی گرتبێ، بەلکو شیوەیێکە لە شێوەکانی ژیان."(٦٨)

دەشتی لە کۆپلەی (١١) مینی قەسیدەی ( تەنها ئاو وەک ئاو وایە) لە (کتێبی ئاو) دا دەڵێ:

**باران تاقانەی میهری خودایە:**

**ڕیگەی بەهەشتمان پیدەڵێ**

**سیمای فریشتەکانمان پێدەبەخشێ**

**سیفەتەکانی ئاگرمان بۆ دەنووسێتەوە**

**ئاو دڵێ پڕ کوانووی ئەم کەونە گەورەیە:**

**شارەزای قەدەرو**

**فێری زمانی بامان دەکات**

**نهێنی خودامان پێدەڵێ**

**شێلوی کەین لە پەل و پۆی خۆمان دەخات**

**هەر تەنها ئاوە وەک ئاو وایە**


**هەر تەنها ئاوە پڕ لە نوورو عەشقی خودایە. (٦٩)**

سەیرکەن چۆن لێرەدا ، شاعیر بۆتە خەتیبێکی سەر بە عەمامەو جبە لەبەر، لەسەر مینبەری دیوەخانی شیعردا ڕاوەستاوەو بە شێوازی وەسفی وێنەیێکی گشتی کە خۆی لە چوار وێنەی تاکدا دەبینێتەوە –کە لەسەر بنەمای شێوازی بە لێکچوواندن داڕێژراون -دەخاتە روو.

وێنەی ١: ( باران ، تاقانەی پڕ میهری خودا)، وێنەی ٢: ( ئاو، دڵی پڕ کوانووی کەون)، وێنەی ٣ :(ئاو لە ئاودا) وێنەی ٤ ( ئاو، نوورو شەوقی خودا). شاعیر ، راستەوخۆ، فەلسەفەی (خوداکەی) خۆیمان بۆ ڕاڤەناکات، وەستایانە پەنا دەبا بۆ ( باران و ئاو) وبە زمانێکی پاراو و سادەو تۆکمە (خودا –لە دیدی خۆیدا) نمایشدەکا. خودا لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ:" سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الْآفَاقِ وَفِي أَنْفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقُّ ۗ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ " (٧٠) جارێ، با سەرپێی ، سەرنجێک لە زاراوەکانی (بونیادی خودا) بدەین، ئەو خودایەی کە شاعیر بە زوبانی ئەدوێ و پەیامێکی پیرۆزی پێیە: ( میهر /

بەهەشت / ئاگر / کوانوو / کەون / قەدەر / نهێنی / لە پەل و پۆ خستن / ئاو / شەوق و نوور ) کە هەموویان بەشێکن لە ماهیەتی ئایەتە پیرۆزەکەی خودای مەزنن. شاعیر بە ( باران و ئاو) عەزەمەتی ئەو خودایە دەخاتە روو ، ئەوا جگە لە ڕازی داهێنانی شیعری و بونیاتی ئیستاتیکە شاراوەکەی شیعرەکە. خودای ناو دڵ و رۆحی دەشتی ئاوێنە جوانەکانی خۆی –کە بریسکەی خودی شاعیری تێدا بەدیدەکرێ - نیشانی ئێمە دەدا" شیعر هەمیشە هەوڵێکە بەرەو ئاقارە غەیب ئامێزەکان." (٧١): ( رێگای بەهەشت / سیمای فریشتە / دڵی کەون / زمانی با / نهینی خوا / نوورو عەشقی خوا ) ئەمانە هەمووی (کۆدی Codes ) شیکردنەوە میتافیزیکییەکەی ( ئەرستۆ) یە، کە بە خوایەکی بەهێزو خێرخواز ئاشنامان دەکات. پیویست بەوە ناکات پریاسکە لەسەری خۆت ببەستیت و خۆت لە خمخانەی تەفکیر دا ڕەنگرێژکەی، فۆرمەلەکە زۆر روون و سادەو ئاشکرایە: ***" ئاو وەک ئاو وایە / هەر تەنها ئاوە پڕ لە نوورو شەوقی خوایە."*** بڕۆ گۆلمە ئاوێکی کانیاوێ ، یان تاسە ئاوێکی زەمزەم بەسەر بیلبیلەکانی چاوی خۆت دابکە، تا لە پڕوشەی زەڕڕەکانی ئەو خودایە تێبگەیت! ئەو (خودا ) و (ئاو) ی لە دوو تای تەرازوێکی هاوسەنگ داناوە، کە مشتێ لێکدانەوەی پەرادۆکسی بۆ دەکرێ: ئاو لەسەر دەست / خودا لە ناو رۆح ، ئاو لە بەر چاو / خودا لە هزر ، ئاو ، نزیک نزیک / خودا دوور دوور ، ئاو بە هەموو شێوەکان وجودی هەیە، خوداش هەموو خەسلەتەکانی سەرمەدو ئەزەلی هەیە.

سەیرێکی کۆدەکانی ئەو معادەلە ئالۆزکاوە بکە:



**لە گفتوگۆیێکی شاعیرانەی نێوان خودا و کەریم دەشتی دا لە کۆپلەی (١٩)ی قەسیدەی ( لە نیوەی قەڵەمدا) دەڵێ:**

**من باسی تۆم لە لای خوداکان کردوو**

**خواش باسی تۆی لە لایی مندا کردووە**

**پێم بڵێ ئەتۆی چۆن دروست کردووە؟ (٧٢)**

لەم قەسیدەیەدا، شاعیر راستەوخۆ دەنگی خودامان بۆ ناهێنێ، ئەو هەموو شێوەکانی دەنگی خودای لەسەر زاری مەخلوقەکانیەوە، بە چەندین ئاواز، دووبارە کردۆتەوە: با ئەوش بڵێم ، لە دیوانی "درەختەکانی خامۆش" دا تەنیا یەک نیشانەی پرس هەیە ، ئەویش لێرەدا دانراوە.

ترپەی باران
جۆش وخرۆشی بەهەشت
چرپەو هەناسەی فریشتە
نێلە نێلی ئاگر
ترپەی دڵ
قرچەقرچی کوانوو
بێدەنگی قەدەر
وژەوژی با
کپی نهێنی
شەپوهۆڕی ئاو
لرخەلرخی لە پەلو پۆ کەوتن
ئاوازی ڕەنگەکانی نوورو عەشق
دەنگی شاعیر

= سەدای کەون =

دەنگی
خـودا

## ٧. دەنگی پرس( The Sound of Inquiry )

پرس سەرچاوەی زانیاری و مەعریفەیە، بۆیە رووبەرێکی فراوان لەسەر نەخشەی زمانی هەر نەتەوەیەک داگیردەکات. بەشێکی بەرچاو لە ئاخاوتنی رۆژانەی مرۆڤ بە شێوەی پرس ئەنجام دەدرێ. پرس تەعبیرێکی زمانەوەانیە، بۆ داخوازی کردنی زانیاری یان داواکاری بەکار دێ. زۆربەی بیرۆکەکانی سوکرات ، لە کاتی خویدا، بە شێوازی پرس دەخرانە روو. پرس بە یەکێک لەم فۆڕمانە دەخرێتەروو: ئەو پرسانەی وەڵامی (ئا/نا) یان هەیە ؛ ئەو پرسانەی وەڵامی راستەوخۆیان هەیە؛ ئەو پرسانەی شیکردنەوەو لێکدانەوەیان گەرەکە. هەروەها پرس هەیە وەڵامەکەی وەلاوە دەخرێت و پێویستی بە وەڵامدانەوە نییە. بە کورتی بە کوردی پرس چەمکی وەدەست هێنانی زانیاریە، گێرانەوەیە، پراکتیزەکدنە، شیکردنەوەیە، چارەسەرە، هەڵسەنگاندن و نرخاندنە! " پرسیار ، میکانیزمیکی ئاخاوتنی نێوان مرۆڤەکانە، بە پێی ئاست و بوارو هەڵوێستە جیاکانی ژیان ، کەرستەو شێواز و ڕێبازی پرسیارەکەش دەگۆڕێت... کاتێکیش ئەم پرۆسەیە دەبرێتە ناو دونیای شیعرەوە نەک هەر کەرستەکە بەلکو ئامانج و پەیامیش دەگۆڕدرێت." (٧٣)

هەر چەندە پرس بنەمای فێربوونە بنەرەتییەکانە، بەڵام یەکەمین جۆری ئاخاوتن کە کۆرپەڵەی ساوا هەستی خۆی پیدەردەبڕێ پرسە. ئەمەش نەک بە بەکارهێنانی جێناوەکانی پرس ، وەک کێ، کەی ، چۆن ....هتد، بەلکو بە دەربرینی هێندێ دەنگی سادە کە ئاوازو نەغمەی پرسیان هەیە و دایک راستەوخۆ تێیان دەگا و دەزانی چیگەرەکە.

ئەوەی کرۆکی مەبەستە لەم برگەیە، پرسە فەلسەفیەکانە، ئەو پرسانەی کە رەهەندی کۆنسێپت وەردەگرن و سەرقاڵی حەقیقەتەکانین ، کە تا ئێستا وەڵام نەدراونەتەوە. دەکرێ پرسی فەلسەفی پراکتیکی بێ: " ئایا منداڵ لەبەر خۆچوواندن ڕەوایە؟" یان پرسی تیۆری بێ:" بەهاکان بەهای موتلەقن یان ڕیژەین؟"

(Joseph Jordania) دەبێژێ ؛"بوونی قوتدرەتی پرسکردنە کە مرۆڤ لە گیاندار جیا دەکاتەوە." (٧٤) پرسیاری مێشک هەژێنەر، بلیمەتی پرسیاکەر نیشاندەدا، با پرسیارەکەی هی منداڵێکیش بێ!

کەریم دەشتی وەک شاعیرانی تر (پرس)ی کردۆتە کەرەستەی کاریگەری شیعری خۆی، هەوڵیشیداوە هەم ڕێچکەشکێن بێ و هەم خاوەنی پرسی قورس و گەورە بێ، کە دەرەنجامی بیر و هزری قوول و مانادارن. ئەو هەمیشە بە دەوری ئەو پرسانە دا خوول دەخوات کە گومان دروست دەکەن یان هەر خۆیان گوماناوین. " شیعر جگەلە خولقێنەری گومان هیچی تر نییە." (٧٥) بەم کارەش دوو نیشانە بە تیرێ دەپێکێ: هەم ئێمە لە رازو نهێنییەکانی سینەی مرۆڤ و تاریکی کەون و دەستکورتی زانیاریەکانمان خەبەردار

دەکاتەوە ، هەم گۆپاڵێ دەخاتە ناو دەستی پەیامگر، تا بەرەو قوللە عاسێیەکانی پرس بکەوێتە ڕێ!

لە قەسیدەی ( کتێبی خولقان) ، لە دیوانی ( پیانوی رۆژهەلأت و ئەوانی تر) دا، پرسێکی فەلسەفیمان ئارستەدەکات و دە پرسێ:

**عومرێکی درێژە نووری ئەو یەقینە لە رۆحت هەڵدەچێ**

**نازانم تۆ رووەو فەنابوون بوویتەوە ئاوا جاوێدانی**

**یان بەرەو خولقاندن ڕادەکەی؟ (٧٦)**

" پرۆسەی ئەدەبی لە گەوهەردا، دۆزینەوەی شێوەیەکی نۆژەنە." (٧٧) لەم کۆپلەیەدا، سەدای پرسێکی ئەزەلی ، کە لەوەتەی هەین سەرقاڵ و مەشغولی کردووین، دەنگدەداتەوە: لە کۆێ وە بۆ کوێ؟ راستە ئەمە پرسێکی نۆ نییە، بەلأم شێوەی دارِشتن و تارمای خەیاڵ و ترس و خۆفی نەزانین، تەواو سەرگەرممان دەکا. دەستەواژەی ( لە رِۆحت) هەم تۆ دەئاخێوێنێ و هەم نەفسی خۆشی. ئێمەو شاعیر یەکسانین بە یەک کەس. کەسێکی بیرسەمەندۆککراو. لوغزو مەراقێکی گەورە لەم پرسەدا هەڵدەچێ.

ئاخر ئەم قامتە زاراوانە خۆیان یەقین نین و گوماناوین: (نوور / یەقین / رۆح / فەنا بوون / خولقاندن ) ئەو پێنچ چەمکە فەلسەفیە تەمومژاویانە خەویان لە چاوانی کەریم دەشتی حەرامکردوەو هیچ ڤالێۆمێ دادی نادا:

**کە کەوتیت گومان پژا**

**ئێستاش گوماندەکەیت لەیەقین بمرین.** (٧٨)

یان دەڵێ:

**تۆ گومانی یان یەقین**

**گومانت هەناسەی گرتووم**

**یەقینت خودای لێ سەندووم** (٧٩)

دەکرا دەشتی پرسەکان ئاوەژوو بکاتەوەو بەگژیشیاندا بچێتەوە،بەلأم ئەو نەیویستوە درۆ لە گەڵ خۆی و ئێمەدا بکات. دەنگی پرسەکە بەم شێوەیە خۆی شێدەکاتەوە:

پرسی: نوورو یەقین

- هاواری شاعیر( بۆ فەنا بوون؟)
- دەنگی گومان ( چۆنیەتی خولقاندن؟)

حونەری دارِشتنی پرسەکە لەوەدایە، شاعیر زنجیرەی رووداوەکانی گۆڕیوە. دەزانین لەپێشدا ( خولقاندن) ە دوای ( فەنابوون) . ئەو (فەنابوونی ) پێش ( خولقاندن) داناوە. نهێنییەکەی لە چی دایە؟ شاعیر مەفهومی فەنابوونی گۆڕیوە: ئەو ساتەی ئەو فەنا دەبێ، ئەو تازە خەلقدەبێتەوە، فەنابوونی ئەو ، نەمرو خلودی پێوەیە. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە، ئەو ساتەی ئەو فەنا دەبێ خولقاندن سەرهەڵدەدا، کاتێ شیعرەکانی دەبنە ژیلەمۆی داهێنانی شاعیران و ئەدیبانی دوای خۆی کە ڕەنگ بێ شاکاری مەزن مەزن لە خەیاڵ ئەوەو هەڵهێنچن. دیسان دەشتی ناتوانێ شەیدایی خۆی بۆ ئەو خلودە بشارێتەوەو کە خەونی پێوەدەبینێ!

## ٨. دەنگدانەوەی دەنگەکان (The Echo of the Sounds )

**دەنگێک هەمیشە بانگ دەکا**

**سەدایەک هەمیشە دێتەوە.** (٨٠)

(خودای دەنگدانەوە) پایەو مەقامێکی بەرزی لە ناو(گریکە کۆنەکان) دا هەبووە. سەرچاوەی دەنگە ڕەسەنەکەو شێوەو شوێن وکاتی دەنگدانەوەکە ڕەنگدانەوەی خۆی هەیە بەسەر مرۆڤەکانەوە. کرۆکی بابەتەکەم لێرەدا، دەنگدانەوەی مێژوو و ئەفسانەیە، کە تەواو شوێن پەنجەیان بەسەر شیعرەکانی ( کەریم دەشتی)یەوە دیارە.

هەڵبەت، شاعیری سەردەمی زانیارییەکان و گڵۆبالیزم، بە ئاگاو خەبەردارترە لە چاو هاوپشتەکانی خۆی. (دەشتی) یش بە حوکمی پلەی خوێندەواری و بەلەدی لە زمانی عارەبی و فارسی و -تا ڕادەیێک - لە زمانی ئینگلیزی ، سەرەڕای شارەزای لە شێوەزارەکانی کوردی، توانیویەتی گەنجینەیێکی پاش لە فرەزانیارییەکان وەدەست بهێنی و درێغیشی نەکردوە ، بە گوێرەی بەهرەو شارەزایی خۆی هیندێکیان لە کارە ئەدەبیەکانی خۆیدا تەوزیف بکاتەوە.

لە کۆپلەی (٢٦) لە قەسیدەی ( ئاو ئاوترین ئاو) لە (کتێبی ئاو) دەڵێ:

**تۆ ئەی ئاوی من ئەی تاقانەترین ئاو**

**گەلگامش نیم بە دوای جاوێدانی بگەڕێم**

**من نەرسیسم بۆ ئەوەی ورد ورد بتوێمەوە**


**دەمەوێ جارێ وێنەی خۆم**

**لە ئاوی روخساری تۆ ببینم.** (٨١)

جگە لە نووزەی حەسرەتی شاعیر، دەنگدانەوەی داستانی پڕ کێشمەکێشی گلگامش لە لایەک و ئەفسانەی پڕ گرێ گرێی عەشقی نەرسیس لە لایەکی ترەوە لە دونیای کۆنی رۆژهەڵاتی ناوەندەوە دەمانباتەوە وڵاتی (گریک)ی کانگای ئەفسانە!

بە تەقەموسکردنی کەسایەتی ( نەرسیس) ، بێ شەرمی (دەشتی) دەبینین لە دوبارەکردنەوەی عەشقی خۆویستی بەڵام بە نیازو خەونێکی جیا. ئەو (ئاوەی) ئەو تەمەنا دەکا وێنەی ی تێدا ببینێ ( ئاوی روخساری ئازیزێکە ) کە پەیامگر دەبێ بەخەیاڵ شێوەزهنی بکات. ئەو ( ئاوەی) بۆتە کانگاو سەرچاوەی ئەفسانەکەی ( دەشتی) ئاوە خۆشەویست و تاقانەکەی خۆیەتی، لە کاتێکا ئەو ئاوەی بوو بە ئاوێنەی ( نەرسیس) ئاوێکی سادەو ساردوسووڕ بوو. هاوبەستەکردنی ئەو دوو ئەفسانەیەش لەوەو یەکدەگرنەوە: رووباری (فورات) زێدی گلگامش و کانیەکانی وڵاتی گریک ئاوێنەی (نەرسیس) ە و ، ( تاقانەترین ئاو) یش سەرچاوەی عەشق و ئەڤینی (دەشتی) یە.

بڕوانە، چۆن دەنگدانەوەی سێ دەنگ لە ناو یەک بازنەی داخراودا دێتە گوێچکەمانەوە:




لە (کتێبی پیرۆزی عاشقان ) دەشتی دەڵێ :

***ئێمە لە باێکی گەرمی بێ ڕەحمدا عاسێ بوو بووین***

***بەیەکەوە هاوارمان دەکرد***

***بەڵام ئاخ بە تەنها سەدای خۆمان بوو***

***لە دوور دوورەوە دەگەڕایەوە ناو زەینمان.*** (٨٢)

ئەو سەدایەی هەمێشە دەگەڕێتەوە ناو زەینمان سەدای ئەزەلی بوونی مرۆڤ و کەونە!

گەر ناوی هەموو قارەمان و ئەکتەرە ئەفسانییەکان و مێژووییەکانی ناو شیعرەکانی (دەشتی) لێرەدا ڕیزبەند بکەم، چەند دێڕێ ڕەشدەکەمەوە، با بۆ نموونە بە گژ

( هەملێت) ەکەی ( شەیکسپیر) دابچین. ( دەشتی) لە دیوانی     ( تۆ لە هەموو شوێنێکی تۆ) دەڵێ:


**بەڵام هاملێت کە دەکەوێ**

**کەون دەبێ بە تەمتومان**

**دانیمارک وورد و خاش دەبێ**

**هەموو زەینی دەچێتەوە باخی گومان**  (٨٣)

یەکجار ناوی ( هاملێت ) هاتووە ، بەڵام سێ دەنگدانەوەی هەیە: "کێشەی زمان لەو شوێنەدایە کە تەعبیری  تێدایە نوێیە." (٨٤)_( دەنگی  هاملێت) ی مێژوو –کۆدەکەی : دانیمارکە - ، ( دەنگی هاملێت) ی شەیکسپیر –کۆدەکەی: باخی گومانە - ، (دەنگی هاملێت ) ی ناو کۆپلە شیعرەکە –کۆدەکەی : هەموو زەینێ ؛ زەینی شاعیریش دەگرێتەوە-. کەوتنی ( هاملێت ) بە هەر سێ کەسایەتییەکەوە کەوتنی کەون و دانیمارکە. بۆ؟ چۆنکە ڕژانی ئەستێرەیە، ئەستێرەیێکی زۆر زۆر گەورە !




## ٩. دەنگی بێدەنگی (The Sound of Silence )

**تۆ ئەوەندە بێدەنگی**

**وا هەست دەکەم دونیا**

**کش وماتە** (٨٥)

نە بوونی و غیابی دەنگە بیستراوەکان (Audible Sounds ) ، پچڕانی پەیوەندی و کاڵبوونەوەی هەماهەنگییە، کە لە واتاسازی تەریبیدا(Analogy ) ، یەکسانە بە نەبوونی

پەیوەندی ئاڵوگۆڕی ئاخاوتن. (Joseph Jordania ) "بێدەنگی لە کۆمەڵگای بوونەوەرەکاندا ، بە مرۆڤیشەوە ، وەک هێمایێکی (ترس) ڕاڤەدەکا. هێندێ گیانلەبەر، لە کاتی ترس و لەرزدا، لە جیاتی ئەوەی بیکەن بە هات و هاوارو قیژەقیژوو قیرەقیر، خۆیان کپ و بێدەنگ دەکەن و هەناسە لە خۆیان دەبڕن، کە ئەمەش کۆدێکی نێوان خۆیانە، وەک شووتەی ئاگادارکردنەوە بەکاریدەهێنن و لێیتێدەگەن (Alarm calls)." (٨٦)

مرۆڤ لە بێدەنگیدا هەست بە جۆرێ لە نارحەتی و ترس دەکات، هەر بۆیێ لە هێندێ زیندانداندا ، بێدەنگی وەک ئامرازی ئەشکەنجەدان بەکار دێ. زۆر جار کە مرۆڤ تەنیا دەبێ و هەست بە بێدەنگی دەکا، زوو دەیەوێ لە ڕێگەی فیکەلێدان و گۆرانی گوتن و خۆ ئاخاوتن ئەو ترسە ، بە بێ ئاگای، بڕەوێنێتەوە. جاری وەهاش هەیە هانا بۆ رادیۆ و ریکۆردەرو ئامیرەکانی تر دەبا.

کۆدەکانی بێدەنگی، لە کەلتووری ژیانی رۆژانەماندا تا ڕادەیەک ناسراون: کورتە بێدەنگی قسەکەر لە ئاخاوتندا، نیشانەی ڕاڕای و دوو دڵ و بێ بڕواییە! بێدەنگی مامناوەندی مانای ڕازی بوون و قبوڵکردنە! بێدەنگی سۆفی تەریقەتدارەکان، نۆژەن کردنەوەی پەیوەندی رۆحی نێوان ئەوان و خودایە. ئەوان لە بێدەنگی دا باشتر لەیەکتری حاڵی دەبن. لە ناو کریستانەکانیش جگە لە نوێژی بێدەنگی ، تەئەمولاتی بێدەنگیشان هەیە

(Christian Meditation). لە کاتێکدا فەرەحنایەتی و گەشانەوە لە لای ( بوداکان) تەنیا لە ڕێی بێدەنگیدا وەدەست دێ. لە پەیرەونامەکانی هیندۆسەکانیشدا ( Advaita Vedanta) و لە مەشقی یۆگادا ، تەنیا بێدەنگی یە کە هێز بە ناخ دەبەخشێ و گەشانەوەکان خێراتر دەکا!. بۆ جولەکەش ، بێدەنگی تەیمانی پارێزەری حکمەتەکانە، ئەوان دەڵێن تا بە هێزو توانا مەزنەکان بگەی، چاوت داخە، دەمت داخە، دڵت بکەرەوە.

بێدەنگی بە چەندین شێوەی تر پەیامی خۆی دەگەێنێ: وەستان بۆ گیانی شەهیدان. وەستان و بێدەنگی لە یادەوەریە کارەساتئامێزەکان ، وەک سێ دەقیقە وەستانی ئەمەریکییەکان لە هەموو ( ١١) ی سپتەمبەرەکاندا. جا ئیمرو لە پرۆسەی خوێندن و چارەسەری پزیشکیشدا بێدەنگی بۆتە بابەتی ئاخاوتن و بیر کردنەوە:

(The process of moment of silence).

بە حوکمی ئەوەی جیهانی شاعیر، خەون و خەیاڵ و ئەندیشەولێکدانەوەیە، کەم کەس هەیە بەقەد شاعیر لە بێگەنگیدا کات بەسەر بەرێ. خۆ بۆ زۆرانیان ، بە بێ بوونی جیهانێکی بێدەنگ و کش و مات ، فریشتەی ئیلهامی شیعر سەر بە ژوورەکانیاندا ناگرێ.

بێدەنگی، وەک گوتراوە " دەنگە." زۆر جار لە گرمەی هەورو زرمەی دەهۆڵ و دەنگدانەوەی دەربەندەکان بەهێزترە و دەلالەتی خۆی هەیە." تا ماناو دەلالەتەکان زێتر بن، دەقیش زیاتر خۆی خەست دەکاتەوە." (٨٧) ئەو بێدەنگییە لە شیعری (کەریم دەشتی) دا بە دوو ڕەهەند سەرەنجمان رادەکێشێت:

- بێدەنگی وەک بێدەنگی.
- بێدەنگی وەک دەنگ.

لە قەسیدەی ( بیابان ) دا، دەڵێ:

**من خۆم نادەمە دەست تاعوونی بێدەنگی و پەتای دوو دڵی**

**خوێنم هەر دەبێ بە مەڵێ چاو سوور بکا لە گریانا**

**باسی یەختی میراتی گیانم، بکا بەسەر خۆڵی بیابانا.** (٨٨)

لێرەدا، بێدەنگییەکە پەتائامێزە (تاعوونە)، بیرکردنەوە لە خۆ تەسلیم کردنی بە بێدەنگی، قولانج قولانج جەستەی شاعیر قیمەدەکاو چرکە چرکە رۆژانی زیندەبەچاڵدەکا! هەرچەندە بێدەنگییەکە موجەرەدە ( بێواتایە) بەڵام کوشندەیە. جا سەربارو بن بار، بێدەنگییەکە بە ئاوەڵناوێکی نێگەتیڤ گرێدراوە( دوو دڵی)، ئەوش ناشیرینی بێدەنگییەکە قێزەوەنتر دەکا. لە کاتێکدا ( دەشتی ) لە شیعرەکانی تریدا، بەدوای سیمرخی خلود دا دەگەڕێ، لێرەدا بێدەنگی یەکسان کردوە بەپووکانەوە مردن و عەدەم.

دەنگەکانی گوێچکەی پەیامگر دەزرینگێنەوە:

دەنگی بێدەنگی ⟷ شین و شەپۆڕی گریان ⟷ سێرەو جریوەی باڵندەی نەمری ⟷ بێدەنگی بیابان

لە کۆپلەی ( ٣١ ) ی قەسیدەی ( وەک ئاوێکی تەنک سادە ) لە ( کتێبی پیرۆزی عاشقان ) دا دەڵێ:

**تۆ ئەوەندە بێدەنگی**

**وا هەست دەکەم دونیا**

**کش وماتە** (٨٩)

دونیای کش و مات، ئەو شوێنە پیرۆزەیە ، شاعیر بەدوایدا وێڵەو تا باشتر لە تەئەمولاتە رۆحیەکانی خویدا پشو بدا و سوفی ئاسا بگاتە مەقامە پیرۆزەکەی ( شیعر). بێدەنگی ئەو هەزاران دەنگەی تێدایە، کە بە قەت هەموو کەون فرە ئاوازو

نەغمەیە. حونەری ئەم بیروکە لەوەدایە بێدەنگی، بەبی تۆپ و تەیارە و جبەخانە، سەرجەم دونیای شاعیری داگیر کردوە. چونکە بێدەنگییەکە لێرەدا کۆدی پەیامێکە " دەنگەکان" موعادەلەکە ئاوەژوو بۆتەوە، بێدەنگی بۆتە دەنگی هەموو کەون!

| | |
|---|---|
| بێدەنگی ئەو | دەنگی بەردوامی ئەوە |
| کش وماتی دونیا | دەنگدانەوەی دەنگەکانی دونیا |

بۆیە لە( کتێبی نەی) دا  دەڵێ:

**دەنگی هەناسەم موژدە بۆ ئەو بێدەنگییەی**

**لە دەروونی خۆی شاردۆتەوە**

**جولانەوەم دەستیکە بۆ تەکاندانت  (٩٠)**

{لەم تەوەرە بڕگەی تریشی باس هەڵدەگرێ وەک: دەنگی منداڵ / دەنگی بێنەوایان / دەنگە خوێنتاڵەکان / دەنگی شاعیرانی تر، بەڵام لێرەدا خاڵ دادەنێم و دەچمە تەوەری سێیەم}

## تەوەری سێیەم:

## ڕەهای دەنگەکان (Sound Dimensions )

کە دەنگ بریتی بێ لە کۆمەڵە شەپۆلێکی پەیدا بوو لە لەرەلەری ( تەن)ەکان و هەڵگری سیفەتەکانی (وزە) بێ ، دەکرێ چەند ڕەهەندێکی فیزیکی هەبێ

(Physica  Dimension)

وەک ڕەهەندی درێژی و پانی. ڕێبازی لێکۆڵینەوەکەی منیش، ڕەهەندی سێیەم کە ڕەهەندی یادە –مێمۆری –یە  (Memorial Dimension ) دەکاتە سەرباری دوو ڕەهەندەکەی تر. .جا بۆ ساناکردنی کارەکەم ، رەهەندەکان بۆ سێ برگە پۆلین دەکەم:

- **فەزای دەنگەکان. (The Sound's  Spaces)**
- **تەمەنی دەنگەکان.( The Sound's Ages)**
- **میمۆری دەنگەکان. (The Sound's Memory )**
- 

### فەزای دەنگەکان. (The Sound's Spaces)

یان پانتای دەنگەکان، شەپۆلەکانی دەنگ ، وەک گۆمە ئاوی بەرد تێکەو توو وایە، بەرە بەرە لە خاڵی چەقدا دوردەکەونەوەو بەرەبەرە گەورەترو فراوانتر دەبن ، تا دەگەنە قەراغی گۆمەکە یان لە ناو پانتای گۆمەکە دەپووکێنەوە. هەر شیعرێک گۆمە ئاوێکی شڵەقاوە، خێرایی وقەبارەی بەردەکە فەزای بازنە دەروستکراوەکان دەست نیشان دەکا. بەڵام لە شیعردا پێوەرەکانی دەست نیشان کردنی فەزای قەسیدەیەک دیارو جێگیر نییە. چون ڕەخنەی ئەدەبی مەسەلەی چێژوەرگرتنە، کۆمەڵێ هۆکار رێژەی ئەو چێژە دەستنیشان دەکەن. لە شیعرەکانی کەریم دەشتی دا بە ئاسانی سێ مەودای جیاواز دیارە: کورتمەودا، مامناوەندی ، وە سنوور شکێن. دوو جۆرەکەی دوای زاڵە بەسەر کۆ بەرهەمەکەی. لە کۆپلەی (٢٣) قەسیدەی ( کەلێسای ئاو) لە (تۆ لە هەموو شوێنێکی تۆ) دا دەڵێ:

**بەسەر کۆڕنیشی دەریای سپی وەستاوم**

**جگە لە ژیان و جوانی**

**شتێکی دیکەم نەدی (٩١)**

**لەم داڕشتنە خەبەریە سادەیە،** کە خاڵییە لە وێنەی هونەری و ڕەنگدانەوەی خەیاڵ، هەست بە کورتی فەزای شیعرەکە دەکرێت. مەدای ئەو شیعرە ، مەدای بینینی چاوی شاعیرە پتر بڕ ناکات. خاڵی سەرەتا کۆڕنیشەو کۆتاییش سنووری بینینی چاوکانی شاعیرە. خۆ ڕەنگ بێ پیرەمێردێکی چاو کز لە هەمان پنتی وەستانی شاعیرەکەوە نیو هێندەش دووری نەبینێ! کەمتر جوانی ژیان و دەریا بەدی بکات. ئەوە جگە لە ئەگەری دووبارە بوونەوەی دیمەنەکە. وەک وەستانی شۆڕەژنێک ، بەرانبەر چیای سەفین و لە دڵی خویدا بڵێ :***جگە لە ژیان و جوانی هیچ شتێکی ترم لە سەفین نەدی.*** بوونی فەزای هەناسە کورت، لە شیعردا خەوەش نییە، بەقەد ئەوەی ئامرازێکە بۆ تۆمارکردنی گرتەیەک یان رووداوێک لە سات و شوێنی خۆیدا. وەلێ ، کەریم دەشتی هەژار نییە لە شیعری مەودا بەزێن و سنوور شکێن، ئازایانە تەحەدای هەموو تخوب و تەیمانەکانی کردوە.

**لە کۆپڵەی ( ٩) ی قەسیدەی ( پەلکی ناو قەدی کتێبان) لە ( کتێبی پیرۆزی عاشقان) دا دەبێژی:**

**هەمیشە خەڵوەتێ هەیە جێی کەڤناری شاعیرانە**

**ناڵەی دەروونی کەسێ بوو دەبوو بە باشووکەی زوخاڵ**

**قسەی لەگەڵ رۆحی خەمباری خۆی دەکرد**

**سەری بە کۆشی خوداوەند دا بوو. (٩٢)**

**[ خەڵوەت: جێگای تەنیایی / کەڤنار : دێرین / زوخاڵ : رەژی ، خەڵوز ]**

**خاڵی سەرەتای مەودای ئەم دەنگە کە گەڵ لەدایک بوونی یەکەم مرۆڤ دەست پێدەکا و بە کۆتای ئەم هەسارەیە دوای دێ. ئەم مەدایە هەم سنوور شکێنەو هەم سیفەتەکانی بەردەوامیشی تێدایە. تا هەتایە مرۆڤی دەروون پڕ زوخاڵ دەمینێن و جگە لە رۆحی خەمباری خویان و دڵدانەوەی خوداوەندی هیچ شتێکی تر شک نابەن. ئەمە خەرەکی بوونی مرۆڤەو رەتکردەنەوەی مەحاڵە. ڕووبەری ئەم کۆپلەیە خەیاڵئامێزە وتۆکمەداڕژاوەو واتاجێگرە هەر هەموو گەردوون دەگرێتەوە. ( ناڵەی ) تاکە کەس ( ناڵەی) سەرجەم مرۆڤەکانە و خوداکەش خودای هەمووانە. بڕوانە ئەم شیکارە:**

**س ⟵⟶ مەدای کۆپلەکە ( سەرەتای یەکەم مرۆڤ)**

**ک ⟵⟶ بەرەو ناکۆتایی**

**س** { **مەدای بوونی مرۆڤ** / **مەدای بوونی خەم و تەنیایی** / **مەدای هێزە خوداوەندییەکان** } **ک**

## تەمەنی دەنگەکان (The Sound's Ages)

" ئەرستۆ فاکتەرەکانی تەداعی واتای ، لە سێ شتدا دەورە داوە: لێکچواندن ، دژیەک، جووت بوونی کات و شوێن." (٩٤) هەموو شتێ ، گیاندارو بێگیان، تەمەنی هەیە. سەرەتا رۆژی خولقانەو کۆتای پابەندە بە درێژی تەمەنی ئەو شتە کە پێیدەگوترێ (Life Span). مرۆڤ تەمەنێ خۆی هەیە و کە دەکەوێتە ناو سالانیش باری فیسیۆلۆژی و سایکۆلۆژی و کۆمەلایەتی گۆڕانکاری زۆری بەسەر دادێ. شیعریش- کە ژانرێکی ئەدەبیە - وەک مرۆڤە ، کۆمەلێ فاکتەر درێژی تەمەنی دەست نیشان دەکەن. گۆڕانکاریەکانی مەعریفی و تەکنەلۆژی و زانستی – زنجیرەیەک گۆڕانکاری تر بەدوای خۆیانەوە دێنن - ڕەنگدانەوەی خۆیان لە سەر عومری شیعر هەیە. کە داهاتوویان بۆ مەمانان نەزانراوە. دەبێ سەد سالی تر پلەو پایەی شیعرەکانی ( نالی و مەحوی و شێرکو بێکەس و دەشتێ ) چۆن چۆنی سەیر بکرێن؟! ڕۆمان و گریکە کۆنەکان دەرکیان بەم مەسەلەیە کرد بوو. زوریشیان دەربارەی شیعری زیندوو گوت

(Sublime Poetry). باوکی ئەدەبی رۆمانسی ئینگلیز (villain Wordsworth)لە مەڕ شیعری زیندووە دەبێژێ:" بیرو هزری مرۆڤ هێندێ جار دەیەوێ چەنگ لە شتێ گێر بکات کە مایەی بەروپێش چوونە، لە کاتێکدا پارێزگاری کردنی ئەو برە وپێشچوونە مومکین نییە، لێرەدا دەیەوێ چەنگ لە بیرۆکەیێکی زیندوو گیربکات، ئا لەم چرکە

ساتەدا، بیرو هۆش دەکەونە حاڵەتی نەستەوە – بێئاگای – (Unconsciousness ) ، بەڵام ئەوە تەنها ڕۆحە کە توانای گرتنی ئەم بیرۆکەی هەیە." (٩٥) (ئەحمەدی مەلا)ش لەمەڕ ئەم مەسەلەیە قسەیەکی هەیەو دەڵێ:" کاتێ باسی ئەو فاکتەرە زەبەلاحە دەکەین ( فاکتەری زەمەن) توشی جۆرە رووبەروو بوونەوەێکی زۆر سەخت دەبینەوە. واتە چەمکی مێژوو دەلکێتە دامێنی دەقەوە، لە لایەکی دیش دەکەوینە نێو جۆرە جەنگێکی پێویستەوە." (٩٦)

دەرەنجام هیچ شعرێک نییە تا هەتایە نەمر بێت دوا رۆژی شاکارەکانی ( مەولەوی و جیمس جۆیس و موتەنەبی و خەیام) روون نییە. بەڵام ئێمرو ئێمەمانان، گەر نەشتوانین مەزەندەی تەمەنی درێژی شاکارەکان بکەین ، دەتوانین تەمەنی ئێستایان بزانین. (کەریم دەشتی) شیعری هەیە کە تەمەنی لە هی پەپولەیەک یان خونچەگوڵێ درێژتر نییە، بەڵام تۆمارگەی ڕازو رووداو و گرتەێکی یادگاریی خۆیەتی با پەیامگریش نەورژێنێ!

ئەو لە قەسیدەی ( وەک ئاوێکی تەنک سادە) دەڵێ:

**جیاوازی من و تۆ وەک جۆگەڵەو دەریا وایە**

**تۆ بەمن گەورە دەبی و**

**منیش بە تۆوە ون دەبم** (٩٧)

تەمەنی ئەم کۆپلەیە - کە تۆمارکەری مەرامێکە لە ساتەوەختێکدا – هەر دەقیقەێک دەبێ. شاعیر ، جیاوازی نێوان ( خۆی و ئەومان) نیشاندەدا. بە لێکچوواندنێکی سادە لە نێوان جۆگەڵەو دەریا، پەیامەکەی کۆتایی دێ و هەرچی پتر بڵێ ، رۆحی شیعرەکە دەشێوێنێ. ئەو بە دوو وشە پەیامی خۆی گەیاند. ڕەنگ بێ کاتێ ئەو ئەم شیعرەی بۆ دڵدارەکەی گوتبێ، ڕەنگانەوی خۆش و ناخۆشی بەدواوە هاتبێ، دوور نییە مشت ومڕیشی لێکەوتبێتەوە. بەڵام ئایا پەیامگر بەدوای ئەو جۆرە زێدە خەیاڵانەوە دەڕوا؟ بێگومان ، نەخێر. ئەو یەکسەر پەرەکە هەڵدەداتەوە دەچێتە حزور کۆپڵەیەک و بیروکەیەکی تر، چون ئەو تینوویەتی شکا و لە پەیامەکە تێگەیشت .

لە قەسیدەی ( پەرستگای سروت) کۆپڵەی (٧٧) ( سروتی ئەشکەوت) وامان بۆ دەبێژێ:

**هەمیشە ڕەنگێ هەیە لە ڕەنگی گیای ئەشکەوت دەچێ**

**دەنگێ هەیە لە شکستی کەڤرو زناری ئەشکەوت دەچێ**

**هەمیشە تا ئەبەد ئەشکەوتێ هەیە**

**تەژی سەداو تەژی لەژان**

**وەک ئەشکەوتی توناوتونی رۆحی ئینسان** (٩٨)

[تەژی : وێچون ، هاووێنە] (٩٩)

کە شیعر هەڵگری یان دەربڕی خاسیەتە نەگۆڕەکانی دەروون و رۆحی مرۆڤ بوو ، ئەوا تەمەن درێژ دەبێ. لەم کۆپڵەیەدا ، بە پەنجەیێکی پڕ وردەکاری وەستایانە، دوو سیفەتی نەگۆڕی ئینسان بەیان کراوە: هیواو ئومێد / کەوتن و شکستی ، کە هاوتەریبی مێژووی بوونی مرۆڤن. بڕوانە ئەو دوو هاوکێشە تەریبە:

هیوای مرۆڤ ⟷ بوونی مرۆڤ

بەردەوامی – ناکۆتایی

نسکۆ ی مرۆڤ ⟷ بێمرادی و کەوتن

کەواتە درێژایی شەپۆلی دەنگی ئەم شیعرە یەکسانە بە درێژایی مێژووی تەمەنی مرۆڤە- لە ئەزەلڕا.

**یادی (میمۆری) دەنگەکان. (The Sound's Memory):**

یاد یان یادکردنەوە کردەیەکی ئالۆزاوی و تێکلکاوی فرە رەهەندی بایەلۆژی و سایکۆلۆژی مێشکە، چەندین خانەو شانەو فاکتەری جینی و بۆماوەیی و دەروونی و ژینگەی لە دروست بوون و لاوازی و بەهێزیدا رۆلیان هەیە، ماوەیێکی دوورو درێژە بۆتە بابەتی بەپێزی سەنتەرەکانی لێکۆلینەوەو و بنکە زانستییەکانی دونیا.

هەرچەندە زانستانە سەلمێندراوە کە بارە قورسەکەی (یاد) دەکەوێتە سەر شانی مێشک، بەڵام لە تاقیگەدا ساغکراوەتەوەو کە دەتوانرێ بونیادی یاد کردنەوە بەهێزتر بکرێت، ئەمەش نەک بە ئاخنینی ئایتمی زانستی تازە ، بەلکو بە داهێنانی شێوازی گەیاندن و ئاخاوتن کە دەبێتە هۆکاری تۆمارکردنی (یادەکە) لە مێشک.

(Elizabeth Loftus) لە ساڵی (١٩٧٤) ، دوای ئەنجامدانی زنجیرەێک لە تاقیکردنەوەی پراکتیکی ، گەیشتە ئەو ئەنجامە کە شێوەی دەربڕین و دارشتن و رستەسازی و ئاخاوتن کاریگەریان بەسەر باشی و خراپی یادکرنەوەو هەیە. دوای نمایشکردنی فلیمێکی رووداوی هاتوچۆ، پرسیارێکی بە دوو شێوە لە تاقمێک لە تەماشاچییەکانی فلیمەکەی کرد:" خێرایی ئوتۆمبیلەکان چەند بوو کە رووداوەکە روویدا؟"، بۆ تاقمی دووەم دارشتنی پرسیارەکەی گۆڕی و پرسی:" خێرای ئۆتۆمبیلەکان چەند بوو کە بە خراپی خۆیان بەیەکتریدا کێشا؟" سەیری کرد دەستەواژەی " کە بە خراپی خۆیان بەیەکدا کێشا." پترکاریگەری بوو لە وەیادهاتنەوەی رووداوەکە. دەکرێ دەرنجامی ئەم لێکۆڵینەوە زانستییە بگوێزینەوەو بۆ بواری ئەدەب وهونەر. ئەوە هەر مێشکی پەیامگر نییە کە یادەوەرەکان تۆماردەکا بەلکو شێوازی دارشتن و دەربرینی شاعیرو ئەدیب و هونەرمەندیش ڕۆلیان لە کاڵکردنەوەو تۆخکردنی زاکیرە دا هەیە.

بە سەرەنجدان لە تواناسازی دارشتن و فەرهەنگ و کەرستەو و بونیاتی هونەری و ئیستاتیکا و ئەزموونی داهێنانی ( کەریم دەشتی) دەتوانرێ بزانین تا چ ڕادەیەک شیعرەکانی ئەو لە ناو (یاد)ی پەیامگردا وجود و کاریگەریان هەیە. هەمیشە هێندی دەنگ و ئاواز، یادو یادەوری ، لە ناو زهنی مرۆڤدا بەجێدێلێ، شیعریش کە پێکهاتەی بنەمایێکی دەنگییە، هێندی جار ئاسەواری خۆی لە مێشکی پەیامگردا داغدەکا، بێگومان ئەو جۆرە شیعرانە دەچنە ناو خانەی بەرهەمە شاکارەکان." چون کاری نووسینی شاکار، زۆر لە کاری سحر دەچێ."(١٠٠)

زۆرن ئەو شیعرانەی (دەشتی) کە یادی خوێنەر داگیردەکەن. هەر بۆ نموونە زۆربەی زۆری (٢٨) کۆپڵە شیعرەکانی قەسیدەی (پاییز) ، خەسلەتی مانەویان لە مێشکدا تێدایە. ئەوەتا لە کۆپڵەی یەکەمی قەسیدەی ( نای) دا دەڵێ :

**ئەی نای دەزانی بۆ نەوات هێندە غەریبە**

**چونکە هەموو دەنگی فیراق**

**لە گەڵ خاک و نیشتمانی هاوتەریبە** (١٠٢)

قەسیدەی ( نهێنییەکانی ناو کتێبی بەرد)

**ئەوەندە چوومە ناو دڵی تۆ خودایە**

**تا نەمام**

**ئەمێستا کە نیم... تۆم**

**کە تۆشم ... نیم**

**من خۆشم نازانم ئەمێستا ئەمن چیم!** (١٠٣)

تا لە ڕەهەندی یادی دەنگەکانی ئەم شیعرانە تێبگەین ، با بزانین پرۆسەی یاد چۆن ڕوودەدا.

یاد لە زهن و مێشکی مرۆڤدا بە سێ قۆناغی دەبێ: یەکەم : تۆمارکردن (Encoding) واتا وەگرتن و پیکەوەبەستنی زانیارەکان، دووەم : عەمبارکردن (Storage) واتا تۆمارکردنەوەی وەگیراوەکان، سێیەم : دانەوە ( Retrieval Process) توانای بەکارهێنانەوەی ئەو زانیاری و وەرگیراوانە لە ئایەندەدا.

بیرۆکەو ئاواز و وێنەهونەرییەکانی ئەم شیعرانە لەم چەشنانەن کە مێشک بە سانایی وەریاندەگرێ و عەمباریان دەکا. گەر دوای چەند ساڵی تریش بیرۆکەیەکی وات بەرچاو بکەوێ ، یەکسەر زهنت بۆ ئەو شیعرە دەچێتەوەو دەزانی شتێکی وات خوێندۆتەوە.

# تەوەری چوارەم:

# بونیادو ئیستاتیکای دەنگەکان

# (The Structure & Aesthetics of the Sounds)

دکتۆر عبدالقادر حمد امین حمد دەڵێ :"یەکێک لە بناماکانی تێگەیشتنی هەر دەقێك جولەی دەنگ و ئاوازەکەیەتی." (١٠٣) زمان بنەمای شیعرەو شیعریش هاوکێشە قورسەکەی نێوان وشەو دەنگە. ئەو سی و شەش یان سی و حەوت دەنگەی زمانی کوردی [ بەدەنگی بزرۆکەی لاتینیەوە]، کەرستەی ئاخاوتنی زمانەکەمانن. دوو زانستە پێکەوە گرێدراوەکەی دەنگ: زانستی دەنگسازی و زانستی فۆنۆلۆجی (Phonetic & Phonology ) ئەرکی لێکۆڵینەوەی سازکردن و بەکارهێنان و دەنگەکان دەگرنە ئەستۆ.

بەهای هاوکێشەی نێوان وشەو دەنگ ئەو کاتە بەدیاردەکەوێ کە زانیمان "(زمان) بریتییە لە سیستەمێک لە نیشانە(signs ) و دەلالەت بۆ شتێ یان بۆچونێکی دیاریکراو. نیشانە یەکەیەکی بنەڕەتی زمانناسییە دەبێتە بەردی بناغەی پێکهێنانی سیستەمەکە کە ئەویش پێکهاتەی دال (signifier) و مەدلولە(signified)". واتا " دالە وێنەی دەنگ دروستدەکاو مەدلولیش چەمکەکەیەتی، کەواتە دەلالەتی دەنگەکان پێش ئەوەی ئەرکی گەیاندنی مانایان هەبێ، دەلالەتی موسیقیان هەیە، بۆیە شاعیر ئەبێ لە دەلالەتی موسیقای ئەوان سوود وەربگرێت". (١٠٥)

بۆ وەرگرتنی ئەو سوودە، شاعیر دەبێ بزانێ کە ئەوە تەنیا دەنگە ڤاول و کۆنسنیەکان نین کە دەبنە پێکهاتەی وشە، بەلکو پێتەرازوێک کەرستەی دەنگی تریش هەن، ڕۆڵیان بەسەر ئەو دەلالەتە موسیقایەوە هەیە وەک: ئەلەفۆن (Allophone) ، فۆنیم(Phoneme) ، کەرتە دەنگییەکان(Sound Segments) ، بڕگە(Syllable) ، هێز(Stress) ، ئاواز ( Intonation) ، پلەی ئاوازی دەنگ(Pitch ) ، ئاوازیە(Tune) و هێشوە کۆنسنەنتکان(Consonant Clusters)، ئەوجا ئەوانەش راستەوخۆ بەندن بە زانساتی بیناسازی وشە(Morphology) کە مامەڵە هەم لەگەل داڕشتنی وشەو لەگەڵ ڕێزمانی وشەدادەکا." زمان دیاردەێکی یەکجار ئاڵۆز و چووەناویەکە." (١٠٦)

بۆ گەیاندنی کرۆکێ ئەم بڕگەیە، پیویستە زانستییانە خوێندنەوەیەکی دەنگسازی سیستیماتیک بۆ نموونە هەڵبژاردراوەکانی (کەریم دەشتی) لە بڕگەو وشەو زارەو و دەستەواژەو کۆپلەکاندا بخەینە ڕوو تا لایەنی بەهرەداری و سیس وژاکاوی ئەو بخەینە روو.

تابلێی شاعیر خۆی بە وشەوە ماندووکردوە، بۆ وەدیهێنانی ئەو مرازو مەبەستەی کە گەرەکی بووە یەکە یەکەی لە تای تەرازووی جوانی و واتاداری هەڵیان دەسەنگێنی.

کت و مت لاسایی وەستای بەنا دەکاتەوە، کە لەنێوان کەڵەکە بەردێکا یەک تاقە بەرد بۆ شوێنی مەبەست هەڵدەبژێرێ و وەستایانە لە شوێنی خۆی جختیدەکاو خەتەدیواری خۆی پێتەواو دەکا. دڵی لە داخوازیکردنی وشەدا ئاو ناخواتەوە تا دڵنیانەبێ کە :

- وشەکە پڕاوپڕ واتای مەبەست دەپێکێ.
- بڕگەو کێشی هاوسەنگە بۆ کۆپلەکە.
- تون و ئاوازو نەغمەو هێزو رتمی لە بارە.
- لە فەرهەنگی زمانەوانی شاعیردا خسوسیەتێکی خۆی هەیە و هەڵگری دەنگی شاعیرە لە رێجکەو شێواز- تا ڕادەێکی باش -.

ئەو لە (ئێوارەکانی باز) دا دەڵێ:

***هەڵدەفریت و گیانمان پر لە <u>حەنین</u> دەکا***. (١٠٧)

وشەی ( حەنین) ی عارەبی لێرەدا ، تایبەتمەندێکی زۆر شاعیرانە بە واتای (گیان) دەدا، کە لە ئاکامی (هەڵفڕینەکە) دوو جاری دێت.

( حەنین) لە زمانی عارەبیدا واتا" تاسەکردن، بیرکردن، پەرۆش" (١٠٨) [ فەرهەنگی دەریا )عەرەبی- کوردی). ئەو نەهاتووە وشەێک داتاشێ کە مانای مەبەست نەدا، بۆیە نەیگوتوە: " هەڵدەفرێت و گیانمان پڕ لەسۆز/ تاسە / ئەڤین / تاس / جوانی / عەشق / لاوانەوە، پەرۆشی.....هتد دەکا" چونکە هیچیان مانای ( حەنین) نابەخشن ئەوە جگە لە ریزبەندی وشەکە لە ناو فەرهەنگی شاعیردا کە سەنگی خۆی هەیە.

(کریم دەشتی) لە ( سروتی ئەشکەوت) دا دەڵێ:

***دەنگێ هەیە لە شکستی <u>کەڤرو زناری</u> ئەشکەوت دەچێ*** (١٠٩)

[ گەڤر: بەرد،شاخ، بەردی گەورە] (١١٢)

**<u>کەڤرو زنار</u>** ڕتم و مۆزیک و ئاوازێکی ناسکیان هەیە، چونکە " رتم پەیوەندیەکی توندی بە ئاوازەوە هەیە." (١١١) لە ناو بەیتەکەدا تەواوکەری ئاوازی وشەکانی ترن ( دەنگی ش، ژ ، س، ز، ٣ک) لە دوای یەکتردا، نەغمەێکی سۆزدار دەبەخشن. لە وشە بازارییەکانیش دووردەکەوێتەوە ، بۆیە ئەوانی نەگۆڕیوەتەوە بە ( بەردو شاخ).

لە ( بەفری بەفران) لە دا دەبێژێ:

***ئەی <u>شابەفری</u> کۆسارانی هەموو دڵم***. (١١٣)

[**شا**: زل، زلتر، ئەستورتر، شیاوتر] (١١٤)

شاعیر بە بەکارهێنانی (شابەفر) دەلالەتی بەفری گۆڕیوە بۆ بەکەسکردنی بەشێکی سروشت(Personification)، ئەوە جگە لەوەی سێ بڕگەی وشەکە کێشی شیعرەکەی هێناوەتەوە، نەغمەیێکی هارمۆنیداریشی بە بەیتەکە بەخشیوەو فەرهەنگی شاعیریشی دەولەمەنتر کردوە.

با لە (دەنگی وشە) بازدەینە سەر (دەنگی دەستەواژە).

لە قەسیدەی (شیوەن) دا شیوەن دەکاو دەڵێ:

***لەو رۆژەوە کە مانگ شکاو ئاسمان چۆل بوو*** (١١٥)

تێکهەڵکێشانێکی دەنگسازی و مۆرفۆلۆجی ناسک لە نێوان (مانگ، شکا / ئاسمان، چۆل بوو) هەیە، هیچ وشەیێکی وەک (لەت بوو، ڕژا، ئاوابوو، نەما، مرد، کوژرا، تەقیەوە، پوکایەوە ...هتد) ناتوانێ جێگای وشەی (شکا) بگرێتەوە، دیسان دەستەواژەی (چۆل بوو) بە (خالی بوو، بە تاڵ بوو، کەسی تیا نەما، تەنیا بوو، ...هتد) ناگۆڕدرێتەوە. هەماهەنگی لە نێوان (مانگ و ئاسمان/ شکان و چۆل بوون) زۆر بەهێزە. دیارە شاعیر ئەندیشەو وێنەی هونەری و مۆزیک و نەغمەی وشەکانی وەک چەپکێ گوڵ کردوە بە قامتێک.

لە (خۆرئاوای قوڵینگەکان) دا شاعیر دەچڕێ: (١١٦)

***کاشکێ دەمزانی کە قەفتەی*** (٥+ ٣ = ٨)

***خەنجەری ئەو زامە چۆن بوو*** (٣ + ٥ = ٨)

***زۆر لە مێژە من سایەدی پەیامێکم*** (٤ + ٤ + ٤ = ١٢)

***قۆڵینگان ببینم بێنەوە.*** ] (٣ + ٣ + ٣ = ٩)

[کاشکێ: بریا، کاشکا ] (١١٧)

وشەی (کاشکێ و سایەدی) تام و بۆنێکی شیعری خۆشیان هەیە کە لە (بریا، خۆزگە / ڕاوکەر، راوچی، نێچیرەڤان، صەیاد) دا نییە. ئەو ڕستە دەنگەی لە وشەی (کاشکێ، کە قەفتەی، دەمزانی، زامە، ببینم، بینیوە ) هەیە لاسەنگی کێشەکەی ڕاست کردۆتەوە وجۆرە بازدانێکی خێرا لە نێوان بڕگرکاندا هەست پێدەکرێ کە فرە رەنگی کێشەکە دەشارێتەوە ." چۆن وشە لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا بەسەر مورفیمدا دابەش دەبێت، بەهەمان شێوە لە ئاستی دەنگسازیشدا کەرت دەکرێت و و کەرتەکانیش پێیان دەگوترێت بڕگە." (١١٨)

لە هۆنراوەی (باخچە هەڵبزرکاوەکانی مید) دەڵێ :

***ئاوەکانی ورمێ و گولەکانی وان و مەریوانی***

***پڕ لە پەپولەی پرسەو تەتەری خانزاد دەکرد (١١٩)***

گۆێ بگرن، چۆن ئاوازی جۆگەڵەئاوێکی هێمن لە گوێچکەماندا پڕوشەداکا. ئیقاع و نەزمی ( ئاوەکانی ، گولەکانی / ورمێ ، مەریوان / پڕ لە پەپولەی پرسە / تەتەر) مۆزیکێکی پر تاسەو هاڕمۆنی بە مۆزیکی دیوی ناوەوەی شیعرەکە دەدەن. ئەوە جگە لە ماناو وێنە هونەریەکەی دیوی دەرەوی بەیتەکە.

تا باشتر لە بونیاتی دەنگەکان و هونەری ئیستاتیکای دەنگەکان ، لە شیعری کەریم دەشتیدا تێبگەین ئەم نموونەیە دەخەمە بەرچاو ، هەر دوو دیوی بونیادی دەنگەکان ( ئاوازی دەرەوەو ئاوازی ناوەوی) شیدەکەمەوە. ئاوازی دەرەوە وەک دکتۆر (شاهۆ سەعید سالح ) ئاماژەی بۆ کردوە ،" تەبای دەنگە، لە نێوان بەیت و بڕگەو یەکە ئاوازییەکان ، کە بە پێی پێوەرەکانی کۆن و نوێ بۆ کێش و قافیە دابین دەکرێت. " (١٢٠)

( وەسیەتەکانی باز) (١٢١)

***پیری هات ئیتر باز پەڕپەڕی باڵانی*** ( ٣ + ٣ +٣ = ٩ )

***بەدەستی زریانێ خستەوە کالانێ*** ( ٣ + ٣ + ٣ = ٩ )

***بە باران دوای وەسیەت*** ( ٣ + ٣ = ٦ )

***دوا قسەی بۆ تەوار ناردەوە*** ( ٣ + ٣ + ٣ = ٩ )

***ئەوە بوو*** ( ٣ )

***مەنیشن لە نیشتن لوتکە ریزتان ناگرێ*** ( ٣ + ٣ + ٣ + ٣ = ١٢)

***چون ژیان هەر بە فرینەوە جوانە***. ( ٣ + ٣ + ٣ = ٩)

بە ئاشکرا ئاوازی دەرەوەی شیعرەکە دەبیسترێ بۆ غەیری کوردزمانیش هەستپێکراوە – هەرچەندە کۆپلەکە لەسەر بنەمای کێشی تێکەڵ - چەند رتمێکی جیا تێکەڵ بەیەکتر – بنیات نراوە. کە کێشی سێ بڕگریە. ( ٩ / ٩ / ٦/ ٩ / ٣ / ١٢ / ٩ ). ئاوازێکی هێمن و لەسەرخۆ بە رتمی نزم و بەرز بەدوای یەکتری دادێن و سەرواى بەهێزیشی تێدایە وەک ( باڵانی / زریانێ / کالانێ ). ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتنی خودی دەقەکە." یەکێک لە بنەماکانی تێگەیشتنی هەر دەقێک، جوولەی دەنگ و ئاوازەکەیەتی، تا خوێنەر هەست بە قوڵایی ئەزموونی شیعر بکات و کاریگەری پۆزەتیڤی لەسەر دروست بێ، چونکە ئاواز ڕەگەزێکی دەقە. " (١٢٣)

ئەم كۆپلەیە ( ١٤٤) پیتە، لە (55%) ی دەنگكەكان كۆنسۆننتن لە(45%)ی قاوڵن، بەحوكمی ئەوەی دەنگە ڤاوڵەكان نەرم و نیان و ناسكن لە چڕیندا، كۆئاوازێكی پڕ هونەریان سازكردوە كە شیعرەكەیان كردۆتە پارچە مۆزیكێكی خۆش. هەرچەندە ڕەنگ بێ دێوی نەستی شاعیر لە بێئاگاییەوە وای بۆ هۆنرابێتەوە بەڵام ئەمە بەدەر نییە لە سنعەتسازی شیعر كە دەرئەنجامی ئەزمونێكی دوورو درێژە.

گەر وردتر سەیری دەنگەكان بكەین ، دەبینین پۆل پۆل، نۆتەكان بەیەكدەچن، جا یەك- ئاواز نۆتەبن ، یان كۆ- ئاواز نۆتەبن یان رستە- نۆتە "گۆڕینی لەرینەوەی ژێیەكان دەبنە هۆی گۆڕانی ئاوازی ڕستە، هەر ئاوازەش واتایەكی جیا بەرستە دەبەخشێ." (١٢٤) بەم شێوەیەی خوارەوە ئاوازی ناوەوەی كۆپلەكە ئاشكرا دەبێ:

( ٢٣ هـ / ١٤ ن / ١٤ ئـا / ٩ ی / ٧ ت / ٧ ب / ٦ ر / ٤ ڕ / ٤ ز / ٤ڕ س / ٣ د / ٣ پ / ٢ ڵا / ٢ش / ١ خ چ أ ف م /. ٥ وە / ٣ با / ٣ بە / ٢ تە / ٢ نە / ٢ نیش / ٢ نا / ٢ دە / ٢ ست / ٢ دوا / ٢ ڕێ / ٢ پەڕ / ٢ یار) .

ئەمە جگە لەم ئاوازانەی لەم بڕگە رتمدارانە هەڵدەستن:

( پە /بە /دە /وە /هە /نە /مە /سە ) ، (ها /با /نا /یا/كا/وا/ڕا) ،(ئەوە /نەوە/ دەوە ) ، (باز/بار /وار ) ، (تان /وان /یان /ران /لان /. ڵان) ، (یر/تر/زر/ار /گر /فر ) ، ( ئەو /نەو /دەو ) ، ( دو /چو /جو /لو ) ( ری /رێ /گرێ) ، (ریان/ژیان /جوان ) ، ( ئات /ئاز /تاز /ڵات) ، ( مەنی /لەنی ) ، ( تكە /قسە )،( یێ / ئێ ).

كێشی چوار برگەیی و سێ بڕگەیی بەسەر كۆ شیعرەكانی كەریم دەشتی دا زاڵە ، وەلێ بە هەموو كێشەكانی كوردی سودمەند بووە. وەك: كێشی هاوسەنگ، كێشی تێكشكاو ، كێشی تێكەڵ ، كێشی كراوە و كاڵبونەوی كێش، كە هێمای ئەزموونی شاعیرێكی خاوەن سەلیقەت و بەهرەدار نیشاندەدا. "كاری شاعیر لە نیوان مارەكردنەوەی دەنگ و واتادا، تەنیا لە ڕیی گەمەی زمانەوانی لە ئاستێكی سادە دا بەرقەرار نابێت، بەلكو پێویستی بە جیهانبینییەكەوە هەیە، كە هەمیشە لەسەر كەشفكردن ئیش دەكات." (١٢٤) دەبێ ئەوەش بوترێ كە قل قلە شیعری بێ ئاواز و زیواندارو ناڕسكاومان دێتە بەرچاو، كە پتر دەچنە خانەی پەخشان و لە ڕەگەزی شیعردا هەژارو موسكینن.

لە كۆپلەی دەیەمی ( جانتادا) دەڵێ ] (١٢٥)

***لە ناوەندی قەیسەری هەولێرێ*** ( ٩ بڕگە)

***دوو كەسم دی بەشەر هاتن*** ( ٨ بڕگە)

***بەجانتا لەیەكتریان دەدا*** ( ٩ بڕگە)

گەر وەک (Satire) ئەم کۆپلەیە وەرگرین بنەماکانی شیعری ساتری لاوازە!

ناتەواوی لە فۆڕمۆلۆژیای وشەشدا، لە چەند **شوێنێکی** کەم. ساتمە بە خوێنەر دەکا. لە ( درەختی خامۆش ) دا و لە کۆپلەی (١١) مینی ( گەمەی ئاگرو ئەوین و کتێبان) دەڵێ:

ئاگر گوتی دامگیرسێنە

***کتێبێکت بۆ <u>دەنەخشم</u> ڕەش وەک خەڵوز (١٢٦)***

دەستەواژەی ( بۆ دەنەخشێنم ) شیاوترە لە بۆ ( دەنەخشم)، خۆ گەر مەبەستی شاعیر تێکشکانی زمانیش بێ ، ئەوە نە مەبەستەکەی پێکاوەو نە داهێنانیشی کردوە! "گوێگر کە کاتی گوێ ڕاگرتندا هەستی خۆی پتر بۆ لای واتای وشەو دەربڕینەکان دەبات، نەگ بەلای تێگەیشتنی دەنگەکان. (١٢٧)

لە شیعری ( یادستان) دا دەبێژێ:

***لەو سێبەرەی حەشاری دام***

***گوڵی چیام پڕژاندەسەر ئەو <u>پرچە ڕەنگیەت</u> گوناهم کرد***

***چونکە عەترێکی ژەهراوی بوو بەو عەترە تۆیان ناسییەوە*** (١٢٨)

کورد دەڵێ: پرچی ڕەشت، پرچی زەردت ، چیای سەوزت ، بەفری سپیت، بەڵام گۆڕینی وشەی ( رەنگ) بۆ (ڕەنگیەت) بەمەبەستی هەڵگرتنی مانای ( رەنگین) گونجاو و لە بار نیەو لە یاسای ڕێزمانی کوردیدا بەدەرە. "شیعرییەت کۆی ئەو ڕێوشوێنە زمانیانەیە کە زمانی ئاخاوتنی ئاسایی بەرەو زمانی شیعری دەبات." (١٢٩) هەرچەندە جار هەیە تیری قەڵەمی شاعیرو نووسەر نیشانە ناپێکێ، بەڵام دەبێ بزانن چاوی رەخنەگرو خوێنەری سیوادار تیژەو خاتروخۆتر نازانن، (وەفایی) گوتەنی ***" زەررەێکیش حیسابە."*** ئەمانە لە شاعیریەتی کەریم دەشتی کەم ناکەنەوە چونکە تای تەرازوەکەی سەلیقە و بەهرەو ئەزموونی زۆر لەمانە قورسترە .

## تەوەری پێنجەم:

## سایکۆلۆژیای دەنگەکان (Psychology of Sounds )

کاریگەری مۆزیک و ئاوازی خۆش لەسەر هەست و دەروونی مرۆڤ ، ڕەنگدانەوەی پۆزەتیڤی لە هێورکردنەوەو ڕەواندنەوەی خەمۆکی و چارەسەری هێندی نەخۆشی دەروونی دەرئەنجامی باشی وەدەست هێناوە بۆیە ئێمرۆ چارەسەری مۆزیکی ( Music Therapy) لە هێندێ لە نەخۆشخانەی دەروونییەکان و فێرگەو خانەی بەساڵاچووان و سەنتەری تایبەتمەندییەکان و ئالۆدەکانی دەرمانی بێهۆش و سەنتەری شێرپەنجە ، لە وڵاتە پێشکەوتوەکاندا بایەخی باشی پێدەدرێت. فەیلەسۆفی ناسراو ( فارابی ٨٧٢ -

٩٥٠ ) باسی کاریگەری مۆزیکی لەسەر رۆحی مرۆڤدا کردوە لێکۆڵینەوەی زانستی وردی بۆ کردوە. لە سەدەی هەڤدەمیندا (Robert Bunton ) ڕۆڵی مۆزیک و سەمای لە چارەسەری نەخۆشی مێشک و دەرووندا نیشانداوە، بۆیە ئیمرۆ لە زانستی سایکۆلۆژیدا بەشێکی تایبەت هەیە بە مۆزیک پێیدەگوترێ (Musicology ) کە تایبەتە بە لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی مۆزیکدارەکانی مرۆڤ و ئەزموونی مۆزیک بەسەر مرۆڤەوە. ئەمەیش چەپکێک بابەتی مۆزیک و دەروناسی دەگرێتەوە وەک ؛ ئەدای مۆزیک و دانانی مۆزیک و ڕۆشنبیری مۆزیکی و چارەسەری مۆزیکی و دەرمانی مۆزیکی. شیعریش کە پێکهاتەیێکی زمانەوانی مۆزیکداری پڕ ئاوازو نەغنەو ڕتم و ئاوازەیە، جۆشدەری دەررونەو هێورکەرەوەی دەماغ و خۆشی بەخشی رۆحە. ئەمانە بەدەر لە جوانی و وێنەی هونەری و خەیاڵ و دارشتن و وتەسازی و هەست و نەست خرۆشاندن! کەواتە لە رووی سایکۆلۆژییەوە دەنگەکان دەربڕی چەند ڕەهەندێکی مرۆڤایەتین وەک : ڕەهەندی مرۆڤایەتی ، ڕەهەندی ئازارەکان ، ڕەهەندی خۆشەویستی وە ڕەهەندی نائومێدی....هتد.

### ڕەهەندی مرۆڤایەتی لە دەنگەکاندا

### (Humanity Dimension in the Sounds)

ئیمرۆ چەندە تەوژمی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی و زانستەکان خێراو تیژڕەوە، دە هێندەش تەوژمی تێکشکاندنی رۆحی مرۆڤەکان و روخاندنی بەها موقەدەسەکان و بەسفرکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان خێراتروو تیژڕەوترە. هەرگیز مرۆڤایەتی بەقەد ئەم سەردەمە، سووک ورسوا نەکراوە و مافەکانی بەدەست خۆدی مرۆڤی برای خۆی پێشێلنەکراوە. رۆژ نییە چەندین گرتەی خوێناوی ، وەک کلیپەکانی گۆرانی ، بەبەرچاوماندا نمایش نەکرێت و زەرڕەیەکیش ویژدانمان ناورژێنێ، بۆیە هاواری دەنگەکانی شاعیر دەروونی ئەو کەسانە ڕادەچڵەکێنێ کە خەون بە شەوێکی بێترس و پیاسەیێکی هێمن و دانیشتنێکی خێزانی پڕ خۆشەویستییەو دەبینن. ئەوە چاوی شاعیرە زامەکان لەدووڕا دەبینێ و بە دەنگی پڕ سۆزی ژانەکانیان بەدونیادا دەپژێنێ. دەشتی خۆی دەڵێ: " زۆرجاران و زۆر شاعیری بەتواناش، ناتوانن خۆیان لە پرۆسەی فریودانی شیعر بپارێزن، من لە ژیانی ئەدبی و ئەزموونی شیعری تووشی هاتووم." (١٣٠) ئەوەتا کەریم دەشتی لە کۆپڵەی (١٦) ی قەسیدەی ( بۆ تۆپیای سلێمانی) دەڵێ:


***شەقامەکان هەموو هەر دەنگی شکانە***

***هەڵدانەوەی کوانووی برین***

***وردوخاش بوونی ئێسقانە***

***ئەوەی وەک باران دەبارێ***

***(شەقامەکان) و (کوانوو)*** ئاماژەیە بۆ ڕوبەرەزەوێکی شاری سلێمانی، بەڵام شاعیر مەبەستی سەرجەم شەقامەکان و کوانووکانی دونیایە. کۆدەکەشی (هاواری ئینسانە)، ئەو باسی خەڵکی شاری سلێمانی نەکردوە هەرچەندە ئیشارەتی بۆ زۆر شوێنی ئەو شارەوکردوە وەک ، زەرگەتە، دەرگەزێن، گۆڕستانی مامەیارە، تووی مەلیک، چوارباغ ، ملکەندی، ئەزمر، بەڵام مانایەکی گشتگیری بە ***(شەقامەکان) و (کوانوو)*** بەخشیوە. ئەوە هاواری مرۆڤە کوژراوەکانی شەقاماکانی دونیایە ، کە موچرک بە لەشی پەیامگردا دەهێنێ و تراژیدیای ژیانی تازەی مرۆڤ نمایش دەکا دەنگی ناوەوەی سایکۆلۆژی ئەوان دەخاتە ڕوو کە دەنگی (شکان و کوانووی برین و وردوخاش بوونی ئێسقان وهاواری ئینسانەکان) ئەم هاوارە ، هاوارە خنکاوەکەی دەروونی تۆیە کە مەتریالیزمی بێ مۆڕاڵی رۆحکوژ داگیری کردوە و چاوەڕێیخ غاندیێ دەکا مرۆڤەکان ئازاد بکاتەوە لە داگیرکەرانی رۆح. "لە زەمەنی کاڵبوونەوی بەها مرۆڤەکان و قەیرانە رۆحییەکاندا ڕەخنەی کوردی دەبێ بە ئاراستەیەک کاری بۆ بکرێت ، کە دەقی کوردی جەخت لە جوانکردنی ژیان و ڕەواندنەوەی خەمی تاک و کۆ بکاتەوە." (١٣١)
دەنگەکانی ئەم کۆپلەیە زۆر بەهێزن:




( ***ئەوەی وەک باران دەبارێ*** ) پاڕانەوەی شاعیرە ، روویدەمی لە خێرخوازان دەکا، بەلکو هیمەتێ بکەن کارێ بکەن و خەم بارین و ئەشک بارین نەختێ کەمبکەنەوە!

## خۆشەویستی لە دەنگەکاندا( Love in the Sounds )

خۆشەویستی وەک چەمکێکی ئاڵۆزاوی گیرخواردوو بەدەستی جیاوازییە کەلتووری و ئاینییەکان، هەمیشە زاراوەیەکی عاسی بووە لە ناو بۆتەی پێناسەیێکی گشتگیردا. تەنانەت جەوهەری خوشەویستی بابەتی بگرەو بەردەو تێڕامانی زورە بووە. ئەوەی کە گومانی تێدانییە، خۆشەویستی دژ بە ڕق و بوغزو دۆژمنایەتییە. ئەو وەک واتایەکی موجەرەد بە قامتێ وشە ڕاڤەکراوە وەک ؛ عیشق، ئەوین ، حەز، دڵداری ، سۆز، تاسە،

مەیل ، ویست...هتد بەڵام هیچیان لێوان لێو جێگەی خۆشەویستی ناگرنەوە. مەرج نییە ئەو خۆشەویستییە لە نێوان دوو رۆح بێت، دەکرێ لە گەڵ خودی رۆحی کەسەکەبێ ) (Narcissism. هەرچەندە لە هەر سەردەمێکدا زاراوەیەکی تازە بۆ دووان لە خۆشەویستی، سەرهەڵدەدا، بەڵام کرۆکی چەمکەکە هەر هەمان ئەو خۆشەویستییەیە کە (شەیکسپیر) لە شانۆگەریەکانیدا ئاماژەی پێداوە. (St. Thomas Aquinas) ، کە هەواداری ئەرستۆیە دەڵێ: "خۆشەویستی تێهزرانی ئەقڵە لە پێناو خیرو خۆشی کەسانی تر." لە کاتێکدا (Bertrand Russell) ) خۆشەویستی بە " بەهایەکی موتلەق" ڕاڤەدەکا. (Gottfried Leibniz) ی فەیلەسوف دەڵێ :" خۆشەویستی دڵخۆشی مرۆڤە بە بەختیار بوونی خەڵکانی ترەو." (١٣٣)جگە لە خۆشەویست رۆحەکانم دیوەکەی تری بریتییە لە سۆز و شعورێکی تایبەت بۆ شتێ بەدەر لە مرۆڤ، وەک خودا، یان نیشتمان یان گەردوون....هتد کە ناسراوە بە (Impersonal Love).

پرسیارە گەورەکە ئەوەیە ئایا کەریم دەشتی هەڵگرێ کام چەمکی خۆشەویستییە؟ بۆچوونەکانی تایبەتن بەخۆی یان زادەی بۆچوونەکانی جولەکەو کریستیان و ئیسلام و زەردەشت و ڕۆمان و گریکە کۆنەکانن. سەردەمانە تێدەڕوانێ یان کۆنەپەرستە یان خاوەن فەلسەفەیەکی خۆیەتی؟ ئەوەندەی بۆم هەڵکراوە خۆم وای بۆ دەچم کە داهێنانێکی ئاوا گەورە، کارێکی وا سادەو سانا نییە، ڕەنگ بێ عومرێکی درێژ لەوشەونخونی و پرس و موتاڵاکردن و تەئەمولات، چرۆی خونچەی گوڵێکی وا بپشکوێنێ. من وامەزەندە دەکەم ئەوەندەی ئەو خەریکی کێشانی وێنە هونەرییەکان بووە لەم بوارەدا ، هێندە مەشغولی گەڕان بەدوای نهێنییەکان و تەلەسمە ونەکانی خۆشەویستیدا نەبووە. . ئەو لە جیهانێکی یان حاڵەتێکی پڕ پەرادۆکس و ئاڵۆزاوی و پڕ ژان و سەرئێشە خۆشەویستی خۆی پەروردەکردوە. ئەمەش ئەوە ناگەێنی کە عەوداڵی ئاشنا بوون بە کۆدە سیحراویەکانی ئەو ڕازە نەبووە کەریم خۆی دەبێژێ:. " بەبێ هیچ دوو دڵێك ئەوە دەڵێم ، ئەوەی بە تەنها یەک وسي لە مەودای شیعر دەنووسی، بەشێک لە دیدگاو جیهانبینی ئاسای ژیانی ڕۆژانەی خۆی دەنووسێتەوە." (١٣٤)

ئەوەتا لە قەسیدەی ( تۆ بۆ ئەبەد تۆ) لە کۆپلەی هەشتدەمدا دەبێژێ:

***منیش وەک تۆ گیانم پڕ بووە لە نوور***

***زمانم پڕ بووە لە ئاواز***

***مەگەر سووتو سیفەتی ئاگر ناگرێ***

***یان عاشق ناچێتەوە سەر مەعشووق*** (١٣٥) ]

جگەلە شیکرنەوە فەلسەفی و ئاینییەکان، ئیمرۆ زانستی هەڵسەنگاندنی زیندەوەرزانی (Evolutionary biology) و ئەنترۆپۆلۆژی (Anthropology ) و زانستی دەمارناسی

(Neuroscience) و زیندەوارزانی  ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لە هەڵسەنگاندنی وەزیفە سروشتی و ڕۆحییەکانی خۆشەویستی. هەموو ئەو ئازارو میحنەت و ژانەی (شاعیران) لە ( خۆشەویستی) دا هەستی پێدەکەن ، زانستانە سەلمێندراوە کە وەک چۆن جگەرە مایبەی زۆر نەخۆشییە ، (خۆشەویستی) یش هۆکاری نەخۆشییەکانی ئەوانە. نەخۆشیٚ خۆشەویستی پێیدەگوتریٚ (Erotomania ).

کەریم دەشتی لێرەدا ڕێچکەی شاعیرە کلاسییکەکان دەشکێنیٚ. ئەوەتا حەزرەتی نالی دەڵیٚ:

***دەمێکە وا لەسەر پێیەک دەسووتێم***

***لە شەوقی تۆ بە مێثلی مۆم و هەر مان*** (١٣٦)

لە لای دەشتی ، ئەو خۆشەویسییەدی ئەو دوو ڕۆحەی پڕ کردوە لە نوورو ئەو دوو زمانەی پڕ کردوە لە ئاواز، بە شێوەیێک لە ناو یەکتردا  سووتاون ، کە ئاگرو سووتو بوون بە یەک توخم و هەڵگری سیفەتی یەکترن. ئەوش ناشارێتەوە کە ئەوی عاشق، بە گریٚ مەعشووقەوە هاتۆتە ناو نێلەنێلی ئەو ئاگرە.. جگە لە تێکهەڵکێشانە ڕۆحییەکە، داڕشتنی وێنە هونەریەکەش تێکهڵکێشانێکی مەجازی تێدایە کە ئیحای تێکهەڵکێشانە ڕۆحییەکەیە.

گیان X نوور

زمان X ئاواز

سووتو X ئاگر

وێنە پەڕادۆکسییەکەی دەشتی لەوەدایە کە گیانی پڕ نەکردوە لە خامۆشی و زمانی پڕ نەکردوە لە  هاوارو نالە ناڵ. بە پێچەوانەوە ئەو بە ( نوور + ئاواز) ڕۆحی خۆشەویستەکان پڕ دەکا لە ڕوناکی و موحیبەت.

لە هەمان قەسیدەدا لە کۆپڵەی دەیەمیاندا دەڵیٚ:

***تۆ سافترین وێنەی ڕۆحی***

***بە هەزار ڕەنگ بۆ ناو سینەی من دێیتەوە***

***تۆ پرساری ئەبەدی منی***

***بە هەزار دەنگ وەڵامی دەدەیتەوە.*** (١٣٧)

(نالی) یش دەڵیٚ:

***یەک ڕەنگم و بیٚ ڕەنگم و ڕەنگین بە هەموو ڕەنگ***

***بەم ڕەنگە دەبێ ڕەنگ ڕێژی عیشقی حەقیقی.*** (١٣٨)

محمدی مەلا کریم دەربارەی ئەم بەیتە وا دەنووسی: " خۆشەویستی ڕاستەقینە دەبێ بەم جۆرە ڕەنگی بۆ برێژرێ کە من بۆم ڕشتووە، یاخود خودا، کە ڕەنگرێژی عەشقی ڕاستەقینەیە ئەبێ بەم جۆرە بکا." (١٣٩)

کەریم دەشتی، دەستەوەستانە، لە پێناسەکردنی ( ئەو خۆشەویستییەی) کە لە ناخی خۆیدا وجودی هەیە. هەرچەند بە هەزار دەنگ وەڵام وەردەگرێتەوەو بەڵام هیچیان نیشانەی مەبەست ناپێکن. ناجار پەنای بۆ دەستەواژەی ( وێنەی رۆحی ) هێناوە، کە نە بە ئەو نە بە پەیامگر بەرجەستە نابێ. ، ( هەزار ڕەنگ) ئاماژەیە بۆ عەبەسیەت و تەجریدی وێنەکە کە بە چەندان هەزار هەزار ڕەنگی ئیزافیشا نیگاری مەقسوودی پێ ناکێشرێ! بڕوانە، شاعیر سێ جار وشەی (من ) و چوار جار وشەی ( تۆ) – دوو جار راستەو خۆ، دوو جارانیش ناڕاستەوخۆ – بەکارهێناوە. بە مەبەستی لێکبەستنی ئەو جووتە رۆحەی کە لە فەلەکێکی دوورەدەستی تەمومژاوی پڕ لە نهێنی و غەیب دا دەخولێنەوە. ڕەنگ بێ هەر شاعیر بێ کە بتوانێ ، بە ئەندیشەی بێتەیمانی خۆی ( وێنەی رۆح) و شێوازی ( پرسیاری ئەبەدی) خۆشەویستەی ، لە ڕەنگ و دەنگە خولقێنکراوەکانی سینەی خویدا –کە دوور نییە ئێمە نەمانبینی بن و نەشمانبیست بن - نیگارکێش بکات. دەکرێ ئەو لە هەر ڕەنگێ نیگارێک و لە هەر دەنگێ ئاوازێ سازبکات. دەبێ شاعیر لێرەدا بەدمەست بێ و پەنا بۆ بنەما سیحراویەکانی وشە ببات بەو مەرامەی لە کامی خۆشەویستی باشتر تێبگا. ئەوانەی دەتوانن لە ئاسمانی شیعرەکانی کەریم دەشتیدا باڵەفڕێ لێبدەن ، تێدەگەن کە ئەو –شاعیرێکی عاشقە –یان – عاشقێکی شاعیرە - زەحمەتە قەسیدەیێک لە کۆ بەرهەمەکەی وەگیر کەوێ خاڵێ بێ لە خۆشەویستی، جا لە هەر سونگەیەکەوە تۆ تێیدەڕوانی ، ئەوەیان هەڵبژاردەی خۆتە!

### نائومێدی لە دەنگەکاندا (Disappointment in the Sounds )

ئەگەر تێڕوانینی پێشینان بۆ نائومێدی ، کۆچی خەونەکان و زێندەبەچاڵکردنی ئاواتەکان و و ساتمەکردنی هەنگاوەکان و داروخانی پلانەکان بوو بێ ، ئەوا زانستی سایکۆلۆژیای سەردەم نائومێدی بە هۆکارو فاکتەرو وەدەستهێنەری ئامانجەکان دادەنێ و بە هاندەر و مسۆگەرکەری سەرکەوتنی ئەژماردەکات.

( Martin Luther King) دەڵێت: " نائومێد بوونی گەورە کاریگەر نابێ ، بەبێ وجودی خۆشەویستی گەورەو کاریگەر." (١٤٠) بۆیە کە سۆز و خۆشەویستیت بۆ کەسێ یان شتێ لاواز بێ ، لە گچکەترین ڕووبەڕووبوونەوەدا ،یەکسەر هەست بە تێکشکان و نائومێدی دەکەی ، نائومێدی هەمیشە لە ناو ئەو دڵانە حزوری هەیە ، کە خۆشەویستیی گەروەیان تێدانیە! چەمکی نائومێدی، پۆزەتیڤانە مرۆڤ دەجولێنێ، کاتێ ئەوان هەرگیز قانع و ڕازی نابن بە دەستکەوتەکانیان ، هەمیشە لە دوای ئەو گردۆلکەیە گردێکی بەرزتر هەیە

دەبێ هەنگاوی بۆ هەڵگیرێت. کەواتە بوونی خەونێکی گەورەترو خەیاڵێکی سنوورکراوەترو هزرێکی ئەقڵانی تر داهێنەری ( نائومێدین ) بە واتایەی هاندەری کاری گەورەو داهێنەرانەن!

دەنگی نائومێدی – بە مانا سایکۆلۆژیەکەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا - زرینگانەوەیەکی بەهێزی هەیە لە کۆ بەرکەمەکەی دەشتی دا. ئەویش لەودیوی سنووری ڕەشبینی و تاریکی و پەشێوی دەنگدەداتەوە. بە ئومێدکردنی نائومێدی و دروستکردنەوەی ژیان لە مردن و گوڵ لە بیاباندا ، کارێکی زەحمەت وئەستەمە بە قەڵەمێ بکرێ داهێنەر و خەلاق نەبێ! دەشتی لە نۆیەمین کۆپلەی ( تۆ بۆ ئەبەد تۆ ) دەڵێ:

***هەمیشە کە بەرەو تۆ دێم***

***نەی دوا وانە و دوا کەمەندم***


***تەنها و تەنها من یەک چارەنووس شک دەبەم***


***ئەویش مەرگ و فەنا بوونە***

***بەڵام هەمد یس ناچارم بێم*** (١٤٢)

[کەمەند: ( کەمەن ) پەتی درێژ بۆ گرتنەوەو بەستنی ڕاکردو. کەمەندکێش: بریتی لەعاشق بوونی شێخی تەریقەت یان کچی جوان.] (١٤٣)

کۆپلەیەکی داخراو بە ( دێم ) دەستپێدەکاو بە ( بێم) کۆتای دێ، پڕە لە جوولەو هەنگاو و پەرۆشی. ناهێلێ پەیامگر دڵپەست بێ بە دەستەواژەی ( یەک چارەنووس / مەرگ و فەنابوون ) ئەو یەکسەر بیرۆکەی ( نائومێدی ) ئاوەژوودەکاتەوەو بە ( بەڵام ! دێم! ) کە ئەو پەڕی تەحداو پێشمەرگایەتی و فیداکاری تێدایە، هەر بە ئومیدی نائومێد کردنی نائومێدیەکان ! نەء ئەو تەسلیمی ( مەرگ و فەنا بوون ) نەبووە، خۆ هەموو کەسیش ناوێری بڵێ ( بەڵام!) سەیری شیکاری ئەم هێڵکاریە بکە:






لە قەسیدەی (بیابان) دا دەنووسی:

***بیابانە هەمیشە بیابان***

***بۆ من خاشبوونی ئێسقانە***

***پەنجەرەیکە دەڕوانێتە دۆزەخەوە***

***ڕیگەیێکی داخراوە، مەرگاوێزە***

***وەکو ئەکتەرێکی گەرم دەوری بێ دەوری دەگێرم***

***وەکو ئەو سوارەمەستانەی***


***ساتێ مردوون ساتێ خەیامێکی ڕەندن***

***هەموو شتێ لەم لمەدا ڕوودەچێت و دەتوێتەوە***

***تەنها لولاقی تەقەلای دڵم نەبێ*** (١٤٤)

جوان بڕوانن ، لەم کۆپلە سێ و نۆ وشەیەدا ، پانزدە وشە ڕەنگ و دەنگی نائومێدیان پێوە دیارە، وەک کۆپلخ شاعیر کوپە ئاوی نائومێدی خۆی لەسەر داناوەو بە جامی وێنەو ئەندیشە، فرِ فرِ ئێمەی تینوو سەقاییدەکا: (بیابانە ، بیابان ، خاشبوونی ، ئێسقان ، دۆزەخ ، داخراو ، مەرگاوێزە ، دەوری بێدەوری ، مەستانە ، ساتێ ، مردوون ، لم ، روو دەچیت ، دەتوینەوە ، تەنها)– ئەوە جگە لەو وشانەی مانای (ژمارە یەک) هەڵدەگرن و تەنیای و بێکەسی نیشان دەدەن وەک : پەنجەرەیەک ، ڕیگەیەک ، ئەکتەرێک - ئەو هەموو وشە پڕ واتایانەی نائومێدی وەک کەڵەکەبەردی بن کۆڵکراو بە دوو وشەی ئومیدبەخش: (دڵ و تەقلا) دادەڕمێن و دادەروخێن !

دەنگی بیستراوی ترپەی (دڵ) و خشپەی (پێ) زۆر بەهێزترن لە کۆ دەنگی نائومێدیەکان ، لە دەنگی (بیابان)ەوە بیگرە تا دەگەیتە دەنگی (تەنها). بڕوانە دەنگدانەوی دەنگی ئومێدو هیوا لە دڵی شاعیردا:




" پێشەوەچوونی زمان بە دوور نییە لە پێشەوەچوونی شارستانێتی هیچ هزەێکیش لە دەرەوەی زماندا بوونی نییە." (١٤٥) دروەستکردنی هزری ماقول لە ناماقول و ، پێچەوانەکەی ، زۆرجار ماناو گاریگەری چەمکەکان ئاوەژوودەکاتەوە ، وەک لەم نموونانەی کەریم دەشتیدا بینیمان نۆیە مامۆستا کەمال غەمبار دەڵێ: " نووسەر بەر لە هەموو کەسێ پێویستی بە خۆ گۆڕین و خۆ تازەلەدنەوە هەیە. هەرگیز گۆڕانی ڕێبازی هزری نووسین و وەرگرتنی زانیاری نوێ و نووسین بە عەقلێکی کراوەی والا بۆی نابێتە مایەیی تیرو توانج تێگرتن، خوێندنەوەش کلیلی کەسایەتی رۆشنبیرە. ". (١٤٦)

## ئە نجامی لێکۆڵینەوەکە ( The Conclusion)

- کاریگەری دەنگ هاوتەریبە بە کاریگەری ڕەنگ و هێندێ جاریش لە پێشترە.
- هەستی بیستن کۆڵەگەیەکی ئەستوری تێگەیشتنەو زۆر جارانیش لە هەستی بینین زەروریترە.
- شاعیر گوێچکەیەکی هەسیاری باشی هەیەو سەرکەوتوانە دەنگی لە شیعردا تەوزیفکردوە.
- شاعیر تەواو بە ئاگایە لە بەهای و ڕۆڵی ئاوازو مۆزیک لە شیعردا.

- پەیامگر بە دەنگ ئاشنا دەکاتەوەو، بە کردنەوەی هێندێ لە گرێ ئالۆزەکانی دەنگ ، چێژی شیعری خۆشتری پێدەبەخشێ.

- رۆشنبیری رەخنەی تازە و ڕێبازی رەخنەی سەردەمیانەی بۆ پەیامگری هەواداری شیعرو ئەدەب و هونەر دەخاتە ڕوو.

- هەوڵێکە بۆ ڕاگوێزانەوەی مەبەستی ڕەخنە ، لە تەشهیرکردن و لێدان بۆ گەڕان بەداوی بەها جوانەکانی ئەدەب و هونەر و هاندانی ئەدیب و هونەرمەندان بۆ شاکاری مەزنتر.

# پـەراوێـزەکان

(١) نالی (دیوان) . ل: ٥٨٥

(٢) عنان غزوان (د.) . ل : ٢١

(٣) فوئاد ڕەشید (د.). ل: ٣٣

(٤) جیۆیرو جێکیتسن. ل: ٩٩

(٥) هەمان سەرچاوە. ل:٩٩

(٦) هەمان سەرچاوە. ل: ١٠٠

(٧) هەمان سەرچاوە. ل: ١٠٥

(٨) هەژار. هەنبانە بۆرینە. ل: ٣٢٩

(٩) ماڵپەڕی 55a.net

(١٠) BBC . R. Station

(١١) ماڵپەڕی 55a.net

(١٢) قورئانی پیرۆز. یس ٢٩

(١٣) قورئانی پیرۆز. عبس ٣٣

(١٤) ماڵپەڕی /wiki/Paralanguage

(١٥) نووسەری نوێ. ژ :٤٥. ل: ٢٩

(١٦) of language /wiki/origion

(١٧) غازی فاتیح وەیس. فۆنەتیک. ل: ١١

(١٨) of language/wiki/origion

(١٩) عەلاالدین سجادی. مێژووی ئەدەبی کوردی. ل: ٧٣

(٢٠) زمانناس ژ ١١ ل : ١٠٩

(٢١) wiki/Paralanguage

(٢٢) هاوژین سلێوە عیسا . ل: ٢١٢

(٢٣) فواد رشید. ل: ٢٨

(٢٤) حەمە مەنتک دەنگەکان http://www.dengekan.info/dengekan/6/12169.html

(٢٥) گۆڤاری ڕامان .ژ.: ١٥٨

(٢٦) هیمداد حەسین . ل: ٧٧

(٢٧) ڕۆژنامەی هەولێر. ژ: ١١٨٨

(٢٨) ڕۆژنامەی هەولێر. ژ ١٢٢٠ لە/ ٢٠ / ١٢ / ٢٠١١ ل: ١٨

(٢٩) Charles E. Bressler. P.126

(٣٠) ئەحمەد مەلا. ل: ٦٥

(٣١) کەریم دەشتی / درەختی درەوشانەوە. ڵ: ١١٠

(٣٢) مەحوی (دیوان) ل: ٣٥

(٣٣) Neil Mercer. P.5

(٣٤) قورئانی پیرۆز. القصص

(٣٥) ) شەهید کەولۆسی http://www.dengekan.info/dengekan/6/2015.html

(٣٦) کەریم دەشتی / ( کتێبی پیرۆزی عاشقان. ڵ: ٢٤٩

(٣٧) نالی (دیوان) . ل: ٧٠٢

.(٣٨) X.J. Kennsdy P. 359

( ٣٩) کەریم دەشتی / درەختی خامۆش. ل: ٩٨

(٤٠) قورئانی پیرۆز. النمل ٢٣

(٤١) حەمدی (دیوان). ل:

(٤٢) کەریم دەشتی/ کتێبی ئاو . ل: ٩٢

(٤٣) ڕامان ژ ١٥٨. ل: ٥٧

(٤٤) کەریم دەشتی/ کتێبی نەی ل: ٣٤

(٤٥) هەژار/ هەنبانە بۆرینە. ل: ٦٧٠

(٤٦) ڕامان ژ: ١٥٩ ل: ٥٧

(٤٧) کەریم دەشتی/ کتێبی ئاو . ل: ١١٩

(٤٨) کەریم دەشتی/ پیانوی رۆژهەڵات و . ل: ٣٩٥

(٤٩) هێمن / نالەی جودایی ل: ٢٢

(٥٠) کەریم دەشتی / کتێبی نەی / باز ک.٢٥

(٥١) هاوژین سلێوە عیسا / وێنەی هونەری. ل:

(٥٢) هەژار/ هەنبانە بۆرینە .ل: ٤٦

(٥٣) کەریم دەشتی/ درەختی درەوشانەوە .ل: ٦٧

(٥٤) گۆڤاری ئەکادیمی ژ: ١٩ . ل: ٥٦

(٥٥)University of Chicago press 2010 p.151

(٥٦) کەریم دەشتی / کتێنی نەی . ل:

(٥٧) نووسەری نوێ ژ. ٥٨ ل: ٦٦

(٥٨) کەریم دەشتی / کتێبی نەی.ل:٢١

(٥٩) هاوژی٦ن سلێوه٣ عیسا/ وێنەی هونەری . ل: ٦٦

(٦٠) هەمان سەرچاوە .ل: ٨٢

(٦١)[http://en.wikipedia.org/wiki/John_Hersey](http://en.wikipedia.org/wiki/John_Hersey)

(٦٢)[http://www.uthegurn.com/fun-science-how-many-megalbytes-in-the-human-body](http://www.uthegurn.com/fun-science-how-many-megalbytes-in-the-human-body)

(٦٣) گۆران (دیوان) . ل: ٧٧

(٦٤) کەریم دەشتی / تۆ لە هەموو شوێنێکی تۆ . ل: ١٢٦

(٦٥) کەریم دەشتی / دەرەختی خامۆش . ل: ١٠٨

(٦٦) کەریم دەشتی / پیانۆی رۆژهەلات و . ل : ٧٦

(٦٧) عبدالواحد الوافی (د.) زانستی زمان وەرگێران. ل: ٥٠

(٦٨)[Philosophy of religion - Wikipedia, the free encyclopedia]

(٦٩) کەریم دەشتی / کتێنی ئاو . ل: ٦٤

(٧٠) قورئانی پیرۆز / فصلت (٣٥)

(٧١) ئەکمەد مەلا / شیعر تەنیا بنەمایە . ل ٥٣

(٧٢) کەریم دەرشتی / درەختی خامۆشی . ل: ٥٢

(٧٣) فوئاد رشید. ل : ٢٦

(٧٤)[http://en.wikipedia.org/wiki/Question//cite_note5](http://en.wikipedia.org/wiki/Question//cite_note5)

(٧٥) هیمداد حسین(د) . ل: ٨٧

(٧٦) کەریم دەشتی / رۆژهەلات و .ل: ٣٦٧

(٧٧) گۆڤاری ڕامان ژ؛ ١٠٩ . ل: ٢٠٨

(٧٨) کەریم دەشتی / کتێبی نەی . ل: ٦٠

(٧٩) کەریم دەشتی / تۆ لە هەموو شوێنێکی تۆ . ل : ١١٤

(٨٠) کەریم دەشتی / کتێبی نەی . ل: ٥٠

(٨١) کەریم دەشتی / کتێبی ئاو . ل : ٢٠

(٨٢) کەریم دەشتی / کتێبی پیرۆزی عاشقان . ل: ٣٩

(٨٣) کەریم دەشتی / یۆ لە هەموو شوێنێکی تۆ . ل : ٤٥

(٨٤) بەختیار عەلی [http://archive.awene.com/DirejeyGoshe.aspx?Jimare=1129](http://archive.awene.com/DirejeyGoshe.aspx?Jimare=1129)

(٨٥) کەریم دەشتی / کتێبی پیرۆزی عاشقان . ل:١٦١

(٨٦)[http://en.wikipedia.org/wiki/Question//cite_note5](http://en.wikipedia.org/wiki/Question//cite_note5)

(٨٧) هاوژین سلێوە عیسا / وێنەی هونەری . ل : ٤٩

(٨٨) کەریم دەشتی ب/ کتێنی نەی . ل: ١٨٦
(٨٩) کەریم دەشتی / کتێبی پیرۆزی عاشقان . ل:١٦١
(٩٠) کەریم دەشتی / کتێنی نەی . ل: ١٨٥
(٩١) کەریم دەشتی / تۆ لە هەموو شوێنێکی بتۆ . کۆپلەی ٢٣ کەلیسای ئاو
(٩٢) کەریم دەشتی /کتێبی پیرۆزی عاشقان . ل:٢٢٣
(٩٣) هەژار / هەنبانە بۆرینە. ل: ٢٢٦/ ٣٨٣
(٩٤) هاوژین سلێوە عیسا . بونیادی وێنەی هونەری . ل: ١١٥
(٩٥) http://en.wikipedia.org/wiki/Sublime_(literary)
(٩٦) ئەحمەد مەلا / شیعر تەنیا بنەمایە . ل: ٦٠
(٩٧) کەریم دەشتی / کتێبی عاشقان . ل: ١٤٢
(٩٨) کەریم دەشتی / کتێبی نەی . ل: ٧٤
(٩٩) هەژار / هەنبانە بۆرینە .ل: ١٦٣
Alberto Manguel, A History of reading, Flamingo, 1997.P. 258(١٠٠)
(١٠١) کەریم دەشتی / کتێبی نەی . ل:١٢٢
(١٠٢) کەریم درشتی / کتێبی نەی . ل: ١١٢
(١٠٣)_عبدالقادر حمدامین (د). ل: ١٩٢
(١٠٤) هەمان سەرچاوە. ل: ١٥
(١٠٥) هەمان سەرچاوە .ڵ: ١٨٧
(١٠٦) وریا عومەر ئەمین (پ.ی.). ل: ١٦
(١٠٧) کەریم دەشتی / کتێبی نەی . ل: ٢٤
(١٠٨) رزگار کریم / فەرهەنگی عەرەبی- کوردی .ل: ٢٢٠
(١٠٩) کەریم دەشتی /
(١١٠) هەژار / هەنبامەبۆرینە . ل: ٣٨١
(١١١) ویدووسن.ه.د. پرۆفیسۆر و. هۆشەنگ فاروق (د) .ل: ٣٥
(١١٢) هەژار / هەنبانەبۆرینە . ل: ٣٨١
(١١٣) کەریم دەشتی / کتێبی ئاو . ل: ٩٥
(١١٤) هەژار / هەنبانەبۆرینە . ل: ٥٦٢
(١١٥) کەریم دەشتی / کتێبی بئاو . ل: ٩٥
(١١٦) کەریم دەشتی / کتێبی نەی . ل: ١٦١

(١١٧) هەژار / هەنبانەبۆرینە . ل: ٦٠١

(١١٨) گۆڤاری ئەکادیمی ژ . ١٩ ل: ٨٢

(١١٩) کەریم دەشتی / پیانۆی رۆژهەلات و .ل: ٢٢٥

(١٢٠) شاهۆ سعید سالح . ص. ١٠٦

(١٢١) کەریم دەشتی / کتێبی نەی . ل: ٣٤

(١٢٢) عبدالقادر حمدامین (د). ل ١٦

(١٢٣) وریا عومەر ئەمین (پ.ی.). ل: ٢٨٩

(١٢٤) ئەحمەد مەلا . ل: ٥٣

(١٢٥) کەریم دەشتی / کتێبی پیرۆزی عاشقان . ل: ١٩٥

(١٢٦) کەریم دەشتی / ک. درەختی خامۆش .

(١٢٧) عبد الوافی (د.) ص .٤٨

(١٢٨) کەریم دەشتی / ک. رۆژهەلات و ئەوانی تر .ل: ٢٤٤

(١٢٩) گۆڤاری ئەکادیمی ژ ١٤. ل: ١٥

(١٣٠)رۆژنامەی هەولیر ١١٨٨ ل ١٦{

(١٣١) کەریم دەشتی / درەختی خامۆشی . ل: ١٩

(١٣٢) فوئاد رشید (د) .ل: ٣٨

(١٣٣) **Charles E. Bressler, Literary Criticism, 4th Edition, Person Hall, 2007**

(١٣٤)رۆژنامەی هەولیر ١١٨٨ ل ١٦{

(١٣٥) کەریم دەشتی / درەختی درەوشانەوە . ل: ٣٧

(١٢٦) نالی (دیوان) ل:٢٦٣

(١٣٧)کەریم دەشتی / درەختی درەوشانەوە . ل: ٣٧

(١٣٨) نالی (دیوان) ل: ٦٥٥

(١٣٩) هەمان سەرچاوە . ل: ٦٥٥-٦٥٦

(١٤٠) http://en.wikipedia.org/wiki/Martin_Luther_King,_Jr

(١٤١)کەریم دەشتی / درەختی خامۆشی . ل: ٣٨

(١٤٣) هەژار / هەنبانەبۆرینە . ل: ٦٦٩

(١٤٤) کەریم دەشتی / ک. نەی . ل: ١٨٣

(١٤٥) گۆڤاری ڕامان ژ.١٥٩ ل: ٢٠٨

(١٤٦) کەمال غەمبار / بەرەو جیهانی شیعری چەند شاعیرێک . ل: ٤

## سەرچاوەکان

**قۆرئانی پیرۆز**

**١. کوردی**

**ا. کتێب**

- نالی ( دیوان) مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عندالکریم. چ ٤، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغدا ، .١٩٧٦

- کەمال غەمبار بەرەو جیهانی شیعری چەند شاعێرێک. چ ١.دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس. هەولێر، ٢٠٠٨.

- هاوژین سلێوە عیسا، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا، چ ١، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی، ٢٠٠٩.

- علاالدین سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چ ١، چاپخانەی معارف، بەغدا ، ١٩٥٢.

- مارف خەزنەدا (د.) ، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب ٤ دەزگای چاپ و بڵاوکەدنەوەی ئاراس. هەولێر، ٢٠٠٤.

- کەریم دەشتی ، درەختی خامۆش ،چ ١ ، چاپخانەی شەهاب ، هەولێر ٢٠١١.

- کەریم دەشتی ، کتێبی پیرۆزی عاشقان، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.

- کەریم دەشتی، کتێبی ئاو، چ١، چاپخانەی موکریان، هەولێر ، ٢٠٠٩ .

- کەریم دەشتی ، درەختی درەوشانەوە، چ١، چاپخانەی شەهاب ، هەولێر ٢٠١١.

- کەریم دەشتی ، پیانۆی ڕۆژهەڵات و ئەوانی تر، چ١، دەزگای٦ چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس. هەولێر ج، ٢٠٠٤.

- کەریم دەشتی ، تۆ لە هەموو شوێنێکی تۆ ، چ١، چاپخانەی کەمال ، سلێمانی ، ٢٠١٠.

- کەریم دەشتی ، کتێبی نەی چ١، چاپخانەی موکریان، هەولێر ، ٢٠٠٩.

- هێمن ، ناڵەی جودایی، چ١، چاپخانەی علاء، بەغدا ، ١٩٧٩. –

- حەمە مەمنتك، سوریالیزم لە ئەردەبی نوێی کوردیدا، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١.

- فوئاد ڕەشید (د.)، دەقی ئەدەبی ئەدگار. چێژ. بەها، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.

- فوئاد ڕەشید (د.)، ڕووبەرێکی ڕەخنەی. چ١، چاپخانەی کارۆ،٢٠١١.

- هیمداد حوسێن (د.)، بزووتنەوەی ڕوانگە و شاعیرانی حەفتاو هەشتاکانی هەولێر، چ١، چاپخانەی کارو، کەرکوک ، ٢٠١١

- عبدالقاد حمدامین محمد (د.) کارنامەی لە دەقی نوێی کوردیدا، چ١، چاپخانەی تیشک، ٢٠٠٨.

ئەحەد مەلا ، شیعر تەنیا بنەمایە، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی بئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥.

هەژار ، هەنبانە بۆرینە، فەرهنگ کردی-فارسی، چاپخانەی سروش ، تەهران . ١٣٥٩ ف.

فیزیا، کتێبی پۆلی داونزدەهمی زانستی، بڵاوکراوەی کۆمپانیای جیۆیرو جێکتس ، لوبنان ، ٢٠١١.

-غازی فاتح وەیس ، فۆنەتیک، چ١. مطبعة ادین ١٩٨٤

- شکری عزیز الماضی (د.) و. سەردار ئەحمەد گەردی (پ.ی.د) یءوری ئەدەب.چ١. چاپخانەی ماردین ، هەولێر ٢٠١٠

- ویدووسن.ە.د. پرۆفیسۆر و. هۆشەنگ فاروق (د.) سەرەتایەک بۆ زمانەوانی.چ١. جاپخانەی خانی ، دهۆک، ٢٠٠٨

- عبدالواحد الوافی (د.) زانستی زمان وەرگێران د. ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم. چ١. هەولێر، بەرێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنیری ٢٠٠٦.

- مەحوی (دیوان) لێکۆڵینەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس و محمدی مەلا کەیم . چاپخانەی حسام. بەغدا. ١٩٨٤

-حەریق ( دیوان)

-گۆران (دیوان)

- فەرهەنگی دەریا، رزگار کەیم، ب ١ چ،١ چاپخانەی مەهارەت،٢٠٠٦.

وریا عومەر ئەمین (پ.ی.) ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بڵاوکراوەی ئاراس، چ ۲، هەولێر، ۲۰۰۹

**ب. گۆڤار**

- ئەکادیمی ، ژمارە ١٤، ٢٠.١٩.١٨.

- زمانناسی، ژ ٩،١٢

نووسەری نوێ،ژ ٥٤ ، ژ.٥٨

ڕامان . خولی سێیەم ، ٠ ژ. ١٥٨ ،١٥٩

**ج. نامە زانکۆییەکان**

- پەخشان عەلی ئەحمەد، شێوازی شیعری گۆران، ، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٧

**د. ڕۆژنامە**

- رۆژنامەی هەولێر ژ، ١١٨٨ لە ٢٠١١/١١/١٧

- ڕۆژنامەی هەولێر، ژ. ١٢٢٠، چونکە رەخنەش داهێنانە، د. عبدوڵلا ئاگرین. ٢٠/ ١٢/ ٢٠١١

**٢.عەرەبی**

**كتيب:**

- عنان غزوان (د.) مقال: اللسانيات و النقد الادبى. منشوارت اتحاد الكتاب العرب دمشق.٢٠٠٠

- - توماس .اى. سمؤث. الاسلوب فى الغة.

**رسائل الجامعية**

- شاهۆ سعيد سالح . دلالات البناء الايقاعى فى الشعر. كلية الاداب – جامعة السليمانية ١٩٩٩

***٣. ئینگلیزی***

- X. J. Kennedy / Dana Gioia, An Introduction to Poetry, 9th edition, Longman 1998.

- Neil Mercer, The Guided Construction of Knowledge, Multilingual matters LYD, 7th edition, Clevedon, .2008.

- Alberto Manguel, A History of reading, Flamingo, 1997

- Charles E. Bressler, Literary Criticism, 4th Edition, Person Prentice Hall, 2007

**٤. ئەنتەرنێت و ماڵپەڕ**

- http://en.wikipedia.org/wiki/Paralanguage
- http://www.dengekan.info/dengekan/6/12169.html
- http://www.dengekan.info/dengekan/6/12259.html
- http://www.dengekan.info/dengekan/6/2015.html
- http://www.dengekan.info/dengekan/6/12169.html
- http://archive.awene.com/DirejeyGoshe.aspx?Jimare=1129
- )http://en.wikipedia.org/wiki/Sublime_(literary
- http://en.wikipedia.org/wiki/John_Hersey
- of languagehttp://en.wikipedia.org/wiki/origion
- http://en.wikipedia.org/wiki/Question//cite_note5
- We Real Cool- Poets.org - Poetry, Poems, Bios & More
- - www.55a.netموسوعة الإعجاز العلمي للقرآن و السنة
- http://www.uthegurn.com/fun-science-how-many-megalbytes-in-the-human-body
- Philosophy of religion - Wikipedia, the free encyclopedia
- Enjoy the Silence - Wikipedia, the free encyclopedia
- http://en.wikipedia.org/wiki/Music_psychology
- http://en.wikipedia.org/wiki/Martin_Luther_King,_Jr
- BBC

- **سوپاس : بۆ (ئارام سالح) رۆژنامەوان و شاعیر  بۆ پێداچوونەوەی ڕێنووس.**

## ملخص البحث

### "الصوت" فى شعر " كريم دشتى"

تبحث هذه الدراسة ظاهرة الصوتية فى اشعار الشاعر الكردى المعاصر (كريم دشتى). يتكون البحث من خمسة فصول ماعدا المقدمة و اهداف الدراسة و منهج البحث و النتائج.

المحور الاول يتناول ظاهرة الصوتية و ماهية الصوت تحت عناوين الصوت البشرى والاصوات الطبيعية و الاصوات الشيئية و الاصوات المجازية ، ثم يتطرق الى ظاهرة الصوت فى اللغة و الادب و الفنون.

فى المحور الثانى يدخل الباحث فى صميم الدراسة مفسرا و محللا و ناقدا للاثر الصوتى فى قصائد الشاعر معللا بالنماذج الشعرية و الصور البيانية تحت العناوين التالية: صوت الحنجرة الشاعر، اصوات ذوات اللسان ، اصوات الذوات الا لسانية ، الاصوات الغير المسموعة و الاصوات المكتومة و الصوت الاله والاصوات الاستفهامية و صدى الاصوات و اخيرا لغة الصمت.

المحور الثالث مخصص لابعاد الاصوات الشعرى عند كريم دشتى متناولا البعد الفضائى الكونى والبعد الزمنى و البعد الاستعادى محللا و موضحا بالامثلة الشعرية.

اما المحور الرابع يعرف القراء بالنبوية الصوتية و جمالية الاصوات بنوعيها الاصوات الداخلية و الاصوات الخارجية للنصوص الشعرية.

يحمل المحور الخامس عنوان " التحليل النفسى للاصوات" ويتصدى للبعد الانسانى فى صوت الشاعر و البعد العاطفى و البعد الاحباطى .

## *Abstract*

### *Sounds in the Kareem Dashti's Poems*

This study covers the phenomenon of the sounds in the poetry of the contemporary Kurdish poet "Kareem Dashti". In addition to the preface, the goals, the method of the research and the conclusion, the study is classified into five chapters.

Chapter One consists of five syllabuses: the phenomenon of the sounds, Which sounds (human being's sounds, the nature's sounds, the abstract sounds, the metaphorical sounds), and the role of the sounds in the linguistics, literature and arts.

Chapter Two, the core of the study, explains, analyzes, and criticises the texts under these subtitles: The poet's larynx sounds, the tongued creature's sounds, the tongueless creatures' sounds, the inaudible sounds, the strangled sounds, the Sound of God, the sounds of inquiry, the echo of the sounds and the sound of the silence.

Chapter Three is devoted to study the Sound dimensions referring to the space dimension of the poetic sounds, Phase dimension and memorial dimension of the poems.

Chapter Four analyses the sound structures and the poetic aesthetics in them, analyzing extracted texts.

While Chapter five is a psychological study of poet's sounds. It covers three areas: The Human Dimension, the Lyrical Dimension and the Desperate Dimension.